مهسا طایع

# ئازارەکانی کچێک



چاپی هەشتەم

وەرگێڕانی:
کامیل محەمەد - هێمن شەریف

Scanned by CamScanner




Scanned by CamScanner

# نازارەکانی کچێک

Scanned by CamScanner

بلاوکراوەی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا
زنجیرەی ١٠٠
ناونیشان / سلێمانی   سەرەتای شەقامی مەولەوی   بەرامبەر پالاس
مۆبایل ئاسیا ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧   سانا ٠٧٥٠١١٢٨٢٨٨
chrachra٨٥@yahoo.comEmil:
Facebook: chapxanaichwarchra

نرخی (٣٥٠٠) دینارە

Scanned by CamScanner

# ئازارەکانی کچێك

نووسینی: مەهسا طایع

وەرگێڕانی: هێمن شەریف و کامیل محەمەد

Scanned by CamScanner

## پێناسی کتێب

ناوی کتێب: ئازارەکانی کچێك

نووسینی: مەهسا طایع

بابەت: ڕۆمان

وەرگێرانی: هێمن شەریف و کامیل محەمەد

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

تیراژ: ١٠٠٠دانە

ژمارەی سپاردنی (٩٤١) ساڵی ٢٠٠٦ ی پێدراوە.

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

مـن خـۆم وام، رەنگـە ئێـوەش وابـن، هـەرکات رۆمانێـک دەخوێنمـەوە یـان تەماشای فیلمێک دەکـەم، هەمیشە بـەدوای ئـەوەدا دەگـەڕێم، بـزانم تـا چ رادەیەک نووسەر یان دەرهێنەر لەگەڵ ئازارەکاندا تێکەڵاو بووە، یان چەند توانیویـەتی ئازارەکـانی گـەڵ هەسـت پێبکـات، بۆیـە دەڵـێم خـەم چـونکە واهەستەکەم ئێمـەی رۆژهـەڵاتی ئەوەنـدەی لەخەمـدا ژیـاوین نیـو ئەوەنـدە هەست بە خۆشییەکان ناکەین، هەروەک لەسەرەتاوە بەخەم گۆش کرابین، ئەمـەش وایکـردوە بـەردەوام بـیر لەخـەمو ئازار بکەینـەوە، هەمیشە چێژ لـە رۆمانو فیلمە خەم ئامێزەکان وەرگرین، چونکە بەردەوام وا هەست دەکەین خۆمان پاڵەوانی چیرۆکەکەینو ئەو کێشانەی دێتە پێش پاڵـەوانی چیرۆکەکە هەموو بەسەر خۆماندا دێت.

گـەر زۆر زیـادەڕەویم نـەکردبێ دەڵـێم "ئێمـەی رۆژهـەڵاتی هـیچ کـات وەکـو پێویست خۆشیمان نـەدیوە یـان باشـترە بڵـێم هەستمان پێنـەکردوە، چـونکە بـەردەوام لـەژێر بەرداشـی یاسـا دەسـتکردە قێزەونـەکانو سـەرکردەی نەخوێنـدەوارو خۆپەرسـت هـاڕاوین "هـەر ئەمەشـە وایکـردوە چـێژ لـە ژیـان نەبـەینو بـەردەوام بەشـوێن خـەمئامێزدا وێـڵ بـینو وائـەزانین کلۆکـۆی دەرونمانو تەسکینی دڵمان بەخەم ئەشکێ.

بۆیە کاتێ رۆمانی (ئازارەکانی کچێکم) بەرچاوکەوتو خوێندمەوە هەستمکرد بەشێکی زۆر لـەئازارەکانی ئێمـەی تێدایـە، بۆیـە پێـشنیازم کـرد بـە هـاوڕێی خۆشەویـستم کـاک (هـێمن شـەریف) بـۆ وەرگێڕانـی کتێبەکـە، ئـەویش دوای خوێندنەوەی پەرتوکەکە رازی بوو پێکەوە وەری بگێڕینە سەر زمانی شیرینی کوردی.

وەرگێڕانەکـەش بـەم جـۆرە بـوو: لەسـەرەتای رۆمانەکـەوە تـا بەشـی شەشـەم بەنـدە وەری گێـڕاوە، لەبەشـی حەوتـەم تـا کۆتـایی رۆمانەکـە (هـێمن) وەری گێـڕاوە، ئومێـد دەکـەم توانیبێتمـان کـەمێک لـەئازارەکانی ئێوەمـان کـەم کردبێتەوە، خزمەتێکمان بەزمانی کوردیو کتێبخانە شیرینەکەی کردبێ.

کامیل محەمەد

# ١

روناکی مانگ، ناو ژوورەکەی روناك کردبووەوە، جوانیی سەرنج راکێشەری مانگ پەروانەی بۆ لای پەنجەرەکە پەلکێش کرد، ئەو چەند ساتێ بەتێرامانەوە وەستا، لەگەڵ ئەو گوزە کاریگەرەی بەر ئەو کەوتبوو، هۆش و بیری شێواندبوو، پاشان بالأی بەرزی باوکی بینی کە لەدەرگاکەوە دەرکەوت، زەردەخەنەیەکی بۆ کردو ئەوی بانگ کرد تا دابنیشێ.

ئاغای ئیمانی کە ئێستا کچەکەی لەبەرانبەری دانیشتبوو، حەیران بوو. پەروانە باش لەیزانی باوکی بۆچی هاتۆتە ژوورەکەی، سەری دانەواندو خۆی سەرگەرمکرد بەدامێنی کراسەکەیەوە، ئاغای ئیمانی بێدەنگی شکاندو لەکاتێکدا شێوازێکی لەسەرخۆی بەقسەکانی دابوو، وتی:

- کچەکەم سەرئەنجام بڕیارت دا یان نە؟ تاکاتێ من و دایکت لە لایەن تۆوە خەیاڵمان ئاسودە نەبێ ناتوانین بڕۆین بۆ هۆڵەند.

پەروانە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك و روویکردە باوکی و وتی:

Scanned by CamScanner

- بەڵام باوكە، من لەدوای مەرگی سەعید، بیرم لەهیچ پیاوێكی تر نەكردۆتەوە، ناتوانم هیچ پیاوێكی دی لەجێی ئەو دابنێم.

ئاغای ئیمانی جگەرەیەكی لە گیرفانی دەرهێناو نای بە گۆشەیەكی دەمیەوە وتی:

- ئەزانم زۆر دژوارە بۆت، هەموومان لەپەیوەندی تۆو سەعید ئاگادارین، تۆ چوار ساڵە لە گۆشەی ئەم ژوورە دانیشتویتو فرمێسك ئەڕێژیت، بەڵام ئاخری بوو بەچی؟ تۆ هێشتا لاوی.، صەنەم باوكی ئەوێ، بەڵام گەر درەنگ بكەویو تەمەنی بچێتە سەرەوە بوونی غەریبەیەك زۆر بە سەختی ئەتوانێ تامولێ بكات.

پەروانە بەدەستەكانی مووەكانی سەر دەموچاوی لاداو وتی:

- بابەگیان تۆ دڵنیابە كە صەنەم...!

پەروانە نەیتوانی زیاتر بەردەوام بێ، دووبارە بێ دەنگ بوو ئاغای ئیمانی ئاهێكی كێشاو وتی:

- كچەكەم باش بیربكەرەوە، بزانە لەو سێ داواكارە، كامیان ئەتوانێ مێردێكی باش بێ بۆ تۆو باوكێكی میهرەبانیش بێ بۆ صەنەم!

ئەمەی وتو پەروانەی بەدنیایەك لە خەمو خەفەتەوە بەجێ هێشت.

* * * * *

پەروانە پێش لە هەشت ساڵ كاتێ تەمەنی لە نۆزدە ساڵ زیاتر نەبوو، عاشقانە لەسەر سفرەی هاوسەرێتی دانیشت.

ئەو لەگەڵ كوڕە مامەكەیدا پەیوەندییان زۆر بەهێز بوو، ژیانی ئەوان خەیاڵی بوو، بۆیە ژیان بۆ هەردووكیان ڕەنگو ڕوویەكی ڕاستی لەخۆ گرتبوو.

Scanned by CamScanner

پەروانە بە پەنجەکانی تنۆکەی فرمێسکەکانی لەسەر گۆنای پاك نەکردەوە، ئەو ڕۆژەی وەبیر هێنایەوە کە لەشەرما گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون، وتی:

- سەعید تۆ...!
- من چی؟!
- تۆ بە خێرایی... بەخێرایی ئەبیتە باوك!

سەعید ناباوەڕانە ئەوی لە باوەش گرت و هەردوو بە تامەزرۆییەو بێ قەراری چاوەڕوانی لەدایك بوونی صەنەم بوون، نۆ مانگ چاوەڕوانییان کێشا.

کاتێ سەعید بە چەپکە گوڵێکی جوان هاتە ژوورەکە، پەروانە لەسەر سستەمەکە نوستبوو، بە ئارامی ناوچەوانی ماچ کردو چەپکە گوڵەکەی لەناو گوڵدانێکی جواندا دانا، چەند چرکەیەك دواتر کاتێ پەرستارەکە منداڵەکەی بۆ شیرپێدان بە دایکی سپارد، سەعید بەبینینی کچەکەی لەسپێتی پێست و مووی ڕەش و چاوە قەوییەکانی، ڕەنگی نەرم، ئەوی لەباوەش گرت و بەڕەوشتی گاڵتە ئامێزی دەستی کرد بە گۆرانی وتن و سەما کردن، پەرستار بەخێرایی خۆی گەیاندە ئەوی و سەعیدی لەسەر ئەو کارە منالأنەیە سەرزەنشت کرد.

پەروانە بە بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژە پێکەنینێکی تەڵخ لە ڕوخساری وەدیار کەوت بە ئارامی لەژێر لێوەوە وتی:

- یەعنی ئەوە ویژدانە کچە بەنازپەروەردەکەی سەعید بە پیاوێکی تر بسپێرم. ئاخ سەعید بۆچی ڕۆشتی و بەم جۆرە منت بە جێهێشت؟

* * * * *

بەیانی ڕۆژی دواتر پەروانە بە چاوی هەڵئاوساوەوە کە شوێنەواری گریان و بێخەوییان پێوە دیاربوو، بۆ نان و چاخواردنی بەیانی چووە لای دایك و باوکی، خانمی ئیمانی باریکەڵەیەکی ڕەقەڵە بوو، ئێسقانەکانی دەم و چاوی بەدەرەوە بوو، ماوەیەکی زۆر بوو بەدەست ئازاری گورچیلەوە دەینالاند، بۆ چارەسەرو بەسەربردنی پاشماوەی ژیانی بۆلای کوڕو بووکەکەی ئەچوو بۆ هۆڵەند، ئەو بە بینینی چارەی غەمناميزی کچەکەی هەستی بە بێزاری کردو بۆ هاوسەرەکەی ڕوانی، ئاغای ئیمانی کە تەنها نیگەرانی ئایندەی کچەکەی بوو، بەئارامی ڕوو بەپەروانە وتی:

- ئەتوانم بڕیاری کۆتایی تۆ بپرسم؟

پەروانە سەری بەرزکردەوە، لە کاتێکدا ڕەنگی پەڕیوی دەموچاوی دەرونی ئەوی پیشان ئەدا، وتی:

- من ئەمەوێت... ئەمەوێت ئێوە یارمەتیم بدەن، من لە ژیاندا جارێك هەڵمبژارد، ئێستە ئەمەوێت ئێوە ڕێنمایم بکەن.، باوکە؟!

- چییە خۆشەویستم؟

- ئاغا ڕزگار لەدیدی مندا بۆ پێکەوە ژیان شیاو نییە، کوڕەخاڵەکەشت ڕەزا، وا نازانم ئازارەکانی من و صەنەم هەست پێ بکات، چونکە ئەو گەنجەو یەکەم هاوسەرییەتی، ناتوانم ئەو بکەم بە قوربانی ژیانی خۆم.

خانم ئیمانی ئاهێکی کێشاو دەستی کچەکەی بەدەستی گرت و گوشی، پاشان بە ئارامی وتی:

- بۆچوونت لەبارەی بەهزادەوە چییە؟

Scanned by CamScanner

ئاغای ئیمانی بەبێ دواکەوتن بەقسەکانی هاوسەرەکەی بەردەوامی داو وتی:

- پەروانـە گیـان، کـچەکەم... بەروانـە باوکەکـەم، ئـەویش وەك تـۆ هاوسەرێتی کردوە، بە بۆنەی نەگونجانەوە ناچار بووە لە هاوسەرەکەی جیابێتەوەو تەلاقی بدا... ئەویش کوڕێکی نۆ ساڵەی هەیە کە دایکی نەوێت، تۆ ئەتوانی دایکێکی باشبی بۆی، لەئەنجامدا صەنەمیش لە نازی باوکایەتی بێبەش نابێ.

دایـك و بـاوکی بـە چـاوەڕوانییەوە ڕوویـان کـردە دەمـی پەروانـە، ئـەو لەحاڵێکدا هەنسکی ئەدا، وتی:

- نـازانم، لەوانەیـە هەڵبـژاردنێکی باشـبێ، بـەڵام... ئەترسـم ئـەو نەتوانێ ئایندەی صەنەم بەو جۆرەی سەعید ئەیویست دیـاری بکات!

ئاغای ئیمانی بە زەردەخەنەو بە میهرەبانییەوە وتی:

- ئازیزم! نیگەرانی ئایندە مەبە، چونکە هێشتا پێش نەهاتووە، باشتر وایە بیر لە ئێستا بکەیتەوە، تۆ ڕاست ئەکـەیت، بەهزاد باری ئابووری باش نییە، بەڵام ئەتوانێ پێویستی ژیانتـان بۆ دابـین بکـات، ئـەو لەگـەڵ خـاوەن میوانخانەیـەکی نمـرە یـەك شـەریکە، منیش پـەیمان ئـەدەم پێش لـە ڕۆیـشتن، کۆشـکێکی بچووکت بۆ بکڕم لەگەڵ هاوسەرو منداڵەکەت بە ئارامی ژیانی تیا بەسەر ببەن، لە شتومەکی ناو ماڵیش کەموکوڕیت نییە، باشە بۆچوونت چییە بابە؟

- نازانم باوکە! هەرچی ئێوە بە چاکی بزانن، بەڵام ئومێدەوارم هەڵە نەکەن.

Scanned by CamScanner

ئاغای ئیمانی زەردەخەنەیەکی کردو هاوسەرەکەی بەمیهرەبانییەوە گۆنای کچەکەی ماچ کرد.

لەم کاتەدا صەنەم تازە لە خەو هەستابوو، بە چاوی نیوەکراوەوە لەحاڵێکدا کراسێکی سەوزی لەبەردا بوو خۆی هاویشتە باوەشی پەروانە.

ئاغای ئیمانی ئەوی لە باوەشی پەروانە دەرهێناو لە ئامێزی خۆی ناو ماچی کرد.

پەروانە وتی:

- صەنەم گیان، لەبیرت چوو لیباسی خەو بپۆشی یان تەمەڵیت کرد؟!

صەنەم ویستی دەم بکاتەوە داوای لێبوردن بکات، بەڵام بابەگەورەی پشتی ئەوی گرت و وتی:

- کچەجوانەکەی من لەناو ئەم لیباسانەدا وەکو بووکی خەیاڵ وایە، ئیتر هەمیشە سەوز بپۆشەو ئەم شادیو خۆشییە بۆ خۆت بەرقەرار بکە، صەنەم سەری لەناو باوەشی بابەگەورە توند کرد.

پەروانە هێشتا نیگاکانی لەسەر لانەبردبوو، لەگەڵ خۆی دەردەدڵی ئەکرد:

"ئایا بەهزاد لەجیاتی سەعید باوکێکی باش ئەبێ بۆ صەنەم؟ ئەو صەنەمی زۆر زیاد خۆش ئەویست، چونکە لە سەعید دەچوو.

* * * * *

لەسەر بانگهێشتی ئاغای ئیمانی بەهزاد لەگەڵ کوڕەکەی بێهنام بۆ ماڵی ئەوان هاتن، سەعات (٥) ی پاش نیوەڕۆ کە دەنگی جەڕەس

Scanned by CamScanner

بەرگوێی پەروانە کەوت، دڵی بەخێرایی لێی دەدا، صەنەم کراسێکی سپی لەبەر کردبوو، زۆر جوانتر لەپێشتر ئەهاتە بەرچاو، بە نیگەرانییەوە تەماشای دایکی ئەکرد، کە ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو.

پەروانە ئەوی لەباوەش گرت و زیاتر لەخۆی نیگەرانی ئایندەی صەنەم بوو.

صەنەم بە سەرنجەوە سەیری دایکی ئەکردو کاتێ زنجیرەی فرمێسکی لەچاوەکانی دایکی بینی، سەری نا بەشانییەوە، ڕێگەیدا پەروانە دوور لەنیگای ئەو فرمێسکەکانی بڕێژێ.

ئەو هێشتا کەمتر لە حەوت ساڵ بوو بە باشی نەی ئەتوانی هۆی گریان و بێ قەراری دایکی بزانێ، پەروانە چاکەت و تەنورەیەکی شینی ئاسمانی پۆشیبوو، قژی لەژێر سەرپۆشە ڕەشە جوانەکەی شاردبووەوە.

چەند دەقیقەیەك دوای هاتنی بەهزاد، پەروانە دەست لەناودەستی صەنەم بۆ ژووری پێشوازی ڕۆشت، دڵەخورپەیە عەجایەبی بوو.

بەهزاد بەبینینی ئەو لە جێگەی خۆی هەستا، بێهنام بەچاولێکەری باوکی لەجێگەی خۆی بەرزبوویەوە، صەنەم خۆی لەپشت پەروانە حەشاردابوو، دوایی بەئارامی لەلای دایکی دانیشت، باری دەروونی پەروانە لەوە خراپتر بوو بتوانێ لەگەڵ میوانەکان ئەحواڵپرسی بکات.

بەهزاد لە دەوروبەری سی و دوو ساڵیدا بوو، بەڵام زۆر جوانتر ئەهاتە بەرچاو، ئەو باڵابەرزو چوارشانە بوو، قژێکی ڕەش و پڕی پێوەبوو، چاوەکانی قاوەیی و لوتی هەڵۆیی بوو، پیاوێکی خۆش قیافەو سەرنج ڕاکێش ئەهاتە بەرچاو.

بێهنام لە شکڵ و شێوەدا لە باوکی ئەچوو، کوڕێکی لە شێوەدا ئارام،

Scanned by CamScanner

بەڵام نهێنگرو دێز ئەهاتە بەرچاو، کاتێ پەروانە سەری بەرز کردەوە نیگایان لەگەڵ بەهزاد یەکی گرت، چووە خەیاڵەوە... بەڕاستی ئەتوانێ پشت بە بەهزاد ببەستێو جڵەوی ژیانی خۆیو صەنەمی خۆشەویستی بەو بسپێرێ.

ئەو هێشتا لەدڵەوە مەجنون ئاسا عاشقی سەعید بوو، بەڵام سەعید بۆ ئەو تەنیا یادگارییەك بوو بەس! کاتێ صەنەمو بێهنام بەیەکەوە بە فەرمانی ئاغای ئیمانی لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، بەهزاد کە فنجانە چایەکی تەواو کردبوو، خۆی لە سەر قەنەفەکە ڕێك کردو دوای دوسێ کۆکە وتی:

- پەروانە خانم!! گەر لات گران نییە، من ئەمەوێت بە ئامادەیی خانمو ئاغای ئیمانی لەگەڵ تۆ قسە بکەم؟!
- تکات لێ دەکەم، فەرموو.
- من دوو ساڵ لەمەوبەر لە هاوسەرەکەم جیابوومەوە، ئێستە دەمەوێ ژیانێکی تازە دەس پێ بکەمەوە، ئومێدەوارم ئەمجارە خۆشبەختی ڕووم تێ بکات، ئاغای ئیمانی بە جوڵانی سەر قسەکانی ئەوی پەسەند کرد.

بەهزاد بەردەوام بوو، وتی:

- من ئەمەوێت پرسیارێك لە ئێوە بپرسم، ئەویش ئەوەیە ئایا خێزانی هاوسەری پێشوتان، مۆڵەت ئەدەن صەنەم تا کۆتایی تەمەن لەگەڵ ئێوە بژی؟

پەروانە ئاهێکی هەڵکێشاو بە ئارامی وتی:

- کاتێ منو سەعید زەماوەندمان کرد، مامۆژنم لە دونیا دەرچوو، شەش مانگ دوای زەماوەندی ئێمە مامیشم

Scanned by CamScanner

بەنەخۆشـی لـە دونیـا دەرچـوو دوای مـەرگی سـەعیدیش بـۆ هەمیشە سەرپەرشتی صەنەم کەوتە ئەستۆی من.

بەهزاد پێکەنی، وتی:

- ئێستا دڵنیا بووم کە کچە بچووکە نازدارەکەم بۆ هەمیشە لای دایکی میهرەبانی ئەمێنێتەوە!!

شێوازی قسەکانی ئەو زەردەخەنەی خستە سەر لێوانی ئامادەبووان و دڵنیـای کردنـەوەو ئـارامی بـاڵی کێـشا بەسـەر ڕۆحـی سـەرگەردانی پەروانەدا.

هەفتەیەك دواتر پەروانەو بەهزاد لە ئاهەنگێکی تایبەت و سادە، ئەڵقەی هاوسەرێتیان گۆڕییەوە، ئاغای ئیمانی لەسەر ئەو بەڵێنەی بە پەروانەی دابـوو، کۆشـکێکی بـچووکی جـوانی بۆیـان کـڕی و هـەموو جـۆرە پێداویستییەکی ماڵی بۆ پەروانە دەستەبەر کرد.

دوای هەفتەیـەك لـە نیشتەجێ بوونی پەروانـە لـە ماڵی تـازەدا خـانم و ئاغای ئیمانی بە خەیاڵی ئاسودەوە ئێرانیان بەجێهێشت، بە مەبەستی چوون بۆ هۆڵەند.

*     *     *     *     *

بـەهزاد لەسـەر قەنەفەکە پـاڵی دابوویـەوە، بـە نارەحەتییـەوە ڕۆژنامـەی پەڕەپـەرە دەکـرد، کـەم کـەم لـە گریانـەکانی صـەنەم بـێ تاقـەت ئـەبوو، پەروانە هەوڵی ئەدا صەنەم ژێر بکاتەوە، سەرکەوتوو نەبوو، بەهزاد بە توڕەییەوە تەماشایەکی کردو وتی:

- ئەم کچە چییەتی؟

پەروانە لەشێوازی قسەکردنەکەی بـەهزاد سـەری سوڕما! بـەڵام بەسـەر خۆی نەهێناو لەسەرخۆ وتی:

- بەهانەی دایەگەورەی ئەگرێ، لە نەبوونی ئەوان نازانم دەبێ چۆن ئارامی بکەمەوە؟!

بەهزاد لە جێگەی خۆی هەستاو بە توندی وتی:

- بەڵام من ئەزانم چۆن ئارامی دەکەمەوە!

پەروانە بە دەستەپاچەیی بە دوایدا چوو وتی:

- بۆچی ئەتەوێ چی لێ بکەیت بەهزاد؟! تۆ خۆت نارەحەت مەکە هەر ئارام ئەگرێ.

- بەڵێ! ئارام ئەگرێ بەڵام تا ئەوکاتە...

دواتر بە تورەییەوە تەماشایەکی پەروانەی کردو بە چەند هەنگاوێکی خێرا خۆی گەیاندە صەنەم، صەنەم کە بە دەستە بچووکەکانی چاوەکانی هەڵ ئەگلۆفی، لە بینینی چڕوچاوی تورەی بەهزاد لەرزی، بەهزاد دەستی گرت بۆ لای خۆی ڕایکێشا، وتی:

- چییە؟ چیتە وا هاتوهاوار ئەکەی، ئێرە ماڵی پورت نییە، نەنە من بیرت دەکەم!

پەروانە بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکی کرد، صەنەم تا ئێستا هەڵس و کەوتێکی ئاوای لە کەس نەدیبوو، وشك بوو، چاوەکانی بڕیە بەهزاد، پەروانە بە نارەحەتییەوە هاواری کرد:

- بەهزاد ئەتەوێ چی بکەیت؟! ئەمە بوو ئەو پەیمانەی بە منت دا؟!

پەروانە ئەمەی وت و تورەییەکەی قوت دایەوە، بەهزاد دەستی صەنەمی بەردا ڕووی بۆ لای پەروانە وەرگێڕاو وتی:

- وا باشترە بەڕێزت خۆت لەم بابەتە هەڵنەقورتێنی، من ئەزانم لەگەڵ مناڵەکەم چۆن ڕەفتار ئەکەم!

Scanned by CamScanner

- منالّت؟! بەلاّم ئەو پێویستی بە خۆشەویستی و میهرەبانی تۆیە نەك ئەمە...

بەهزاد نەیهێشت پەروانە قسەکانی تەواو بکات، بە دەستی ژێرچەناگەی گرت، وتی:

- نامەوێت کەس ئامۆژگاریم بکات تێگەیشتی؟

ئەو ڕۆژە بەهزاد بە تورەیی و ناڕەحەتی لە مالّ دەرچوو، پەروانە وا هەستی کرد لە تێڕوانینی بۆ بەهزاد هەلّەی کردوە، بۆ حالّی خۆی گریا، بەلاّم جارێك لە گۆشەیەکی دلّیا نوری ئومێدی تیا مابوو، لەوانەیە بە ڕاستی بەهزاد هەستی باوکانەی بەرانبەر صەنەم هەبێ و بیەوێ بە مەیلی خۆی پەروەردەی بکات.

بۆ بەیانی بەهزاد گەڕایەوە مالّەوەو لە روخساریدا ئارامی بەدی دەکرا، شوێنەواری تورەیی و ناڕەحەتی لە ڕوویا نەمابوو، ئەمە بووە هۆی خۆشحالّیی پەروانە.

* * * * *

بێهنام هەموو هەفتەیەك دوانیوەڕۆی پێنجشەممان ئەڕۆیشت بۆ دیداری دایکی و ڕۆژی هەینی دوای عەسر ئەگەڕایەوە، کاتی ڕۆیشتنی دلّخۆش و سەرحالّ بوو، بەلاّم کاتێ ئەگەڕایەوە دەستی ئەکرد بە بیانووگرتن، خۆی مۆن ئەکرد، برۆکانی جووت ئەکردو هەموو شتێکی دائەپڕژاند بە تایبەتی بیانووی بە صەنەم ئەگرت و جارجاریش بە پەروانە، پەروانە لەسەرسوڕماندا دلّۆپ دلّۆپ ئەشك بە گۆنایدا دەهاتە خوارێ.

ئەو ڕۆژە بێهنام جارێکی تر پەروانەی بە باوەژن بانگ کرد، پەروانە بە نیگایەکی غەمنامیزەوە بە ئارامی پێی وت:

Scanned by CamScanner

- خۆشەویستم! ئەگەر ناتەوێ بە دایك بانگم بكەیت، باوەژنیش مەڵێ، لانی كەم بە پەروانە بانگم بكە.

دواتر بێهنام بە تورەییەوە وتی:

- تۆ ژیانی ئێمەت شێواند، دایكم تەڵاقی وەرنەگرتووە، تەنها تۆزێ ناخۆشیی بچووك بووە هۆی جیابوونەوەیان، باوكم پێی داگرت كە دایكم بگەڕێتەوە سەر ماڵو ژیانی، بەڵام ئەو دەمار زلتر بوو لەوەی بەزوویی ئاشتی بكات!

باوەڕكردن بەم باسە بۆ پەروانە زۆر دژوار بوو، بەزۆر قسە لە دەمی هاتە دەرەوەو وتی:

- تۆچی ئەڵێی بێهنام؟! دایكت تەڵاقی وەرنەگرتووە؟!

- چاك تێگەیشتی باوەژن! باوكم تەنها بۆ ئەوەی دایكم هەڕەشەی لێ كردبوو لەگەڵ تۆ زەماوەندی كرد، ئێستە دایكم پەشیمان بۆتەوە، ئیتر كاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە ماڵی خۆت، ئێرە شوێنی تۆ نییە.

بێهنام ئەمەی وتو لە ژوورەكەی چووە دەرەوە، قسەكانی بێهنام دڵی زامداری پەروانەی هێنایەوە سۆ، باری قورسی سەرشانی زیاتر بوو. هێشتا بیست ڕۆژ تێنەپەڕیبوو كە بێهنامو باوكی هاتبوونە ناو ماڵی پەروانە، بەهزاد مەبەستی ئەوە بوو بە تەواوی هەستو نەستی پەروانە بدا بەبا، بەڵام لەم نێوەندەدا زیاتر صەنەم ئەكەوتە بەر بەرداشی ئاشەكە.

* * * * *

کاتێ تەلەفۆنەکەی دانا، زەوقێکی چاوەڕواننەکراو سەراپای داگیر کردبوو، لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی و لەژێر لێوەوە زۆر شتی ئەوت پەروانە نەی نەتوانی بیبیستێت،

دوای چەند ڕۆژێ کە پەروانە خەندەی لە ڕوخساری بەهزاد بینی، چووە پێشەوەو وتی:

- بەهزاد گیان! من ئەمڕۆ بێهنام و صەنەم ئەبەمە دەرەوە، ئەبێ پێداویستی قوتابخانەیان بۆ بکڕم.

کاتێ نیگای ساردی ئەوی بینی، لەحاڵێکدا خەندەی هێنایە ڕووی خۆی، وتی:

- تۆ نیگەرانی هیچ مەبە، من خۆم پارەم هەیە.

بەهزاد هیچی نەوت، گوایە بە هیچ شێوەیەك گوێبیستی قسەکانی ئەو نەبووە، بێ موبالات لە بەرانبەری ڕۆیشت و چەند هەنگاوێ لە هۆڵەکە چووە دەرەوە، چرکەیەك دواتر دەنگی داخستنی دەرگاکە پەروانەی لەجێی خۆی وشك کرد،

ئەو هەوڵی ئەدا، تووڕەیی و بەدڕەوشتییەکانی بەهزاد نەکەوێتە قاڵبی ڕاستییەوە، تەنها شتێ پەروانەی ئومێدەوار دەکرد ئەوە بوو ئەو نارەزوویەکی بە ژیان نەمابوو، تەنها لەبەر خاتری صەنەم بوو، حەزی ئەکرد کچە نازپەروەرەکەی بە جۆرێ پەروەردە بکات کە سەعید ئەیویست خۆشبەختی بۆ بسازێنێ، تا چەند ڕۆژێکی تر صەنەم کاتی چوونە قوتابخانەی ئەهات و ئەو یەکەم هەنگاوی دەست پێئەکرد بەرەو ئەوەی خەونەکانی دایکی بێنێتە دی.

سەعاتێ دوای ڕۆشتنی بەهزاد، لە عەسرێکی هاویندا پەروانە دەستی صەنەم و بێهنامی گرت و لەماڵ هاتە دەر، ئەو شەقامەی ماڵی پەروانەی

Scanned by CamScanner

لێ بوو شەقامێکی جوان بوو هێند بێدەنگ بوو هەستت بە ئاهەنگی لەسەرخۆیی با دەکرد.

ئەوان سەعاتێك لەناو پارك پیاسەیان کرد، بێهنام هەستێکی وای بۆ دروست بووبوو کە وەکو برا لەگەڵ صەنەم هەڵسوکەوت بکات.

صەنەمو بێهنام بەشەوق و زەوقێکی زۆر، سەرگەرمی هەڵبژاردنی جانتاو جلوبەرگی قوتابخانە بوون، بە ڕەفتاری شەیتانانەی خۆیان قسەکانی پەروانەیان ئەسپارد بە فەرامۆشیی.

کاتی خۆرئاوا پەروانە لەگەڵ منداڵەکان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، پەروانە لە ڕێگەدا چەند چەپکە گوڵی مێخەکی بۆ ڕازاندنەوەی گوڵدانی سەرمێزەکە کڕی، پاش چەند ساتێ پەروانە بە خۆشحاڵییەوە کلیلی لەناو قوفڵەکەدا باداو دەرگای کردەوە.، دیمەنێکی بینی، جێی باوەڕ نەبوو، یانی چ کەسێ ئەتوانێ ژیانی ئەو ئاوا بشێوێنێ، بە بڕوای ئەو دز هاتووەو هەموو گیانی کەوتە لەرزین، بێهنامو صەنەم کە تامەزرۆی گەیشتن بە ماڵەوە بوون، ئێستا ماتو بێدەنگ لە هۆڵەکەیان ئەڕوانی، مێزو قەنەفەکان کەوتبوون بەسەر یەکدا، تابلۆکان هەموویان شکابوون، گوڵ لەنێو گوڵدانەکاندا نەمابوو، پەردەکان پارچە پارچە کرابوون، پەروانە زارەترەكو سەرسوڕماو تەماشای چواردەوری خۆی دەکرد، بەرچاوی تاریك بوو لەهەمان شوێن لەلای قادرمەکان دانیشت.

بێهنامو صەنەم لەترسا بەیەکەوە نوسابوون، بە نیگەرانییەوە تەماشای پەروانەیان ئەکرد کە ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو، بە بینینی پێڵاوەکانی بەهزاد، صەنەم بە دەستەپاچەییەوە هاواری کرد:

- دایکە! دایکە گیان! باوکم لەماڵەوەیە، سەیرکە!

پاشان بە قامکە بچووکەکانی پێڵاوەکانی بەهزادی نیشاندا کە

Scanned by CamScanner

قوڕاویو پیس، لەسەر فەرشەكان بوو، لەم كاتەدا قیژەی بەهزاد هەموویانی لەرزاند، كاتێ لە ژوورەكە هاتە ناو ساڵۆنەكە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەری هەبوو، چاوەكانی دەرپەڕیبوون، برۆكانی هێنابووەوە یەك، لێیان نزیك بووەوە، صەنەمو بێهنام لە ساڵۆنەكە چوونە دەرو پەروانە بە سەختی لەجێگەی خۆی هەستا بە چەند هەنگاوێك هاتە ناو ساڵۆنەكەو دەرگاكەی پێوەدا:

- بۆ كام گۆڕ چووبوون؟!

بەهزاد ئەم رستەیەی بەشێوەیەك وت صەنەمو بێهنام لەترسا خەریك بوو زارەتریك ئەبوون، پەروانە ناباوەڕانەو بەئارامی وتی:

- بەهزاد ئەم ماڵە بۆچی وای بەسەرهاتووە؟ چی رویداوە؟

بەهزاد بێ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، گوڵدانێكی لەسەر مێزەكە هەڵگرتو هەڵیدا بۆ لای ئاوێنە چوارچێوە ئاڵتونییەكە، دەنگی شكاندنی ئاوێنەكە، دڵی پەروانەی لەرزاند، بۆ چركەیەك هەناسەی لە سینەیدا بەند كرد.

پەروانە بێ گومان بوو لەوەی كە كاری كەسێك نییە جگە لە بەهزاد، چاوە قاوەییە سەرنج راكێشەكانی بڕییە بەهزادو غەمبارانە وتی:

- بەهزاد گیان بۆچی ئەمكارەت كرد؟

ئەو سوڕاو خۆی گەیاندە پەروانە، لە بەرانبەری وەستاو چەناگەی پەروانەی گرتو وتی:

- كێ مۆڵەتی بە ئێوە داوە بچنە دەرەوە؟

- مەبەستت چییە بەهزاد؟

بەهزاد قاقایەكی كێشاو مەستانە وتی:

- یانی نازانی مەبەستم چییە؟ ئێستا حاڵیت ئەكەم من رازی نیم

Scanned by CamScanner

بەوەی ژنم لە ماڵ بچێتە دەرەوە!

ئەمەی وتو شەقازلەیەکی توندی دا لە گۆنای پەروانە، صەنەم هاواری کردو پەنای بردە لای بێهنام، بێهنام پێشتر ئاشنای ئەم رەوشتانەی باوکی بوو، دڵۆپی فرمێسکی گەرم بە گۆنای پەروانەدا هاتە خوارەوە، لە چەناگەیدا دەروشایەوە، بەهزاد لەسەر کورسییەك دانیشتو دەنگی کەمێ نزم کردەوەو وتی:

- لە کوێ بوویت؟

پەروانە قسەی نەکرد، باوەشی بۆ صەنەم کردەوە کە بە چاوانی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای دەکرد، چرکەیەك دواتر صەنەم گەرمیی باوەشی دایکی هەست پێکرد.

بەهزاد دووبارە هاواری کردو وتی:

- ئەوە کەڕیت؟ ئەموت لە کوێ بوویت؟

بێهنام کە بێدەنگی پەروانەی بینی، چووە پێشەوەو بە ئارامی وتی:

- بابەگیان، پەروانە، منو صەنەمی برد بۆ بازاڕ تا پێداویستی قوتابخانەمان بۆ بکڕێت، ئەبینیت چەند جوانن.

دواتر شتەکانی نیشانی باوکی دا، بەهزاد زەردەخەنەیکی بۆ کردو وتی:

- پیرۆزە بابەگیان! زۆر جوانە، ئەمساڵ لە پۆلی چوارەمی وا نییە؟!

بێهنام کە بینی باوکی هێور کردۆتەوە، پێکەنیو بە جوڵانی سەر وەڵامی ئەرێی ئەوی دایەوە، صەنەم کە زەردەخەنەی لەسەر روخساری بەهزاد بینی، لە باوەشی پەروانە هاتە دەرو لەچاو تروکانێکدا جانتاو کتێبو مانتۆو پانتۆڵەکەی بەرانبەر بەهزاد گرت، لە کاتێکدا روویەکی

Scanned by CamScanner

شیرینی منداڵانەوە وەك هەمیشە شێوەی جوانتر كردبوو، وتی:

- بابەگیان ئەمەش شتومەكەكانی منە، كە دایكم بۆی كڕیوم، ئاخر من ئەمساڵ ئەچمە قوتابخانە!

بەهزاد تەماشایەكی شتەكانی كردو كاتێ سەری بەرز كردەوە، بە توڕەییەوە تەماشای پەروانەی كرد، صەنەم لە جێی خۆی وشك بوو، بەهزاد لە جێی خۆی هەستاو چەند هەنگاوێكی بەرەو پەروانە ناو وتی:

- نایەتەوە بیرم دەربارەی چوونە قوتابخانەی صەنەم، هیچ وەڵامێكم بە تۆ دابێتەوە!

پەروانە بە دەمی كراوەوە تەماشای ئەوی دەكرد، بەهزاد چاوەڕوانی ئەوی نەكردو وتی:

- لێگەڕێ با بە ڕوونی ئەم مەسەلەیەت پێبڵێم: تۆ ئیتر مافی ئەوەت نییە قاچت لەم ماڵە بچێتە دەر، كچە بچووكەكەی بەڕێزیشت ئەبێ هەوای چوونە قوتابخانە لەسەری دەركا، چونكە من هیچ حەزم لەم كارە نییە، بە دڵنیاییەوە پێت ئەڵێم: نامەوێ دووبارە لەو بارە هیچ ببیستم!.

بەهزاد ئەمەی وتو چەقۆیەكی لە گیرفانی دەرهێنا، وەحشیانە كەوتە دڕاندنی مانتۆو پانتۆڵو جانتاو پێداویستییەكانی صەنەم، لە ماوەیەكی كەمدا هەموو شتەكانی پارچە پارچە كرد، پەروانە چاوەكانی نوقاندبوو، تا لانی كەم چاوە پڕ فرمێسكەكانی صەنەم نەبینێ، بەهزاد پاش ئەوەی هیچ شتێكی بە ساغی نەهێشت، چاكەتەكەی دا بەسەر شانداو خۆی ئامادەی ڕۆشتن كرد، صەنەم نەیدەتوانی ئەوەی ڕوویداوە بە تەواوی هەستی پێبكات، بڕیاریدا

Scanned by CamScanner

بـچێتە لای بـەهزاد، بـە چـاوی پـڕ فرمێـسکەوە تەماشـایەکی کـردو بـە ئارامی وتـی:

- ئاخر بۆچی بابەگیان؟

بەهزاد تەماشایەکی کرد، خۆیشی نەیدەزانی بۆچی ئەم کارەی کرد، بەڵام باش ئەیزانی کە هیچ خۆشەویستییەکی بۆ صەنەم نییە، صەنەم کە ئەوی بێدەنگ بینی، پاڵتاوەکەی راکێشاو وتی:

- بۆ کوێ ئەڕۆی بابەگیان؟

بەهزاد بە دەستە بەهێزەکانی صەنەمی هەڵگرت‌و فڕێیدا، وردە شوشەی ناو هۆڵەکە، دەستە جوانەکانی صەنەمیان بە خۆێن رەنگین کرد.

پەروانـە دوای تیمـارکردنی زامـەکانی صـەنەم، ئـەوی بـە چـاوانی پـڕ فرمێسکەوە لەئامێز گرت، فرمێسکەکانی خۆی بەسەر صەنەمدا تکاند.

شەو بە تـەواوی تاریکی‌و بێدەنگی خۆیـەوە کۆتایی پێهات‌و کـەم کـەم تیـشکی زیـوینی هـەتاو لـە گۆشـەو کـەناری پەنجەرەکانـەوە تێپـەڕی‌و کەوتە سەر قەنەفەو وردە شوشەو گوڵە پارچەکراوەکانی ناو هۆڵەکە.

هەفتەیەك تێپەڕی بەهزاد تەنانـەت بە تەلـەفۆنێکیش خێزانەکـەی خـۆی لـە جـێ‌و رێـی خـۆی ئاگـادار نـەکرد، پەروانـە لـە کاتێکـدا قـژە ئالۆسکاوەکانی صەنەمی رێك دەخست لەگەڵ خۆی ئەدوا مرۆڤێك چۆن ئـەتوانێ تـا ئـەو ئەندازەیـە دڵڕەق بـێ، کـە ژن‌و منداڵـەکانی ئـاوا جێـی بهێڵـێ، پەروانـە نەیدەویـست بـاوەڕ بـەوە بکـات کـە لـە هەڵبـژاردنی دووەمـدا هەڵـەی کـردوە، هـەوڵی ئەدا هـەموو روداوەکـان بە فەرامۆشـی بـسپێرێ، دایـك‌و بـاوکی چـەندەها میـل لـەوەوە دورن ئـەو گـەر واز لـە بەهزاد بهێنێ، ئیدی پەنایەکی دیکەی نابێت.

* * * * *

# ٢

ڕۆژی یەكەمی مانگی میهر بوو، لە هەموو جێگایەك خۆ ئامادەكردن دەهاتە بەرچاو بە تایبەتی بۆ صەنەم كە ئەیویست بڕواتە قوتابخانە، دوای بەڕێكردنی بێهنام بۆ قوتابخانە، پەروانە ئەو مانتۆو پانتۆڵەی خۆی بۆ صەنەمی دوری بوو، كردییە بەری‌و میقنەعە سپییە گوڵدارەكەی كردە سەری‌و دوو دەستە گوڵی دابوو بە دەستییەوە شێوەیەكی تایبەتی لە پێشەوە پێبەخشیبوو، كاتێ صەنەم جانتاكەی كردە كۆڵ‌و ئامادەی ڕۆیشتن بوو، بە بینینی ئەو دیمەنە پەروانە لە خۆشیدا خەریك بوو شێت ئەبوو.

پەروانە لە نزیك ئاوێنەكە وەستاو بە چاوە گەورەو جوانەكانی تەماشای كرد، ئەمڕۆ خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو، هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا لە حاڵێكدا خەندە لەسەر لێوانی بوو سەرپۆشەكەی ڕێكخست، لەم كاتەدا صەنەم ئائارامانە لەبەر دەرگای ژوورەكە چاوەڕوان بوو، هاواری كرد:

- دایكە وەرە بابەگیان هاتەوە!

پەروانە بە بیستنی ئەم بانگە لەجێی خۆی وشك بوو، خۆشحاڵی چەند چركە پێشتری لە دڵ دەركردو بە چەند هەنگاوێكی خێرا لە ژوورەكە

Scanned by CamScanner

هاتە دەرەوە، بەهزادی بینی، بەڵام ئەو ئیتر ئەو جوانە نەبوو، ماندوو شەكەت، قژو ریشی تۆزاوی پیس، ئەو هیچ كات بەهزادی بەو جۆرە نەبینیی بوو، لە حاڵێكدا نەیدەتوانی سەرسوڕمانەكەی بشارێتەوە، چوو بۆ لای و بە ئارامیو بە نەرمی پێی وت:

- سڵاو بەهزاد بەخێر بێیتەوە بۆ ماڵەكەت، حاڵت باشە؟! شتێك روویداوە؟

بەهزاد هیچی نەوتو بە شەكەتی خۆی گەیاندە ژوورەكە، چاوەكانی سوور بوو بوونو لەتری ئەدا هەر كە گەیشتە یەكەمین قەنەفە خۆی دا بەسەریدا، پەروانە بە نیگەرانییەوە لێی نزیك بووەوەو دەستی خستە ناو دەستی خۆیو گوشی بەخەمبارییەوە وتی:

- چی بووە بەهزاد؟! حاڵت باش نییە!

كاتێ سەری لێی نزیك بوویەوە كە ویستی یارمەتی بدات، بۆنێكی توند گەیشتە لوتی، پەروانە وەكو پەیكەر لە جێی خۆی وشك بوو، لە سەرسوڕماندا دەمی كردەوەو چەند هەنگاو كشایە دواوە، لەژێر لێوەوە وتی:

- خودای من!... باوەڕ ناكەم!

بەهزاد لەژێرەوە تەماشایەكی پەروانەی كرد كە ئێستا بەنیگەرانییەوە تێی ڕاماوە، مانتۆیەكی باڵاپۆشی ڕەشی لەبەر كردبوو سەرپۆشێكی قاوەیی دابوو بەسەریدا.

لەپڕ رقو توڕەیی بەهزاد زیادی كرد وەكو حەیوانێكی بریندار پێچی دا بەخۆی، هەوڵیدا لە جێگەی خۆی هەستێ، بەڵام لەشی ماندوو بێ هێز بوو، لەگەڵ ئەوەش زۆری كرد لە قاچەكانی، هەر چۆن بوو لە جێ هەستا لەو كاتەدا هەستی كرد هێزێكی زیاد لە ئەندازەی بۆ هات، بۆ

لای پەروانە چوو لە بەرانبەری وەستا، دووبارە هەمان بۆنی توند هەناسەیەکی کرد بەسەر پەروانەدا هێڵنجێکی دا، هەموو کردارەکانی بە لای پەروانەوە نائاسایی و شێتانە بوو، بەهزاد بە پەلامارێکی خێرا کەوتە گیانی پەروانە، مانتۆکەی لەبەردا پارچە پارچە کردو وەکو پشیلەیەکی شێت چنگی ئەدا لە دەمو چاوی، لەتاو رنینی گۆناکانی بە چنگ پەروانە لە ژوورەکەدا پێچی ئەداو چەند چرکە دواتر لاشەی باریك و درێژی لەژێر لێدانی وەحشییانەی بەهزاد بە مستو لەقە ورد بوو.

صەنەم خەریك بوو لە ترسدا زیرە بکات، بەڵام غیرەتی دایە بەر خۆی و بۆ لای دایکی چوو، هەوڵی دا دایکی لەژێر دەستو پێی بەهزاد رزگار بکات، ئەگریا و بەدەنگی خۆش ئاواز ئەیوت:

- بابەگیان چی ئەکەی؟ ئاخر ئەو چی کردوە؟

زللەیەکی بەهێز لەو کاتەدا بەر گۆنای صەنەم کەوتو ئەوی لە هۆش برد، پەروانە هاواری کردو بە جوڵانەوەیکی خێرا خۆی رزگار کرد خۆی گەیاندە صەنەم، بەهزاد هەناسەبڕکێی بوو، عارەق رووی وشكو بێ گیانی تەڕ کردبوو، هەموو گیانی پەروانە بریندارو خوێناوی بوو، لافاوی فرمێسکەکانی بەسەر گۆناکانی ئەهاتە خوار، لێوە زامدارەکانی بە ناڕەحەتی جوڵاندو روو بە بەهزاد کە هێشتا لەبەر هەناسە توندی لە گۆشەیەکدا دانیشتبوو، وتی:

شێت بووی؟ وا خۆت لێکردوینەتە جانەوەر، بۆچی چیمان کردوە وا بەربوویتە گیانمان؟!

بەهزاد مشتێکی تری کێشا بە دەمیداو بە دەنگێکی مەستانە قیڕاندی بەسەریداو وتی:

- من بە ئێوەم نەوت بۆتان نییە... لەماڵ... بچنە دەرەوە؟ بۆچی نەموت... صەنەم بۆی نییە... بچێتە قوتابخانە؟ باشە ئەم جل‌و بەرگانە چییە؟

پەروانە وەحشی ئاسا، صەنەمی لەنێو باوەشیدا بوو، بەسینەیەوە گوشی و وتی:

- بەڵام تۆ مافی ئەوەت نییە! صەنەم ئەبێ بۆ قوتابخانە بڕوات، منیش بۆ کڕینی پێداویستی ناچارم بچمە دەرەوە.

بەهزاد نیگایەکی تیژی تێبڕی، پەروانە دووبارە تەماشایەکی کردو وتی:

- بۆگەنت تەواوی ماڵەکەی پڕ کردوە، دەقیقەیەکی تر ناتوانم بەرگەی بۆنی تۆ بگرم، بڕۆ دەرەوە!

ئەم رستەیەی زۆر بە دامەزراوییەوە پی ٚوت، بەهزاد نەڕاندی، هەڵمەتی بۆ برد:

- ئەتکوژم: بەلەعنەت بی!

صەنەم کەوتە گۆشەیەکەوە، بەهزاد کە هێشتا دەستەکانی هێزێکی ناباوەڕانەی تێدا بوو ئاڵاندی لە گەردنی پەروانەو تەواوی هێزی خۆی خستە سەر، صەنەم دەنگی هاوارو ناڵەی پەروانەی ئەبیست، بەڵام توانای جوڵان‌و چاو هەڵبڕینی نەبوو، پەروانە هەوڵی ئەدا هەناسەیەك بکێشێ، بەڵام بەهزاد بێڕەحمانە جنگاڵی لە گەردنی توند ئەکرد.

بە بینینی چاوە دەرپەڕیوەکانی پەروانە بەهزاد دەستی کرد بە پێکەنین، ئەمجارە زیادی کردو بوویە قاقا کەم کەم دەستەکانی شل بوو پەروانە توانی خۆی لە چنگاڵی دەرباز بکات، بە توندی هەناسەیەکی کێشاو دواتر لە هۆش چوو.

Scanned by CamScanner

گەرمای تیشکی خۆری رۆژە یەکەمینەکانی مانگی میهر وردە وردە هاتبووە نێو ژوورەکە، دەنگی دڵرفێنی بانگوێژەکە لە رادیۆی دراوسێکان بڵێو دەبوویەوە، صەنەمی بەئاگا هێنایەوە، ئەو هێشتا لەسەر زەوی کەوتبوو، ئارام ئارام پەنجەکانی ئەگوشی، بە دژواری هۆشی خستەوە کار، ئەوەی روویدابوو بەبیری هێنایەوە، لە جێی خۆی لەرزی، چاوەکانی سوڕاندو نیگایەکی ماتەماوی بڕییە پەروانە، بەرچاوی تاریك بوو نەیدەتوانی بە جوانی چواردەوری ببینێ، هەستی بە گەرمی فرمێسکەکانی دەکرد کە بە گۆنایدا دەهاتنە خوارەوە.

لەپڕ زەنگی دەرگاکە ئەوی لە جێی خۆی وشك کردو هەستیکرد دڵی لە سینەیدا فڕیوە، دووبارە دەنگی زەنگەکە هۆڵەکەی پڕ کرد، صەنەم کە هەستی دەکرد لە جێی خۆیدا لولبووە بە دژواری خۆی بەرز کردەوە قورسایی لەشی خستە سەر هەردوو قاچی، پەروانە هەروا بێجوڵە لەسەر زەوی کەوتبوو، صەنەم لەرزە لەرز بەرەو دەرگاکە چوو.

بە ئارامی ماڵەکەدا زانی بەهزاد لە ماڵەوە نییە، لە ترسی ئەوەی گەر دەرگا بکاتەوەو بەهزاد ببینێ دەستەکانی بوونە سەهۆڵ، بەڵام بەهزاد کلیلی پێیەو زەنگ لێنادا.

بیری کەوتەوە بێهنام ئەمڕۆ یەکەم رۆژی قوتابخانەی بوو، ئەوی خۆشحاڵ کرد، بە دژواری خۆی گەیاندە دەرگاکە بە پەنجەکانی کە لە ترسدا ئەلەرزی دەرگاکەی کردەوە، بێهنام بەتوڕەییەوە وتی:

- ئەزانی پێنج دەقیقەیە بێپسانەوە زەنگ لێدەدەم، ئێوە لە کوێ بوون؟ لەپڕ بە بینینی رەنگ پەڕیوی صەنەم، کتێبەکان لە دەستی بەربوونەوە، بە پێڵاوەوە چووە هۆڵەکەو بە سەرسامییەوە تەماشای صەنەمی دەکرد:

Scanned by CamScanner

- چی بووە صەنەم؟ کێ ئەم بەڵایەی بە سەرت هێناوە؟

بێهنام ئەمەی وت و بە ئارامی دەستی دا لە گۆنای شینەوە بووی صەنەم.

لەم کاتەدا ناڵەیەکی لاواز سەرنجیانی بۆ لای خۆی راکێشا، صەنەم شێتانە رایکرد بۆ لای پەروانە، بێهنام کە نەیدەزانی چی روویداوە خۆی بەوان گەیاند، لەگەڵ بینینی پەروانە لە جێی خۆی وشك بوو، قورگی گیرا، هەستیکرد کە خۆشەویستییەکی زۆر چنگی لە گیانی گیرکردوە، لە پاڵیدا دانیشت، پەڵە خوێنی وشك بوو لە چواردەوری پەروانە بەدی دەکرا، روومەت و لێوی شین هەڵگەڕابوو، لوتی زامدار بوو بوو، شوێنەواری شینبوونەوە بە ملیەوە دەبینرا.

صەنەم و بێهنام هەردووکیان واق وڕماو تەماشایان دەکرد، بێهنام بە دەنگێکی پڕ لەترسەوە وتی:

- صەنەم ناتەوێ پێم بڵێی چی بووە؟

صەنەم لە کاتێکدا بە ئارامی فرمێسکی دەڕشت وتی:

- وا باشترە یەکەمجار دایکم ببەین بۆ نەخۆشخانەو پاشان هەموو شتێکت پێی بڵێم.

بێهنام وتی:

- بەڵام ئەو ناتوانێ لە جێی خۆی بجوڵێ، ئێمەش بە تەنها ناتوانین ئەو بگەیەنینە نەخۆشخانە کەمێك بیری کردەوە پاشان لە پڕ هەستاو وتی:

- وا باشە لە دراوسێکانی نهۆمی خوارەوە داوای یارمەتی بکەین، صەنەم بە ئاماژەی سەر قسەکانی ئەوی پەسەند کردو بێهنام بە خێرایی بەرەو دەرەوە رایکرد.

له نهۆمی ژێرەوەی ئاپارتمانەكەدا خوشك‌و برایەكی خوێندكار كه له شارێكی دیكەوه هاتبوون دەژیان.

میهری‌و موحسین، خوشك‌و برایەكی میهرەبان بوون، بەڵام كەمتر خۆیان بوون، زۆر كەم ڕوویدابوو لەگەڵ دراوسێكاندا یەكتر ببینن. هاتوچۆی هاوسێكانیان دەكرد، چونكه سەرقاڵی دەرس‌و دەوری

بێهنام چركەیەك وەستا پاشان بە گومانەوه دەستی نا بە زەنگی دەرگاكەدا، ساتێ دواتر دەرگا كرایەوەو كچێكی جوانی باڵابەرزو قژ درێژ كه چاوەكانی پڕ پرسیار بوو هاته نێو دەرگاكە.

- سڵاو!
- سڵاو كوڕی باش، چ كارێكت هەیە؟
- من بێهنامم، كوڕی دراوسێكەتان له نهۆمی سەرەوە.

كچه جوانەكه به زەردەخەنەوه وتی:

- خۆشحاڵم، فەرموو وەره ژوورەوە.
- زۆر سوپاس! هاتووم داوای یارمەتیت لێبكەم، یارمەتیم دەدەیەت؟
- چ یارمەتییەك؟

بێهنام حاڵی دایكی بۆ باسكرد، ئەو نەیدەزانی چی ڕوویداوە، میهری ڕەنگی گۆڕاو به سەرسامییەوه تەماشای كرد، ئەو هیچ دەنگێكی نەبیستبوو، چونكه چەند دەقیقەیەك پێشتر هاتبووه ماڵەوە.

بێهنام كه ئەوی له بێدەنگیدا دەبینی به ئاوازێكی غەمگینی منداڵانە، له كاتێكدا سەری بەرز كردبووەوەو بڕۆكانی بەرز كردبووەوە، وتی:

- یارمەتیمان دەدەیت؟

میهریی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، دەستی ئەوی بە گەرمی گوشی و بە جولانی سەر ئامادەیی خۆی نیشاندا.

کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ بوو کە ئاژێری ئامبوولانسەکە بێدەنگی کۆڵانەکەی شکاند، بە یارمەتی دراوسێکەی نهۆمی ژێرەوە پەروانەیان بردە نەخۆشخانە.

لەگەڵ ئەوەی بە بڕوای دکتۆرەکان پەروانە دووچاری بووڕانەوە بووبوو، نیشانی لێدان لەسەر هەموو لەشی پەروانە بەدی دەکرا، ئێوارە بوو کاتێ پەروانە بە دەست پرسیاری سەرسامکەری دکتۆرەکان دەربارەی ئەم رووداوە، بە تەنگ هاتبوو، بە هیچ شێوەیەك نەی دەویست راستییەکان بڵێ، لە پلەکان هاتە خوارەوەو بە دژواری خۆی لە چنگی پرسیارەکانی ئەوان نەجاتدا لەگەڵ میهریی کە تا ئەو کاتە کاتی خۆی لە ئەودا سەرف کردبوو گەڕانەوە ماڵەوە.

سێ رۆژ پاش ئەوە کاتێ پەروانە تەماشای ئاوێنەی کرد، لە بینینی دەموچاوی شینەوە بوو و برینداری لەرزی و فرمێسکێ کە لە داخدا بە گۆنایدا هاتە خوارەوە بە دەست خاوێنی کردەوە، ئێستە هیچ کات هەستی بە شکستی ئاوا نەکردوە.

ئەو لە ماوەی مانگێك دا ژیان لەگەڵ پیاوێك کە لە سەرەتاوە میهرەبان بوو، سەدلەسەد دڵنیا بوو لە هەڵبژاردنەکەی هەڵەی کردوە، چونکە بەهزاد پیاوێکی نەگریس و بێ ڕەحم بوو، جگە لەوەش هیچ بەرپرسیاریی خێزانی نەبوو، ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە ئەو هۆگری تریاك و هێرۆین و مەیی بوو، شتێك کە پەروانە بڕوای نەدەکرد ئەو لەو کارە ترسناکانەدا بێت.

بێهنام پێداگری دەکرد صەنەم بچێت بۆ قوتابخانە، هەرچەند

بەهزادیش رازی نەبێت، بەڵام صەنەم بە ئەندازەیەك ترسابوو کە تەنانەت نەیدەوێرا لە پەنجەرەشەوە لە دەرەوە بڕوانێ.

پاش نیوەڕۆی پێنجشەممە بوو بە پێی بڕیار، بێهنام دەبوو بڕۆشتایە بۆ بینینی دایکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەی پەروانەش پێداگری کرد، ئامادە نەبوو ئەوان بە تەنها بەجێ بهێڵێت و بچێ بۆ لای دایکی.

دایکی بێهنام دڵی پیس کردبوو، کە بینی بێهنام نەهات، تەلەفونی بۆ ماڵی ئەوان کرد، وتی:

- خۆی دێت بۆ بینینی، بەڵام بێهنام بە دەستەپاچەییەوە وتی:
- تاچەند خولەکێکی تر لەسەر کۆڵانەکە چاوەڕێمکە منیش دێم بۆ ماڵی ئێوە.

کاتێ بێهنام تەلەفونەکەی دانا بە نیگەرانییەوە لە پەروانەی ڕوانیو بۆ گۆڕینی جلەکانی چووە ژوورەکەی، ئەو ئیدی هیچ ڕق و کینەیەکی بەرانبەر بە پەروانەو صەنەم نەبوو، بەڵکو ئەوانیشی خۆش دەویست، لە کاتی خوداحافیزی پەروانە ماچێکی کردو داوای لێکرد لە بارەی شەڕی ئەوو بەهزاد هیچ بە دایکی نەڵێ و ئەو دڵنیا بکات کە ئەوان ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەن.

پاش رۆشتنی بێهنام، صەنەم زیاتر هەستی بە تەنهایی کرد، پەنای بردە بەر باوەشی پەروانە.

پەروانە کە هەستی بە گەرمی لەشی کچە نازپەروەرەکەی کرد، بڕیاری دا کاتێ بەهزاد گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ ئەو قسە بکات و ئەگەر بە هەمان کردارو ڕەفتار بجوڵێتەوە، ئیدی چارەیەك نییە جگە لە جیابوونەوە، بۆ خۆشبەختی صەنەم، خۆی لە دەست ئەم پیاوە دڕندەیە ڕزگار بکات.

Scanned by CamScanner

صەنەم هەستی بە برسێتی دەکردو شتێك لە ماڵەکەدا بۆخواردن پەیدا نەدەبوو.

پەروانە بەو حاڵەوە کە هەیبوو، نەیدەتوانی لە ماڵ بچێتە دەرەوە، داوای لە صەنەم کرد تا بچێتە سەر کۆڵانەکەو شتێ بکڕێت، بەڵام ترسێ لە بەهزاد چووبووە دڵی صەنەمەوە، تەنانەت لە کاتی خراپترین ڕوداودا نەیدەوێرا لە ماڵ بچێتە دەرەوە.

ئەمشەو صەنەم ماندوو برسی، بە چاوی پڕ فرمێسکەوە سەری خستبووە سەر ئەژنۆی پەروانەو خەو بردبییەوە، پەروانە بێقەرارو دڵتەنگ تا سپێدە ئەشکی ڕشت، دوای بانگی بەیانی چارشێوەکەی دا بەسەرداو بۆ کڕینی نان چووە دەرەوە، چەند خوولەکێك چاوەڕوانی سەرەی نان بوو، بۆنی نانی گەرم دای لە دەماخی بە تاسەوە پارچەیەکی لێکردەوەو خستییە دەمی، بەڵام دوو ددانی شکاوو ناودەمی زامار ڕێگەی بەو نەدا، بە خێرایی پێداویستییەکانی لە دووکانەکە کڕی‌و هاتەدەرەوە، لەوەی کە دوکاندارەکە سەرو چاوی شینەوەبووی ئەوی نەدیبوو خۆشحاڵ بوو.

بە کلیلە ئاڵتونییەکان دەرگای چوونە ژوورەوەی ئاپارتمانەکەی کردەوە، لە پلەکان سەرکەوت کاتێ چووە هۆڵەکەوە صەنەمی لە خەودا بینی هەستی بە ئارامی کرد.

چەند ساتێ دواتر سفرەی نانی بەیانی پانکردەوە، هەڵمی گەرمی لە کوپە شیرەکان بەرز دەبووەوە، هێلکەو ڕۆن‌و نان لەسەر سفرەکە دروست کرابوون، پەروانە بە خۆشحاڵییەوە چوو بۆ بانگ کردنی صەنەم، ئەوان لە پێش دوو ڕۆژەوە هیچیان نەخواردبوو، دەستەکانی بۆ بەئاگا هێنانەوەی صەنەم بۆ لای ئەو درێژ کرد، بەڵام وای هەستکرد

Scanned by CamScanner

پەنجەکانی چووە بەنێو ئاوی گەرمدا، بە نیگەرانییەوە سەری صەنەمی لادا، لەبەر زۆری تا، ڕەنگی شین هەڵگەڕابوو.

- صەنەم گیان!... صەنەم کچەکەم، چاوەکانت بکەرەوە.

صەنەم... خۆشەویستم! کاتێ هیچ کردارێکی لە صەنەم نەدی، گەرووی گیرا، بە خێرایی دەستی کرد بە فێنککردنەوەی، بەڵام تاکەی بە ئەندازەیەك بەرز بوو بە خێرایی خاولییەکانی وشك دەکردەوە.

پەروانە بۆی دەرکەوت ئەم کارە هیچ سوودێکی نییە، دووبارە چارشێوی دا بەسەردا، باوەڕکردن بەوەی لەوانەیە صەنەم هەر لە نیوەشەوەوە دووچاری ئەم تایە بووبێ، دڵی گوشی، دەستی ڕاستی خستە ژێر سەری صەنەم بە دەستی چەپی لاشەی ئەوی بەرز کردەوە، بەڵام چارشێوەکە لەسەری کەوتە خوارەوە، ناچاربوو صەنەم لەسەر جێگەکەی دابنێتەوەو چارشێوەکەی بداتەوە بە سەردا.

چرکەیەك دواتر صەنەمی کردەوە باوەش بە خێرایی لە هۆڵەکە چووە دەرەوە بە دژواری ئەیتوانی بەرپێی خۆی ببینێ، بە سەختی لە پلەکان هاتە خوارو بە هەنگاوی ناڕێك لە کاتێکدا قورسایی صەنەم دەستەکانی ماندوکردبوو، ڕێی دەکرد.

لە قەراخ شەقامەکە وەستا، هیچ کەسێ تەماشای ئەوی نەکرد، لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە گوایە لەم شارەدا دڵێکی میهرەبانی تێدا نییە، تەکسییەك لە بەردەمیدا وەستا، بیرو هۆشی ئەوی کۆکردەوە.

- تکایە بمگەیەنەرە نزیکترین نەخۆشخانە!

ئەو لە کوشنی دواوەی تەکسییەکە دانیشت، چاوە گەورەکانی ئێستە پڕ بوو بوون لە فرمێسك، شینبوونەوەیەکی ترسناك لە ژێریانەوە

Scanned by CamScanner

دەبینرا،

شۆفێرەکە بە بینینی نەخۆشخانەکە قاچی خستە سەر ئیستۆپ، پەروانە سوپاسی کرد، بە زەحمەت توانی لە ئۆتۆمبیلەکە بێتە خوارەوە، لە کاتێکدا دەستەکانی ئیدی توانای هەڵگرتنی قورسایی لەشی صەنەمیان نەمابوو، شۆفێرەکە تەماشایەکی کردو وتی:

- خوشکەکەم کرێکەتان؟

- پەروانە بە ددان لێوی خۆی کرۆشت، لەوەی کە جانتای نەهێنابوو، شەرمەزاری نیشاندا، شۆفێرەکە سەری جوڵاندو وتی:

- گرنگ نییە، بەڵام چۆن دەتوانی خەرجیی پزیشكو نەخۆشخانە بدەیت؟!

پەروانە زەردەخەنەیەکی تاڵی کردو وتی:

- هەرچۆن بێت هێشتا مرۆڤی باش ماوە، منداڵەکەم خەریکە دەسوتێ.

شۆفێرەکە پێکەنینێکی کردو داوای لە پەروانە کرد گەر پێویستی بە هاوکاری ئەو هەیە بڵێ، تا ئەوان بە تەنها جێ نەهێڵێ، پەروانە سوپاسی کرد، شۆفێرەکە دوای ماڵئاوایی دوورکەوتەوە، پەروانە بە لاشەیەکی لاوازو بێهێز چووە نێو نەخۆشخانەکە بۆ کڕینی دەرمان، صەنەم لە نەخۆشخانە کەوتبوو، نەبوایە سەرێکی ماڵەوەی بدایە، تا ئەو بڕە پارەیەی هەیبوو بیهێنایە، خەمێکی گەورەی لەسەر دڵی هەست پێدەکرد، چاوە قەوییەکانی پڕ بوو بوون لە فرمێسك، چەندە تامەزرۆ بوو لەم کاتەدا دایكو باوکی لەلا بوایە، نەخۆشی صەنەم پەروانەی دەردەدار کردبوو بە ئەندازەیەك بێتاقەتتر لە صەنەم.

لە کاتێکدا سەری دانەواندبوو، چووە نێو هۆڵەکە، جوتێ پێڵاوی خۆڵاوی کە لەسەر فەرشەکە تەپەی دەهات، سەراپای پەروانەی لەرزاند، چاوی لەسەر فەرشەکە هەڵنەگرت تا ئەوکاتەی بوونی بەهزادی لای خۆی هەستپێکرد، بە ئارامی نیگای خۆی لە نووکی پێی بەهزادەوە بەرەو سەر برد، تا نیگایان یەکی گرت.

ئەمڕۆ بەهزاد زۆر رێك و جوان دەهاتە بەرچاو، پێڵاوەکانی رەنگە کاڵۆبووەکەی نەمابوو، جل و بەرگەکەی تازەو ئوتوکراو بوو، بەهزاد لە بەرانبەر پەروانە وەستا.

هەناسەی بە توندی دەدا، پاشان دەستی پەروانەی گرت و ئەوی بردە ژوورەکەو دەرگاکەی لەدواوە بەست، هەناسەیەکی قووڵ بۆنێکی ناخۆشی بڵاوکردەوە، سینەی پەروانەی ئازار دەدا، دەستی ئەوی بە توندی گوشی و بە توڕەییەوە وتی:

- بۆ کوێ چووبووی بچکۆلەی بێ ئەقڵ؟

پەروانە چاوی لەسەر سوڕاندو هەوڵیدا دەستی لە ناو دەستی بەهزاد دەربهێنێ، بەڵام هەوڵەکەی بێسوود بوو، بەهزاد بە دەستەکەی تری دەم و چاوی پەروانەی گرت و گۆناکانی گووشی، پەروانە هاواری لێ هەستا، چونکە کاکیلەکانی ئازارێکی زۆریان پێگەیشت، بەهزاد ئەوی بۆ لای خۆی راکێشاو پاشان فڕێیداو دای بە دیوارەکەدا، بەرکەوتنی دیوارەکە هەموو گیانی پەروانەی وەژان خست، بەرچاوی تاریك بوو هێڵنجی دەدا، بە ئارامی کەوتە سەر زەوی.

بەهزاد بە چیچکانەوە لە بەرانبەری دانیشت و لە پەڕینی ڕەنگی پەڕیوی ئەو ترسا، شوێنەواری شین بوونەوە کە دەیزانی کاری خۆیەتی هێشتا بەڕووی پەروانەوە مابوو، هەناسەیەکی قووڵی

هەڵكێشاو لە کاتێکدا شێوازێکی ئارامتری بە قسەکانی دابوو، وتی:

- بۆچی بەزەیت بە خۆتدا نایەتەوە، ئەم هەموو ئازارە بە خۆت دەگەیەنیت؟

- دە جارم بە تۆ وت ڕازی نیم ژن و کچم لەماڵ بچنەدەر، بۆچی بە قسەم ناکەیت؟

دواتر دەنگی بەرز کردەوەو وتی:

- تۆ ئەمڕۆ ئابڕوی منت برد، من بە هاوڕێکانم وتبوو هاوسەرەکەم بە هیچ شێوەیەك لە ماڵ ناچێتە دەر، تەنانەت گەر بۆ کاری زۆر گرنگیش بێت، گەر خۆم مۆڵەتی پێنەدەم کە نایشیدەم هەرگیز لە ماڵ دەرناچێ... بەڵام تۆ... منت کردە پارەی قەڵب... هەموویان لەگەڵ من هاتن بۆ ماڵەوەو کاتێ تۆ لە ماڵ نەبووی بە دەنگی بەرز پێکەنین، ئەزانی مانای چی؟

شێوازێکی توندو خێرای بە قسەکانی دابوو، وتی:

- ئەمڕۆ تۆی سەرکەش منت شکاند!

- یانی تۆ لەبەر پارێزگاری لە سەرکەشی خۆت ئاوامان لێدەکەی؟

بەهزاد پێکەنی و وتی:

- من لە پشت قسەکانمەوە تاکو ماوم دەمێنمەوە، بۆ دواجار پێت دەڵێمەوە نابێ لە ماڵ بچیتە دەرەوە.

پەروانە بە دەنگی بەرزو بێ ئارام وتی:

- باشە... باشە ڕۆژی یەکەم بۆچی پێت نەوتم؟

- ترسام نەبیتە ژنم.

- مەگەر لات گرنگ بوو؟

Scanned by CamScanner

- بــەهزاد شــەیتانانە تەماشــای کــردو لــە کاتێکــدا بــە پێــوە وەستابوو، قژی ڕێك دەخست وتی:
- بەڵێ! گرنگ بوو زۆریش گرنگ بوو!

پەروانــە ســەری دانەوانــدو بێــدەنگ بــوو، بــەهزاد شــێتانە دەســتی بە پێکەنین کردو وتی:

- داماو! وا نەزانی لەبەر خاتری خۆتە؟!... نا لە هەڵەدای!...

لە کاتێکدا بە دژواری ڕێگەی لە پێکەنینی خۆی گرت، بەردەوام بوو:

- تۆ هیچ لام گرنگ نەبووی، بەڵکو لەبەر قسەیەك لای هاوڕێیەکم کردبووم، ئەزانی ئەو زۆر ستایشی تۆو خێزانەکەتی دەکرد، لە گەڕەکەکــەی ئێــوە دەژیــا، ئــەو پێــی وتم داواکــاری زۆرت هەیــە، بــەڵام بــە هیــچیان ڕازی نیــت... منــیش پــێم وت منــیش داوای دەکەم، بەڵام ئەو پێم پێکەنی وتی:
- ئــەوان خێزانێکــی شــەرافەتمەندن و لەگــەڵ کەســانی وەکــو تــۆ خزمایەتی ناکەن، من لەگەڵ ئەو گرەوم کرد لەسـەر ٥٠٠ هــەزار تومــان، دووبــارە دەســتی کــردەوە بــە پێکــەنین، پەروانــە بــەڕق و تووڕەیی دەلەرزی بە تووڕەییەوە وتی:
- حەیوان، بێهەست!

بــەڵام بــەهزاد لەبــەر پێکــەنینی زۆر، دەنگــی پەروانــەی نەبیــست ئــەگینا دووبــارە جۆشــێکی ئــەکوتا... بــەهزاد لــە کاتێکــدا خــۆی خــوارو ڕاست نەکردەوە لەبەر پێکەنین وتی:

- من بە جوانی ڕۆڵەکەم یاری کرد وا نییــە؟! هاوســەرێتی لەگــەڵ تۆی سەرکەش منی لەناو هاوڕێکانم بــەرز کــردەوە، لەبــەر ئەوە ئــەبێ تــۆ سوپاسگوزارم بی! پەروانــە لەبــەر تــووڕەیی ئەلــەرزی،

ئەمجارە هاواری كردو وتی:

- بێدەنگ بە بێ مێشك!

پەروانە سەری سوڕاندو نیگایان لەگەڵ بەهزاد یەكی گرت، بەڵام زەبرێكی كاریگەر بەر شانی كەوت، دەنگی ناڵەی بەرزكردەوە.

بەهزاد قژی ئاڵاند لە دەستییەوە، وتی:

- گەر بمەوێت، دەتوانم ئێستا بتكوژم... گەر دەهێڵم هەناسە بكێشی دەبێ رۆژی سەد جار دەست و قاچم ماچ بكەیت؟!

پاشان پەروانەی بە لایەكدا فڕێدا، پەروانە دەردەدارانە وتی:

- ئاخر تۆ كێیت؟ هیچ، وا نەزانیت...

- من هەر چییەك بم مێردی تۆم تۆ مۆڵەتت نییە بە بێ پرسی من تەنانەت لە جێگەی خۆشت بجوڵێی، تێگەیشتی؟

پەروانە بە شێوازێك بە دژواری دەبیسترا، وتی:

- بەڵام ئەمە بێویژدانییە، زوڵمە، تێدەگەی؟

بەهزاد وەڵامی نەدایەوە لەسەر كورسییەكە قاچی خستە سەر قاچ، ماندوو توڕە دەهاتە بەرچاو، چەند مژێكی قووڵی دا لە جگەرەكەی لای دەمی، پەروانە تەماشای نوسخەی دەرمانەكانی دەستی دەكرد، ڕق و كین گەرووی گرتبوو، پەنای بردە ژوورەكەی تر، فرمێسكەكانی پاك كردەوەو خۆی ڕێك خست، ئەو برە پارەی هەیبوو خستییە نێو دەستی بە بێ ئەوەی تەماشای بەهزاد بكات، بەرەو دەرگای دەرەوە رۆیشت، ئەو كاتەی ویستی یەكەم هەنگاو بنێتە دەرەوە، تێخوڕینی بەهزاد ئەوی لەجێی خۆی وشك كرد.

- بۆ كوێ؟

پەروانە دەستی بە پاڕانەوە كردو وتی:

- بەهزاد تو خودا لێگەڕێ بڕۆم صەنەم زۆر نەخۆشە، ئێستە لە نەخۆشخانە کەوتووە، پزیشك ئەم دەرمانانەی نوسیوە، بەڵام چونکە پارەم پێنەبوو...

بەهزاد قسەکانی پێ بڕیو لە کاتێکدا لێی نزیك دەبوویەوە، وتی:

- بەڵام تۆ بۆت نییە قاچت لەم ماڵە بچێتە دەرەوە! ئەم وشەیەی بە یەکلاکەرەوە وت، پەروانە ئیدی توانای باس و خواس و لێدانی نەمابوو، چونکە هەموو گیانی لەبەر لێدان بە ئازار بوو، بەرانبەر بەهزاد کەوتە سەر ئەژنۆو قاچەکانی گرت و بە شێوازێکی پاڕانەوە وتی:

- بەهزاد تو خودا بهێڵە بڕۆم، تەنها ئەمجارە، صەنەم ئەمرێ، پزیشکەکەی چاوەڕوانی دەرمانە، تکات لێدەکەم.

بەهزاد بە قاچەکانی ئەوی دوور خستەوەو وتی:

- ئەمرێ بە جەهەنم، ئەمانە هەمووی بیانووە بۆ چوونە دەرەوە لە ماڵ! پەروانە دەستی بە گریان کردو وتی:

- ئەو نوسخە ببینە...و تەماشاکە، بە خودا درۆناکەم... صەنەم لەبەر تاخەریکە دەسووتێ، تو خودا...

بەهزاد کاغەزەکەی لە دەست گرت بێئەوەی تەماشای بکات پارچە پارچەی کرد، وردە کاغەزەکانی پرژاند بەسەر پەروانەدا.

پەروانە لەبەر ئازار دەگریا، بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە کە لەبەر زۆری گریان ئەسوتانەوە، تەماشای بەهزادی دەکرد، کە چووە لای تەلەفونەکەوە وایەری تەلەفونەکەی پچڕاندو پەنجەرەکانی داخست، پەردەکانی دایایەوە پاشان پاڵتۆکەی لەبەر کرد، لە نزیك پەروانە وەستاو وتی:

Scanned by CamScanner

- ناوی نەخۆشخانەکە بڵێ؟ خۆم دەچم بە دوایدا.
- بەڵام بەهزاد!...
- وتم بڵێ بۆ کام نەخۆشخانەت بردووە؟
- نەخۆشخانەی میهر...

بەهزاد لە هۆڵەکە چووە دەرەوە بەرەو دەرگاکە، پەروانە بە پاڕانەوە تا ناو دەرگای دەرەوە دوای کەوت و تکای لێکرد مۆڵەتی بدات، ئەویش لەگەڵی بڕوات، لە کاتێکدا بە باشی دەیزانی بەهزاد هەرگیز ناچێت بۆ نەخۆشخانە.

ساتێ دواتر کلیلەکە لە نێو قوفڵەکەدا سوڕاو دەنگی پێی بەهزاد بەر گوێی کەوت کە لە قادرمەکان دەچووە خوارەوە، پەروانە چەندی لە دەرگادا کەس بە هاوارییەوە نەهات، سەرئەنجام ماندوو دەردەدار پاڵی دا بە دەرگاکەوە هەرچەند توانای گریانی نەمابوو، ماتەموو سەرگەردان فرمێسکی دەڕشت.

بە پێچەوانەی ئەوەی پەروانە بیری لێدەکردەوە، کاتژمێرێ دواتر بەهزاد خۆی کرد بەژووردا و صەنەمی بە دواوە بوو، پەروانە کە چاوەکانی لەبەر زۆری گریان ئاوسا بوون بەرەو لای صەنەم ڕای کردو کردییە باوەش، لاشەی صەنەم هەروا گەرم بوو، لە کاتی هەناسەدان دا سنگی بە توندی بەرزو نزمی دەکرد، پەروانە جێگەیەکی بۆ ڕاخست و لاشەی تاداری ئەوی لەسەر جێگەکە خەواند.

کاتێ سەرچەفەکەی ئەدا بە سەریدا، بەهزاد بە ئارامی دەرمانەکانی صەنەمی لە ناو کیسەیەکدا خستە کۆشی، پەروانە سەری بەرز کردەوەو نیگایەکی سوپاسگوزارانەی تێبڕی، ئەو بێموبالات تەماشایەکی پەروانەی کردو بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیشت.

- بۆ کوێ دەڕۆی بەهزاد؟

پەروانە ئەمەی وتو لە جێگەی بەرز بوویەوە، بەهزاد نیو نیگایەکی تێبڕی و وتی:

- زوو دەگەڕێمەوە... پاشان لەسەر پاژنەی پێ سوڕاو بەهزاد لە ماڵ چووە دەرەوە.

چاوی لەسەر میلی کاتژمێرەکە لا نەدەبرد، لەگەڵ ئەوەی ڕقێکی زۆری لە بەهزاد بوو، بەڵام لە دڵەوە نیگەرانی بوو.

شەو لە نیوە تێپەڕیبوو، هێشتا لە هاتنەوەی بەهزاد بۆ ماڵەوە هەواڵێك نەبوو، لەبەر پچڕانی سیمی تەلەفونەکە نەیدەتوانی تەلەفونێك بۆ میوانخانەکە بکات، وای دادەنا بەهزاد چووە بۆ ئەوێ، کەمێ ئارام بووەوەو لە پاڵ صەنەمدا خەوت، بەیانی ئەو ڕۆژە بێهنام گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو پەروانە هەوڵی دەدا چوارچێوەی ماڵەکەیان بۆ لەبار بکات، تا صەنەم و بێهنام بە ئاسودەیی تیایدا بژین، ئومێدەوار بوو ڕۆژێك بەهزاد لە کاری خۆی پاشگەز بێتەوە، بگەڕێتەوە باوەشی خێزانەکەی.

چوار ڕۆژ تێپەڕی و هەواڵێك لە بەهزاد نەبوو، لەو ڕۆژەوەی پەروانە لەگەڵ ئەو زەماوەندی کردبوو، زۆر جار ڕوویدا بوو لە مانگێك دا دە شەو لە ماڵەوە دەبوو، باقی شەوەکانی تریش خێزانەکەی بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی دەبوون.

دەمەو بەیان بوو، پەروانە هەروا لە ناو تەختی ماڵەکەدا کەوتبوو، بەسەر گوزەشتەی ژیانی خۆیدا دەچووەوە، بە بیرهێنانەوەی دایك و باوکی فرمێسك لە چاوانیدا زنجیرەیان بەست، ئەو تا ئێستا هەلێکی بۆ هەڵنەکەوتبوو، نامەیەکیان بۆ بنوسێ، لە جێگەی خۆی هەستا، قەڵەم و کاغەزی هێناو دەستی کرد بە نوسینی:

باوکی بەڕێزو دایکی خۆشەویستم...

سڵاوی گەرمو بێپایانی ئێمەتان لێبێ، من زۆرباشم لەگەڵ بەهزادو بێهنامو صەنەم بە خۆشی ژیان بەسەر دەبەین، ئازانن چەند هەستی ڕازی بوون خۆشبەختی سەراپامی داگیر کردوە، صەنەم سڵاوتان لێدەکات، ئێستا ئەو دڵگیرترو جوانتر بووە کاتێ لە نێو جلوبەرگی قوتابخانەدا دەیبینم دڵم لە خۆشیدا خەریکە لە نێو سینەم هەڵدەفڕێ، بەهزاد سڵاوی هەیە بۆتانو ئێستا کە نامەتان بۆ دەنوسم، ئەو لەگەڵ منداڵەکان چوون بۆ سینەماو منیش لە ئامادەکردنی خواردندام بۆیان، خۆزگە لێرە بوونایە ئێمەتان لەم هەموو خۆشبەختییەدا ببینیایە، دڵم بۆتان تەنگەو هیواخوازی تەندروستیتانم، سڵاوم بگەیەننە کاکمو براژنم، نامەکەم کۆتایی هات.

خواتان لەگەڵ

کچی خۆتان/ پەروانەی ئیمانی

پەروانە کۆتایی بە نامەکەی هێناو ڕێگەیدا بە زنجیرە فرمێسکەکانی بێنە خوارەوە، پێی خۆش بوو بریا ژیان بەو شێوەیە بووایە کە لە نامەکەدا نوسیبووی.

کاتژمێر نۆو نیو بوو، پەروانە بە مەبەستی چوونە دەرەوە چارشێوەکەی دا بەسەریدا، بەڵام دەستەکانی صەنەمی بینی بە دەوری ئەژنۆکانیدا ئەڵقە درابوو، صەنەم زۆر لە هاوارو نەڕەنەڕی بەهزاد ترسابوو، هەوڵی دەدا ڕێگریێ لە چوونە دەرەوەی دایکی.

پەروانە دەستەکانی ئەوی کردەوە، لە بەرانبەری لەسەر چۆك دانیشتو بە چاوی پڕ لە میهرەبانی تێی ڕوانی.

Scanned by CamScanner

صەنەم بە شێوازێکی پڕ لە پاڕانەوە وتی:

- دایەگیان تو خودا لە ماڵ مەچۆرە دەر، گەر هەمدیسان سەرو کەللەی بابە پەیدابێ، پێستی سەرت ئەکەنێ، پێم ناخۆشە دووبارە لێدان بخۆی!

پەروانە بوغز بەر ئەوکی گرتبوو، زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێو، شاردییەوەو بە ئارام وتی:

- نا خۆشەویستم، مەترسە، هیچ ڕووداوێك پێش نایەت... بە خەیاڵی ئاسوودەوە سەرگەرمی وانەکانت ببە.

صەنەم بە بێ مەیلی سەری بۆ جوڵاندو قسەکانی دایکی وەرگرت، دەستەکانی لە گەردنی پەروانە ئاڵاندو ماچێکی گەرمی منداڵانەی لە ڕوومەتی دایکی کرد، پەروانە خۆی ماموٚستای صەنەم بوو.

*     *     *     *     *

# ٣

لە دووسێ قادرمە سەر کەوتە سەرەوە، چووە نێو سالۆنەکەوە هەندێ مێزو کورسی لێ دانرابوو، سالۆنەکە هەمووی فەرشڕێژ کرابوو، بۆ لای ڕاست بەرەو خزمەتچییەکان ڕۆیشت ئەو پێشتریش ئەم میوانخانەیەی دیبوو، بەڵام نەیدەتوانی ئاغا کەمالی شەریکی بەهزاد بهێنێتەوە یاد.

پەروانە ڕۆیشت بۆ لای پیاوێکی چوارشانەی قەڵەو کە لە پشت مێزێکەوە وەستابوو سەبیلێکی بە دەمەوە بوو، لە نیوان لێوەکان یاری پێدەکرد.

بە ویقاری تایبەتی خۆی سلاوی لێ کرد، کابرا سەری بەرز کردەوە نیگایەکی ساردوسڕی تێبڕی و وتی:

- خوشکە ژووری خاڵیمان نییە، تۆ گەشتیاریت؟

پەروانە سەری بە نیشانەی نەخێر جولاندو وتی:

- من... من هاوسەری ئاغا بەهزادم.

پیاوەکە بە نیگایەکی پۆزش ئامێزەوە وتی:

- ببوورە خوشکە... بۆچی حەواسمان دەمێنێ، ڕۆژانە لەگەڵ سەد کەس سەرو سەودا دەکەین.

دواتر زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- زۆرباشە فەرموو... ئەمرێکتان هەبوو؟

پەروانە بە ناڕەحەتییەوە وتی:

- ڕاستییەکەی چوارشەوو ڕۆژە هەواڵێکم لە بەهزاد نییە... هاتم بزانم ئێوە...

کابرا ڕەنگێکی هێناو برد لە کاتێکدا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

- ئێی خوشکە... کاری کوا؟!... ئاغا بەهزاد دە دوازدە ڕۆژ لەمەوپێش بەشەکەی خۆی بە من فرۆشتو پارەی وەرگرتو ڕۆشت... دووسێ ڕۆژ لەمەوبەر هات بۆ میوانخانەو دەستی هاوسەرەکەی گرتو ڕۆیشت... وتی "چەند ڕۆژێك ئەچین بۆ سەفەر..."

پەروانە بە بیستنی ئەم قسانە لە جێی خۆی وشك بوو، لە کاتێکدا لەرزێکی تایبەت سەراپای داگیرکرد بوو، بەڵام لەبەر کابرا نەگریا، ئاغا کەمال ئاگای لە حاڵی ئەو بوو بە دەستەپاچەییەوە وتی:

- چی بووە خوشکە؟! بۆچی وات بەسەر هات؟!

پەروانە چاوەکانی تاریك بوون، ئاغا کەمال خێرا کورسییەکی هێناو داوای لە پەروانە کرد دابنیشێ، ئەو دانیشتو پاشان لەو پەرداخە ئاوەی ئاغا کەمال بۆی هێنابوو تۆزێکی خواردەوەو کەمێ هاتەوە سەرخۆ.

ئاغا کەمال تێگەیشت پەروانە ئاگای لە کرداری مێردەکەی نییە، سەر کۆنەی خۆی کرد، بەڵام تازە کارێکی لە دەست نەدەهات، کورسییەکی لە بەرانبەر پەروانە داناو لە نزیکیەوە دانیشت چاوەکانی بڕییە پەروانەو بە ئاوازێکی نەرمو لەسەرخۆ وتی:

Scanned by CamScanner

- ئەبێ لێم ببووری... کە... بەو جۆرە مەسەلەکەم باس کرد.

پەروانە پێکەنینێکی تەڵخی کردو وتی:

- نە ئاغا کەمال... خەتای خۆمە نەمدەویست باوەڕ بە ڕاستییەکان بکەم... بێهنام پێی وتبووم دایکی تەڵاقی لە بەهزاد وەرنەگرتووەو بڕیارە دووبارە لە گەڵی ئاشت ببێتەوە.

ئاغا کەمال بە ئەسەفەوە سەری جوڵاندو خەمگینانە چاوی بڕییە تەختی ساڵۆنەکە.

پەروانە بە توندی تەماشایەکی کردو پرسی:

- ئاغا کەمال؟!

کەمال چاوی لە زەوی بەرز کردەوەو بڕییە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی پەروانە، ئاهێکی درێژی کێشاو وتی:

- ئێستە کە وای لێ هات، ناچارم ڕاستییەکەی بە تۆ بڵێم!

هاتوچۆی گەشتیارەکانو کارمەندەکانی میوانخانە نەیدەهێشت ئەوان بە ڕەحەتی قسە بکەن، ئاغا کەمال دەستێکی هێنا بە قژەماشو برنجییەکەیداو وتی:

- کچەکەم باشترە بە دوای منا بێیت.

لە جێگەکەی هەستا، پەروانە بە بێ مەیلیو لە حاڵێکدا قاچەکانی کێش دەکرد کەوتە دوای کەمال، بە خێرایی قادرمە مارپێچەکانی یەك یەك بڕیو کاتێ چووە ساڵۆنی قاتی سەرەوە، لەسەر کورسییەك دانیشتو بە دەست ئاماژەی بۆ پەروانە کرد لەسەر کورسی بەرانبەری دابنیشێ، پەروانە زۆر چاوەڕوانی نەکێشاو بێ پسانەوە دەستی کرد بە قسەکردن، ئەوەندە بە ئارامی قسەکانی دەکرد کە وشەکانی زوو بۆ پەروانە هەزم دەکران.

Scanned by CamScanner

پەروانە ناباوەڕانە گوێی بۆ قسەکانی شل کردبوو!

- لە بارەی ژنی یەکەمی بەهزادەوە پێویستە بڵێم ئەو ئیتر ژنی بەهزاد نییە تەڵاقی وەرگرتووە، لەوانەیە دایکی لەبەر بێهنام و بۆ دڵخۆشی ئەو پێی وتبێ لەگەڵ باوکت شەرمان بووە زۆر نابا ئاشت دەبینەوە، حەیف کە ئەو لەژێر سەقفێکدا لەگەڵ بەهزاد ئەنوست.

پاشان سەری ڕاوەشاندو بەردەوام بوو:

- هەڵبەت ئەبێ بمبەخشی کە بەو جۆرە باسی مێردەکەت دەکەم پەروانە بێ ئەوەی شتێ بڵێ چاوی بڕیبووە دەمی کەمال، تا لە قسەکانی بەردەوام بێ.

- دایکی بێهنام ژنێکی نازەنین بوو لێبووردەو بە تەحەمول... بەڵام ئەگەر لە ڕاستی لادەین، لەگەڵ ئەو ئاکارە وەحشیانەی بەهزاد ئەبێ بڵێم زۆرە حەوت ساڵ بەرگە بگرێت، سەرەنجام نەیتوانی بەردەوام بێ و تەڵاقی وەرگرت، چەند مانگ لەمەوبەر بەهزاد وتی "دووبارە ژنم هێناوە " بە ڕاستی دڵم بە حاڵتان سووتا، بەڵام دۆعام دەکرد بە هاتنی هاوسەری تازە دەست لەو ڕەفتارە دزێوانە هەڵگرێ.

کەمال نیگایەکی دڵسۆزانەی بڕییە دەموچاوی پەروانە، هێشتا ڕەنگی نەهاتبووەوە سەر خۆی، پاشان بە خەمبارییەوە سەری جوڵاندو بەردەوام بوو:

- لە ناو ئەم یەك دوو مانگەی رابووردودا کەسانێکی بێ ڕەوشت لە ناو میوانخانە نەهاتن و نەچوون، نەبوونە هۆی ناڕەحەتی میوانەکان، ئەگەر بە هەڵەدا نەچم چووەتە نێو کاری

Scanned by CamScanner

ناياساييەوە!

ڕستەی کۆتایی زۆر بە جوان ئەداکرد، بریسکە فرمێسکی پەروانە لە نێو چاوەکانی دەبریسکایەوە، لە کەمالی شاردەوە لە حاڵێکدا سەری دانەواندبوو بە غەمبارییەوە وتی:

- تکایە بەردەوام بە.

کەمال فەرمانی بە یەکێ لە کارمەندەکانی دا چای هێناو پاشان وتی:

- ماوەیەك لەمەوبەر تێکەڵاوی ئەو مامەڵەیە بوو، سوودێکی زۆری دەست ئەکەوت، داوای بەشی خۆی کرد، منیش لە خودام دەویست شەڕی بەهزاد لە سەر میوانخانەکە دوور بخەمەوە، دووسێ ڕۆژ دواتر پارەکەم بۆ ئامادە کردو کاریم تەواو کرد.

بەیانی هەمان ڕۆژ بەهزاد هاتەوە بۆ میوانخانەکە، لە حاڵێکدا جلو بەرگێکی نوتوکراو تەواو شیکی پۆشی بوو دەستی خانمێکی گرتبوو، داوای لێ کردم ژوورێکیان بۆ ئامادە بکەم، ئەو ژنەی لەگەڵیدا بوو تەمەنی لە دەورو بەری ٣٥ ساڵیدا بوو، شەش ساڵ لە بەهزاد گەورە تر دیاربوو، قیافەیەکی دزێوو ناشیرینی هەبوو، بە جۆرێ بوو مرۆڤ لە تەماشاکردنی ئەترسا، من ئیتر کە نەمدەویست چارەی بەهزاد ببینم، کەوتمەناو، لە ڕوودامام و ژوورێکم بۆ ئامادەکردن، پاش سەعاتێك بەهزاد لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، لە کاتێکا زۆر خۆشحاڵ بوو هاتە لام، خێرا لێم پرسی ئەم خانمە کێ بوو؟ زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوی و وتی:... "ئاغا کەمال ئەوە پەردیس خانمی خێزانی تازەمە" لەم قسەیە لە جێی خۆم وشك بووم و پێم وت: "بۆچی دوو مانگ لەمەوبەر زەماوەندت نەکرد؟" پێکەنی، وتی: "ئەم هاوسەرێتییەیان پێویست بوو،

من لەگەڵ برای ئەم ژنە تێکەڵی مامەڵە بووین، بۆ ئەوەی دڵنیابم لێی فێڵم لێنەکات خێرا داوای خوشکەکەیم کرد ئەویش پێیدام هەر دوێنێ شەو گرێبەستەکەمان واژۆکرد!" ئەفرەتم لە شەیتان کرد لە داخی پیاوی ئاوا، خەریك بوو ئەتەقیم، دووسێ شەو لێرە بوون، تا دوو ڕۆژ لەمەو پێش بەهزاد هات بە دوایداو لەگەڵ خۆی بردی.

پەروانە سەری بە سەر مێزەکەدا شۆڕ کردەوە، بە ئارامی گریا.

* * * * *

# ٤

مانگێك تێپەڕی ڕۆشتنی پایز، ساردی زستانی نەگەیاند، دارەکان ڕووتو بێ گەڵا لە زەڕبەی لێدانی شەلاقی با خۆیان پێچ ئەدا، هەورە ڕەشەکان سەرانسەر بەری ئاسمانیان گرتبوو، هەوا دڵ قەبزو غەمئامێز بوو،ماڵی پەروانە لەبەر ساردی تاقەتپڕوکێن بوو، پەروانە هەر کات لە پشتی پەنجەرەی ژوورەکەوە تەماشای دڵۆپەی بارانی دەکرد زامی کۆنی دەرونی ئەهاتەوە سۆ.

ئێستا مانگێك بەسەر ڕۆشتنی بەهزاد گوزەراوەو هیچ هەواڵێکی لێی نەبوو، بێهنام لە نەبوونی باوکی زیاتر کاتەکانی لەگەڵ دایکی بەسەر ئەبرد. صەنەم بە هەوڵی زۆرو ماندووبوونی دایکی دوور لە قوتابخانە وانەی دەخوێند، ئەمە پەروانەی دڵخۆش دەکرد،

کارەباو غازو تەلەفونی ماڵەکەیان بڕابوو، پەروانە ئیتر کە هیچ شتێك لە ماڵدا نەمابوو، تەنها پەزمەندەی خۆی مابوو، لە بانك دەری هێناو ماڵەکەی پێ ڕۆشنو گەرم کردەوە، صەنەم بە خۆشحاڵییەوە لە لای سۆپاکە دانیشتبوو سەرمای دەستەکانی بە گەرمی سۆپاکە لە ناو دەبرد، پەروانە بە تامەزرۆییەوە تەماشای دەکرد، بەڵام لەوەی کە ئیتر پارەیەکیان بۆ ژیان نەمابوو ترس سەراپای داگیر کردبوو.

کاتێ چاوەکانی کردەوەو صەنەمی بە خەوتوویی لەسەر جێگاکە بینی،

زەردەخەنەیەکی کردو لە قەراخ پەنجەرەکە وەستا.
بەفرێکی قورس کە لە دوێنێ پاش نیوەڕۆوە دەستی بە بارین کردبوو، ئێستە هەموو جێگایەکی سپی پۆش کردبوو.
پەروانە ئەیزانی کاتێ صەنەم بێدار بوویەوە، هەمدیسان لەبەر برسێتی بێ تاقەت دەبێ، بیری سەرگەردانی ئەو ئارام نەدەبوو، کاتێ سەری بەرز کردەوە تا تنۆکی فرمێسکەکانی لە چاو بسڕێ، درەوشانەوەی ئەڵقەکەی نێو پەنجەی ئەوی بە خەیاڵدا برد تەماشایەکی کردو لە لێوەکانی نزیك کردەوەو ماچێکی کرد، ئەو ئەڵقە جوانەی کە لە دەستی ڕاستیدا بوو، بۆ پەروانە بایەخێکی زۆری هەبوو، چونکە یەکەمین دیاریی هاوسەرێتی سەعید بوو کە پێی دابوو پەروانە لە پەنجەی داکەندو تەماشایەکی قووڵی کرد، پاشان خستییە مشتییەوەو بە خێرایی چارشێوەکەی دا بە سەردا، پێڵاوەکانی کردە پێ و بە ئاگاوە هەنگاوی دەنا، قاچەکانی تا قولەپێ لە بەفر ئەچەقی، هێشتا شوێن پێی ڕێبواران نەدەکەوتە بەر چاوو ڕێگەی بازاڕ نەکرابوویەوە، تا ئەو بە ئاسانی بتوانێ بە کۆڵانەکاندا بڕوات، لە بیری ئەوەدا بوو لەوانەیە هێشتا زەڕەنگەرەکان نەکرابێتنەوە، لە جێی خۆی وەستا، بەڵام لەبەر خۆیەوە وتی: "گەر بە ئارامی هەنگاو بنێ، سەعاتێك درێژە دەکێشێ تا خۆی بگەیەنێتە نزیکترین زەڕەنگەر".
کاتێ گەڕایەوە ئیتر لەبەر فرۆشتنی ئەڵقەکەی نیگەران نەبوو، چونکە بە پارەکەی دەیتوانی جل و بەرگی گەرم و دەسکێش بۆ صەنەم بکڕێ تاوەکو چەند ڕۆژ خەمی خەرجی نەخوات.
صەنەم بە ئیشتیهاوە ئەو پارچە نانەی کە ناوەکەی پەنیری تیابوو بەر گازدا، گەرمای ماڵ و نان و چای بەیانی کە نزیکی نیوەڕۆ ئامادەبوو

بوو، ئەوی خۆشحاڵ کردبوو، لەم کاتەدا دەنگی کردنەوەی دەرگای ساڵۆنەکە بێ دەنگی ماڵەکەی شکاند.

پەروانە لە جێی خۆی ڕاپەڕیو بە دوای ئەویشدا صەنەم چوونە نێو ساڵۆنەکە هەر دوو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای پیاوێکیان دەکرد کە مانگێکە ئەوانی بە تەنها جێ هێشتوە، لەبەر خۆشگوزەرانی خۆیان بوو نەدەگریان، بەهزاد بێ ئەوەی تەماشایەکی ئەوان بکات هاتە نێو ساڵۆنەکە پاشان بە دەنگێکی بەرز بانگی کردو وتی:

- فەرموون بۆ! پاشان چاوەکانی بۆ لای پەروانە وەرگێڕان!

- بڕۆ چارشێوەکەت بپۆشە!

پەروانە فەرمانەکەی جێ بەجێ کردو کاتێ دووبارە هاتە نێو ساڵۆنەکە، پیاوێکی هەیکەلی و قەڵەوی ڕەش پێستی بینی سەرگەرمی پشکنینی شتومەکی ماڵەکە بوو.

پەروانە بە نیگەرانییەوە لە بەهزاد نزیك کەوتەوە وتی:

- چی ئەکەی؟

بەهزاد بە گاڵتە پێکردنەوە تەماشایەکی کردو وتی:

- مەجبوور نیم بۆت شیبکەمەوە!

صەنەم زارەترەك بەرەو ڕووی ئەوان دەگریا پەروانە ئاهێکی قووڵی کێشاو ڕوو بە بەهزاد وتی:

- لە کوێ بووی؟ هەموو جێگایەکت بە شوێندا گەڕام.

بەهزاد پێکەنی و وتی:

- یانی لەبەر دووری منە ئاوا لەڕ بوویت؟!

پەروانە سەری بەرز کردەوەو وتی:

- بەهزاد ئەتەوێ بڵێی چی لەم شتومەکانە دەکەی؟!

Scanned by CamScanner

بەهزاد بە گومانەوە تەماشایەکی کردو وتی:

- هەندێك پارەم پێویستە، ئەمەوێت فەرش و تەلەفزیۆنەکە بفرۆشم، خۆ ڕێگر نیت؟!

ئەمەی بە دامەزراوی و یەکلاکەرەوەوە وت.

پەروانە تەماشایەکی دەوروبەری کرد، ئەیزانی باسکردن لەگەڵ بەهزاد کەڵکی نییەو گەر بچووکترین ڕەخنە بگرێ، ئەکەوێتە بەر پەلاماری وەحشیانەی بەهزاد.

تەماشایەکی صەنەمی کردو بە هەنگاوی لاوازو بێ حاڵ چوو بۆ لای ئەو لەگەڵ خۆی بردە نێو ژوورەکە، هاواری بەهزاد ئەوی لە جێی خۆی وشك کرد:

- لەگەڵ تۆم نەبوو؟

پەروانە چاوە خەماوییەکانی بۆ لای بەهزاد وەرگێڕا ئەو بەردەوام بوو:

- بۆ فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانە ڕەخنەیەکت نییە؟ هەتە؟

پەروانە بە نیشانەی نە سەری جوڵاندو چووە نێو ژوورەکەوەو دەرگای داخست، دووبارە صەنەمی لەسەر سفرەکە دانیشاندو خۆیشی چووە نێو دەریای بیرکردنەوە.

سەعاتێ دواتر ماڵەکە کەوتە نێو دەریای بێ دەنگییەوە، کاتێ پەروانە گەڕایەوە بۆ ساڵۆنەکە، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای شوێنی تەلەفزیۆن و فەرشەکەی کرد، دوو تابلۆی جوان و گران بەها کە بەشێك بوون لە جیازی ئەو، ئێستە نین.

بۆ لە دەستدانیان دڵگران نەبوو، بەڵکو نیگەرانی ئاکاری ساردو سڕی بێ ڕۆحی بەهزاد بوو.

صەنەم لەگەڵ ئەوەی منداڵ بوو، بەڵام ئەو بارە ناهەموارەی ژیان

کەوتبووە سەر شانیان لە دڵەوە لەگەڵ دایکی هاوخەم بوو، بە جوانی دەرکی بەمە کردبوو چی بە سەر ژیانی ئەوو دایکیدا هاتووە، لە دڵە بچووکەکەی ئەودا خەمو خەفەت ڕیشەیان داکوتابوو، گەرچی بە زیرەکی خۆی هەوڵی ئەدا لە دایکی بشارێتەوە، بەڵام پەروانە بە باشی ئەیزانی کە کچە بچووکو جوانەکەی هاوخەمیەتی.

میهریی پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ پەروانە بەستبوو، چەندین جار پێشنیازی بۆ کردبوو شکات لە بەهزاد بکات پێش ئەوەی هەستو نەستی لە دەست بداتو خۆی بکاتە قوربانی ڕەوشتە دڕندانەکانی بەهزاد، داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام پەروانە بە بوونی ئیرادەیەکی پتەوەوە پێی دەوت: هیچ کات کاری وا ناکات، چونکە خێزانەکەی هەرگیز نایبەخشن، چونکە بە بڕوای ئەوان پەیمانی هاوسەرێتی گەر بە ڕەزامەندیی هەردوو لا بەسترا، ئەبێ مەرگ بیشکێنێ.

میهریی قسەکانی ئەوی بە چاك نەدەزانی، بەڵام پەروانە ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئومێدەوارە ڕۆژێ بەهزاد دەگەڕێتەوە باوەشی خێزانەکەی تا ئەو ڕۆژە ئەو هەموو سەختیو نارەحەتییەکان تاموڵ دەکات، بەڵام ئەو بێئاگابوو لەوەی ڕۆژێکی وا هەرگیز نابینێو بەهزاد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدڕەوشت ترو دڕندەتر دەبێ.

پەروانە هەر چۆن لە پشت پەنجەرەکەوە وەستا بوو، تەماشای بارینی بەفری دەرکرد، کە لە دڵی ئاسمانەوە ئەهاتنە خوارەوەو سەمایان دەکرد، ڕۆژانی خۆشیی کە لەگەڵ سەعید بە سەری بردبوو، هێنایەوە یاد، دوو پیاو لەگەڵ سەرگوزەشتەی ژیانی ئەودا، یەکیان کە ژیانی لا جوان کردبوو دڵسۆزو میهرەبان، ئەو کە هەمیشە عاشقی هاوسەرەکەی بوو هەوڵی ئەدا بە جوانترین شێوە پێکەوە منداڵەکەیان پێبگەیەنن، لە

Scanned by CamScanner

دوای ئەو پیاوێكی تر دەركەوت‌و داوای لە پەروانە كرد لە ژیاندا ببێتە هاوڕێی، پەروانە قبوولی كرد، بەڵام كاتێ بەهزاد دەمامكی لە سەر رووی لادا، دڕندەیی خۆی كە لە ژێر دەمامكەكەیدا شاردبوویەوە كەم كەم ئاشكرای كرد، ئەو كە لە عەقڵ‌و هۆشی ئینسانی بەر نەكەوتبوو، لەم كاتەدا كە پەروانە رابردووی بە یاد ئەهێنا، سوێندو بەڵێنی لە ژێر لێوەوە ئەهێناو ئەبرد:

ئاگرێ بەربووە لەگیانم ئەمشەو
نازانم بۆچی حەیرانم ئەمشەو
چوون ئەسووتێ بۆم هاودەردی من
هەروەك مۆم چاو بە گریانم ئەمشەو
لەم غوربەتە ساردو بێدەنگییەدا
وەك شەپۆلی ئاو سەرگەردانم ئەمشەو
بێدەنگی‌و ترس‌و تەنهایی‌و غەم
خەویان تۆراندووە لە چاوانم ئەمشەو
من تنۆكێكم لە دەریای ماتەم
لە دەریای غەمدا بێحاڵم ئەمشەو
لەم دونیایەدا زامدارو نەخۆش
سوتوی ئاگری هیجرانم ئەمشەو
وەكو مەعشوقی عاشق گیری داو
لەم سەرسامییەدا بێدەنگم ئەمشەو
برۆ ئەی رۆح لە تەنهایی رزگارم كە
لەگەڵ تۆدا زیندانیم ئەمشەو
ئیتر تەمەنم ناوێت لەم غوربەتەدا
وەرە بخوێنە یاسینم ئەمشەو

Scanned by CamScanner

په‌روانه له‌ ده‌ورانی خوێندندا جارجار شیعرو سرودی ده‌وت، ئه‌م سروده‌ تایبه‌ته‌ی دوای مه‌رگی سه‌عید له‌ هیجرانی ئه‌و نووسی، ئێسته‌ بیری كه‌وتبووه‌وه‌، جۆگه‌له‌ی فرمێسك له‌ چاوانیدا جاریبوو.

كاتژمێر هه‌شتی شه‌و بوو، صه‌نه‌م لای دایكی دانیشتبوو كۆتا لاپه‌ڕه‌ی كتێبه‌كه‌ی كردبووه‌وه‌، زیره‌كی و حه‌زی صه‌نه‌م په‌روانه‌ی به‌ شه‌وق هێنابوو، ئه‌و به‌ حه‌زه‌وه‌ سه‌یری كچه‌كه‌ی ده‌كرد، ئێستا صه‌نه‌م له‌ منداڵانی خوێندنگه‌ له‌ پێشتر بوو، ده‌یتوانی به‌ شێوازی ده‌رمكی (خاریجی) تاقیكردنه‌وه‌ بكات، جله‌ سووروو كه‌م ڕه‌نگه‌كانی صه‌نه‌م، ئه‌وی جوانتر نیشان ئه‌دا، په‌روانه‌ به‌ خۆشه‌ویستییه‌وه‌ پرچی صه‌نه‌می به‌ ده‌سته‌كانی ڕێك ده‌خست، ئه‌و سه‌ری به‌رز كرده‌وه‌و به‌ پێكه‌نینێكی دڵڕفێنه‌وه‌ وه‌ڵامی دایكی دایه‌وه‌.

په‌روانه‌ ئه‌وی ماچكردو بۆ گه‌رمكردنه‌وه‌ی هه‌ندێ خۆراكی ئێواره‌ مابوو، چوو بۆ چێشتخانه‌.

دوای چه‌ند چركه‌یه‌ك به‌هزاد به‌ بێ بچووكترین ده‌نگ هاته‌ ناو ماڵه‌كه‌، صه‌نه‌م كه‌ له‌ ژووری به‌رانبه‌ر ئه‌ودا سه‌رگه‌رمی وانه‌ خوێندن بوو، ئاگای له‌ هاتنی ئه‌و نه‌بوو، په‌روانه‌ به‌رانبه‌ر غازه‌كه‌ وه‌ستابوو نوقمی ده‌ریای بیركردنه‌وه‌ بوو ده‌نگی كردنه‌وه‌ی ده‌رگاكه‌ ئه‌وی به‌ ئاگا هێنایه‌وه‌، به‌ خێرایی خۆی سوڕاندو ته‌ماشای ده‌رگاكه‌ی كرد، به‌هزادی بینی كه‌ هه‌ندێ گۆشت و په‌تاته‌و برنج و میوه‌ی له‌ ناو چێشتخانه‌كه‌ بڵاو كردبووه‌وه‌، په‌روانه‌ به‌ سه‌رسووڕمانه‌وه‌ ته‌ماشای كرد، تا ئێستا پێشینه‌ی نه‌بووه‌ به‌هزاد شتێك بێنێته‌وه‌ بۆ ماڵه‌وه‌، په‌روانه‌ زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌كی بۆ كردو قژی لاداو وتی:

- چه‌ند بێده‌نگ هاتی... ترسام!

بەهزاد گاڵتە جاڕانە وتی:

- بە ڕاست؟! پەروانە شانەکانی بەرزکردەوەو تاوەکەی لە سەر ئاگرەکە داگرت.

- پەروانە؟!

دەنگی بەهزاد هەموو گیانی پەروانەی گەرم کرد، ڕووی بۆ لای بەهزاد وەرگێڕاو ئەبڵەق بوو، بەهزاد دەستی خستبووە کەمەری‌و پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو.

- ئەمشەو من دە... یازدە... کەس میوانم هەیە، ئومێد دەکەم لە ماوەی کاتژمێرێکدا خواردنێکی بەتام ئامادە بکەی!

چاوانی پەروانە ئابڵەق بوون‌و بە شێوازێکی پڕ لە ڕاستی وتی:

- بەڵام... من ناتوانم لەم ماوە کورتەدا...

بەهزاد هاواری کردو وتی:

- تۆ ڕاهاتووی هەر دەبێ بە توندو تیژی لەگەڵت بدوێم! پاشان لە چێشتخانە هاتە دەرەوەو چوو بۆ لای صەنەم، دەفتەرو قەڵەمەکەی لێسەندو فڕەی دا، بە توڕەییەوە دەستی گرتوو بە دوای خۆیدا ڕایکێشا، صەنەم زارەتریک بووبوو، بەهزاد بردییە ناو چێشتخانەکە فەرمانی بە پەروانە دا کە ئێستا صەنەمی لە پاڵدا بوو وتی:

- ئەم جوجەڵەش بخەرە ژێر کار، نانی بەلاشم نییە بە کەسی بدەم، تا ئەچم بە دوای هاورێکانم‌و ئەگەڕێمەوە، دەبێ خواردنێکی ڕێک‌و بەتامت ئامادە کردبێ، تێگەیشتی؟ ئەو ڕستەیەی بە جۆرێکی یەکلاکەرەوە وت، کە بۆ ماوەیەک هەناسەی لە سینەی پەروانەو صەنەمدا بەند کرد، کاتێ لە

Scanned by CamScanner

پلەکان ئەهاتە خوارەوە تەماشای صەنەمی کرد، چاوانی پڕ فرمێسکی ئەو کچە جوانە ئاگریان بەردا لە گیانی، چاوانی کە هەمیشە تیشکی خۆشیو شادییان تیا ئەدرەوشایەوە، بەڵام ئێستا جگە لە تنۆکی فرمێسكو دەردی پەنهان هیچی تریان تێدا بەدی ناکرێ، باوەشی بۆ گرتەوە، صەنەم سەری نا بە شانی دایکییەوەو دەستی ئاڵاند بە دەوری گەردنیدا، هەمیشە ئەمکارە دەبووە هۆی ئارامی ئەو، ماوەیەك لە نێو باوەشی گەرمی دایکیدا بە خەیاڵدا چوو پاشان بە خێرایی خۆی دوورخستەوەو وتی:

- دایکەگیان! خێراکە ئەو کارانەی کە بابە وتی ئەنجامی بدە، ئەگەرنا ئەو هێندە بەدفەڕە دووبارە لێت ئەدا.

پەروانە زەردەخەنەیەکی تاڵی بۆ کردو بە جوڵانی سەر قسەکانی ئەوی پەسەند کرد، پەروانە وەستا، بەڵام بەرچاوی ڕەش بوو کەوت، صەنەم هاواری کرد رای کرد بۆ لای دایکیو دەستی خستە ناودەستیو فرمێسك لەچاوانی باری، بۆ گەرم کردنەوەی دەستی دایکی، هەناسەی گەرمی خۆی پیاکرد.

هەناسەی ئەو لەنێو ساردی چێشتخانەکەدا ون بوو، بەڵام پەروانە لەهۆش خۆ چوو بوو، صەنەم بەخێرایی لە چێشتخانە هاتە دەرو تیشك ئاسا خۆی گەیاندە قاتی خوارەوەو بەهەردوو دەست بە قایمی دای لە دەرگاکە، بەڵام کەسێ دەرگای نەکردەوە، نیگەرانی چنگی لە گیانی صەنەم گیرکردو ئەو نائومێدو پەرێشان چوو بۆ لای قادرمەکان ڕەنگی بە فرمێسك زەردبوو بوو، لەم کاتەدا دەنگی میهریی ئەوی لەجێی خۆی وشك کرد:

Scanned by CamScanner

- صەنەم گیان کارێکت بوو؟
- لەماڵەوەی؟!
- بەڵێ... لەسەر ئاوبووم، پاشان لەگەڵ دەموچاوی بەفرمێسکی
صەنەمی بینی وتی:
- شتێ رویداوە صەنەم؟ چی بووە؟
- دایکم... میهری خانم دایکم!
- زۆرباشە خۆشەویستم نیگەران مەبە.

میهریی ئەمەی وت و دەرگاکەی داخست و کەوتە دوای صەنەم، بە نیگەرانییەکەوە تەماشای پەروانەی کرد کە ئێستا بێهۆش کەوتبوو، دڵی بە توندی لێی دەدا، پاشان ئەوی بە کێشان کێشان بردە ناو ژوورەکەوە، جێگەی بۆ ڕاخست و لەسەر جێگە خەواندی، دواتر بە خێرایی پەرداخێ شەکراوی بۆ دروست کردو بە زۆر دەرخواردی پەروانەی دا، پەروانە ناڵەیەکی لەسەر خۆی کردو هەوڵی دا لەسەر جێگەکەی هەستێ، میهریی ڕێگەی نەدا هەستێ، بەڵام صەنەم وتی:

- پورە میهریی گەر دایکم هەستێ و نانەکە دروستکا زۆر باشترە لەوەی کە بە دەستی باوکم کوتەك بخوات!

میهریی بە ئاوازێکی غەمگینەوە وتی:

- بۆچی دڵەکەم؟!
- ئاخر ئەمشەو... بابە دە کەس میوانی هەیەو بە دایکمی وتووە ئەبێ نانێکی جوان دروست بکات گەر کەموکوڕییەك هەبێ دایکم ئەکوژێت!

پاشان فرمێسك بە گۆناکانیا هاتە خوارەوە.

میهریی بەزەیی بە حاڵی ئەودا هاتەوەو وتی:

- ئەزیزم نیگەران مەبە خۆم هەموو شتەكانی ڕێك دەخەم، بەخێرایی خۆی كرد بە چێشتخانەكەدا، ئا لەم كاتەدا بە ڕاستی دڵی بۆ حاڵی پەروانەو صەنەم دەسووتا.

بە دەستەپاچەیی و خێرایی دەستی بە كار كرد، لەگەڵ ئەوەی خوێندكاری زانكۆ بوو كەمتر ئاگای لە كاری ماڵەوە بوو، بەڵام بە باشی ئەم كارەی ئەنجامدا صەنەم زیاد لە توانای خۆی یارمەتی داو ئاگای لە دایكی نەبوو.

كاتێ پەروانە لەسەر جێگەی هەستا بۆ ئەوەی سەرێك لە چێشتخانەكە بدات، بینی تەواو كارەكان بە باشی ئەنجام درابوو، میهریی بە بینینی ئەو ئاهێكی كێشاو وتی:

- كێ مۆڵەتی بە تۆ داوە لە جێگەكەت هەستیت؟!!

پەروانە زەردەخەنەیەكی كردو بەبێ حاڵییەوە وتی:

- میهریی گیان بە ڕاستی داوای لێبووردن دەكەم، بمبەخشە، بوومە هۆی دەردەسەری بۆ تۆیش، میهریی دەستەكانی سڕی و لە كاتێكدا بە خاولی وشكی دەكردەوە، بەرانبەر بە پەروانە كە پاڵی بە دەرگای چێشتخانەكەوە دابوو بە خەمبارییەوە وتی:

- تۆ ئەبێ بۆ حاڵی خۆت نیگەران بی، تۆ خەریكە خۆت لەناو دەبەیت، لانی كەم بۆ ئایندەی صەنەم، دەستەو ئەژنۆ دامەنیشەو كارێك بكە.

- تۆ بڵێ چ كارێك بكەم؟

- دڵەكەم كارێكی دروست... هیچ كەس بە بۆنەی جیابوونەوەت لەم جانەوەرە سەرزەنشتت ناكات.

- كاتێ جیابوومەوە چی بكەم؟

Scanned by CamScanner

میهریی زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی کردو وتی:

- مەبەستت چییە؟... زۆرباشە ماڵە هەتە، لە پێداویستی ژیان کەم و کورتیت نییە ماشائەڵڵا خوێندەواریت و بڕوانامەشت هەیە، بۆ بەرێوەچوونی ژیانت ئەتوانی کارێك بکەیت.

پەروانە چوو بە خەیاڵدا، میهریی کە کاریگەری قسەکانی خۆی لە پەروانەدا بەدی کرد، زەردەخەنەیەکی کردو تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کردو وتی:- من دەبێ بڕۆم.. موحسین لەهەر جێگەیەك بێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئێستەش مێردە دڕندەکەت سەروسەکوتی پەیدا دەبێت!.

میهریی هەندێ خەیارو تەماتەو کاهوی دا بە صەنەم و وتی:

- گوڵە جوانەکەم یارمەتی دایکت بدەو ئەم زەڵاتەیە دروست بکە، بەڵام لەبیرت بێ لەبارەی هاتنی منەوە هیچ بە باوکت نەڵێی ئەگینا کارەکە خراپ دەبێ!

صەنەم بە جوڵاندنی سەر ئەوی دڵنیا کردەوە، پەروانە جارێکی تر سوپاسی میهریی کردو لە کاتی ماڵئاوایی بە گەرمی دەستەکانی گوشی و هیوای خۆشبەختی بۆ خواست، چەند خولەکێك دواتر سەروسەکوتی بەهزاد لەگەڵ هاوڕێکانی بێدەنگیی ماڵەکەیان شکاند، پەروانە بە هاوکاری صەنەم خەریکی ئامادەکردنی شێو بوو کە بەهزاد لە دەرگاکەوە دەرکەوت، شوێنەواری پێکەنین هێشتا بە ڕوویەوە دیار بوو وتی: -خێراکە چا بێنە.

پەروانە توانای بەپێوە وەستانی نەبوو هێشتا هەموو جێگایەکی بەلێڵی ئەبینی و وتی: بەڵام من وامدەزانی لەپێشدا شێو دەخۆن.

- بێنەقلێ... ئازاکە چایی ئامادەکە، پاشان تەماشایەکی صەنەمی

کردو بە تووڕەییەوە وتی:

- بۆچی وەستاوی تەماشام دەکەی، ئەمەی وت و زللەیەکی بەهێزی دا لە بناگوێی، دەنگی هاواری صەنەم دڵی پەروانەی لەرزاند، صەنەم بێ پسانەوە زارەتریك و هەراسان یارمەتی دایکی ئەدا.

* * * * *

صەنەم نانی ئێوارەی نەخواردبوو، لە گۆشەیەك دانیشت، ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو، کەم کەم خەو دەیبردەوە، پەروانە بەتانییەکی چوارگۆشەی پیاداو ژێر سەرێکی بچوکی خستە ژێرسەری، خۆیشی دوای شۆردنی قاپ و قاچاخە چێشتاوییەکان، خۆی خزاندە ژێر بەتانی کچەکەی و چاوی نوقاند.

ئەوەندە هەستی بە تەنهایی دەکرد، بۆ تەنها چرکەیەك دەرونی ئارامی نەدەگرت، زۆرێك لە شەو تێپەڕیبوو هێشتا دەنگی پێکەنینی مەستانەو قاقای بێ هۆشی دونیای پڕکردبوو، گوێچکەی پەروانەی ئازار ئەدا، بۆنێکی ناخۆش کە بۆ پەروانە نائاشنا بوو، هەوای ناوماڵەکەی ناخۆش کردبوو، ئەو بێگومان بوو لەوەی بەهزادو هاوڕێکانی سەرگەرمی کێشانی تریاکن، ئەم هەموو گەندەکارییە، ئەم هەمووە لەم ماڵەدا، خەمی دونیای لەنێو دڵی پەروانەدا کۆکردبووەوە، بەتوندی نەفرەتی لەو ژیانە دەکرد، سەریکرد بەژێر بەتانییەکەداو هەوڵی دەدا دەنگیان نەبیستێ، لەو نیوەشەوە تاریك و ساردە، تا سپێدە ئەوو فرمێسکی چاوانی کە بێ پەروا ئەتکانە زەوی هاوڕێی بوون.

* * * * *

لەو شەوە بە دواوە سەرگوزەشتەی ژیانی پەروانەو صەنەم جۆرێكی تری بەخۆوە بینی، بەهزاد هەوڵی ئەدا بە جۆرێكی تر ئازارییان بدات، هەموو شەوێ سفرەی میوان ئەڕازایەوە، مرۆڤی جۆراو جۆر بۆ ماڵی پەروانە قاچیان كرایەوە، هاتوچۆو دەنگو هەرای ئەوان دراوسێكانی بێزار كردبوو، بەڵام پەروانە ناچار بوو، قسەیەك نەكاتو بێ چەندو چوون فەرمانەكانی بەهزاد جێبەجێ بكات.

پەروانە رۆژانە چاوەڕوانی پێشهاتێ بوو، گەر بیویستایە بە ڕاستگۆیی و لەسەرخۆ لەگەڵ بەهزاد گفتوگۆ بكاتو سەرەنجامی كاریانی پێ بڵێت، بەهزاد بە قسەی ناشیرینو ئازاردەر وەڵامی ئەداوەو لێدانو شەقی ئەهێنایەوە بیری، صەنەم لەم گوزەرانە ناخۆشو سەختە خەمگینو دڵگران بوو، رۆژ بە رۆژ لاوازتر ئەبوو چاوەكانی چووبوون بە قووڵدا، بەڵام هێشتا جوانیو نازەنینی لە ڕوخساریدا بەدی دەكرا، پەروانە نەیدەزانی بە چ شێوەیەك كچەكەی لەو گۆشە نشینییە دەربێنێو روخساری خەماوی ئەو نوقمی شادیو خۆشی بكات.
لەلایەن بێهنامەوە كە كەمتر رێگەی پێدەدرا بچێت بۆ لای دایكی، بیانووگرو دێز ئەهاتە بەرچاو، پەروانە سەخترین رۆژەكانی تەمەنیو دژوارترین چركەكانی ژیانی ئەسپەردە دەكرد، چوون ئیدی پەناگەو تەكیەگاهێكی نەبوو، ناچار بوو خۆی ئەم هەموو لێپرسراوێتییە بدا بە كۆڵداو نارەحەتییەكەشی بكێشێ، ئەم هەموو لەخۆ بووردیو بەرگە گرتنەی ئەم ژنە جوانە، میهرێی بەسەر سوڕمانەوە وەری دەگرت.

* * * * *

بەمسەرو ئەو سەری ژوورەكەدا هاتوچۆی دەكرد، نیگەران ئەكەوتە بەرچاو، هەروەك لەگەڵ بیرو هۆشی خۆیدا دژایەتی بكات، جگەرەیەك

کە سوتووەکەی کردە ناو تەپڵەکی جگەرەکەوە، دوازدەهەمین جگەرەی بوو کە لەماوەی چەند خولەکێکدا کێشابووی، پەروانە شاهیدی بوون بەدووکەڵیان بوو.

بەهزاد چووە ژووری نووستن و دەرگاکەی داخست، پەروانە بە نیگەرانییەوە جوڵانەوەکانی ئەوی خستبووە ژێر چاودێرییەوەو ئیدی توانای خۆ گرتنی نەما، بە هێواشی دای لە دەرگای ژوورەکەو مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی خواست، بەهزاد وەڵامی نەداوە، پەروانە بەبێ ئارامی چووە ژوورەوە، پەروانە لێی نزیك بووەوە، بەڵام گوێچکەی بەهزاد دەنگی پێیەکانی نەبیست، کاتێ پەروانە بە ئارامی و میهرەبانییەوە بانگی کرد، بەهزاد چاوەکانی سوڕاندو تەماشایەکی کرد، پاشان جوڵەیەکی کردو دووبارە چاوی لەسەر روخساری خەمباری هاوسەرەکەی لابرد، پەروانە دەستی بەهزادی لەنێو دەستی خۆیدا گوشی و بە ئارامی وتی:

- پێم ناڵێیت چی تۆی نیگەران کردوە؟

بەهزاد سەری جوڵاندو وتی:

- باشترە بڕۆیت چاییەك دەم بکەیت، میوانم هەیە.

پەروانە بە بێدەنگی لێی دوورکەوتەوە کاتێ ویستی لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە، چرکەیەك وەستاو وتی:

- میوانەکان بۆ شێو دەمێننەوە؟

بەهزاد بە ئاماژەی سەر وەڵامی نەرێی دایەوە، پەروانە ئەوی تەنها لە ژوورەکە بەجێ هێشت و بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکە چووە چێشتخانە.

Scanned by CamScanner

میوانەكانی بەهزاد بەلای پەروانەوە كەمترین بەهایان نەبوو، ئەو بە زۆر پەزێرایی لێ دەكردن، ئەمشەو پاش هاتنی ئەوان سینییەك چایی بە بەهزاد سپاردو چووە ژوورەكەی پەنایان، بێهنام خەوتبوو صەنەم بە بووكەڵەیەك كە پەروانە لە پارچە پەڕۆ بۆی دروستكردبوو، سەرگەرمی یاریكردن بوو، هەوای ژوورەكە سارد بوو، پەروانە بەتانییەكی تری دا بە بێهنامدا بۆ ئەوەی گەرمی بێتەوە.

پەروانە ئەیتوانی بە باشی دەنگی قسەكردنی بەهزادو هاوڕێكانی ببیستێ، دووبارە بوونەوەی ناوی بێهنام لەناو قسەكانیاندا، ئەوی خستە گومانەوە، كە بە سەرنجەوە گوێی بۆ قسەكانیان شل بكات، ئەوەبوو بەهزاد نەخشەی دانابوو، بێهنام كوڕە دە ساڵەكەی خۆی، لە نێوان ئەسفەهان‌و تاراندا تریاكی پێبگوێزێتەوە، چونكە ئەو كوڕە بچووكە، كەمتر جێی گومانی پۆلیسی گومرگە.

پەروانە ئەو شەوە ئارامی نەدەگرت‌و وەكو ئاژەڵی بریندار پێچی بە خۆی ئەدا، ئەو بەردەوام هەوڵی ئەدا ئاكاری دزێوی بەهزاد، بچووكترین كاریگەریی لە رۆحییەی بێهنام نەكات‌و پەروانە بیرو هۆشی بێهنامی سەرگەرمی وانەكان كردبوو بەڵام ئەمشەو... لە ماوەی رۆژانی داهاتوودا، بەهزاد زۆر ئاگاداری لە بێهنام دەكردو دەستی دەهێنا بە سەریداو دیاریی بۆ دەكڕی، چەندین كاتژمێر لەگەڵ ئەو گفتوگۆی دەكرد.

كرداری نائاسایی ئەو بێهنامی سەرسام كردبوو، بە بۆنەی ئەم میهرەبانییەی باوكییەوە سەراپای نوقمی شادی بوو.

جارێك پەروانە ئەوی بینی لەناو پانتۆڵ‌و كراسێكی جواندا، نیگایەكی دایكانەی بۆ كردو وتی:

Scanned by CamScanner

- پیرۆزت بێ کوڕم، لەنێو ئەم جلوبەرگانەدا چەند جوانیت، بێهنام لەم پیاهەڵدانانە خۆشحاڵ بوو، پەروانە دانیشتو بە ئارامیی ماچێکی گۆنای کرد، بە ئاوازێکی پڕ لە سۆزو میهرەبانی وتی:

- خۆشەویستم ئەزانی پارەی ئەم جلە ڕەنگاوڕەنگانە باوکت لە کوێ پەیدای دەکات؟

بێهنام شانەکانی بە نیشانەی گرنگی پێنەدان بەرز کردەوەو وتی:

- لام گرنگ نییە ئەو چی دەکات... تەنها شتێ بە لامەوە گرنگە ئەویش ئەوەیە باوکم گرنگییەکی زۆرم پێدەدات! پەروانە ئاهێکی قووڵی کێشاو وتی:

- بەڵام بێهنام تۆ پێویستە هۆشت بێنیتەوە سەر... تۆ کوڕێکی ئاقڵی... زیاتر ئاگات لە کردارەکانی باوکت بێو فریو نەخۆیت!

بێهنام دەستی خۆی لەنێو دەستی ئەو دەرهێناو بە توڕەییەوە وتی: تۆ ئەتەوێ من بەرانبەر بە باوکم بەدگومان بکەیت، وەك ئەوەی چاوت نیمە نەبینی، ئەزانم کوێت ئەسووتێ، لەوەی کە صەنەم بە لای باوکمە هیچ گرنگییەکی نییە.

پەروانە بە نیگەرانییەوە تەماشای کردو چەند جارێك بەسەر وەڵامی قسەکانی دایەوە، پاشان تەماشایەکی باڵای بێهنامی کرد، کە ئێستا بەرەو گەورەبوون دەچوو...

پەروانە بڕیاری خۆی دابوو، دەبووایە جێبەجێی بکردایە، لە یەکەم هەولدا لە بێدەنگیو چۆڵی ماڵەکە سودی وەرگرتو بە دەستی

لەرزۆكـەوە دەفتـەری یاداشـتی بێهنـامی دەركـردو ژمـارەی تەلـەفۆنی دایكی دەركردو پەیوەندی پێوەكرد.

چەند چركەیەك دواتر پیرەژنێك تەلەفۆنەكەی بەرزكردەوە:

- بەڵێ، فەرموو

پەروانە ساتێك بێدەنگ بوو، بەڵام لـە ترسـی ئـەوەی نـەك تەلەفۆنەكـەی بەسەردا دابخات و ئیدی هەلێكی تری دەست نەكەوێت، بەپەلە وتی:

- ماڵی ئاغای وەفاییە؟

- فەرموو

- من... من، كارم بە ئازادە خانمە.

- تۆ كێی؟

- من...من...لە.، هاوڕێیانی ئەوم.

- تكایە چەند چركەیەك چاوەڕوان بە.

ماوەەك پەیوەندی پچڕا، پەروانە هەناسەیەكی ئاسودەیی هەڵكێشا و بە سەری پەنجەكانی عارەقی نێوچەوانی سڕی، خولـەكێك درێـژەی كێشا دووبارە تەلەفۆنەكە بەرزكرایەوە، سڵاوی گەرمی ژنێكی بیست:

- ئەلو..!

- سڵاوت لێبێ... ئازادە خانمی؟

- بەڵێ خۆمم... فەرموو

پەروانـە نەیـدەزانی بـە چ شـێوەیەك خـۆی بناسـێنێ، (ئەلو)ی ئازادە خانمی بیست، بێ پسانەوە وتی: دووبـارە دەنگـی

- خانمی وەفایی ئەمەوێت هەرچی زوترە بتبینم.

Scanned by CamScanner

- تۆ کێی؟

- گرنگ نییە هەر کەسێکم... مەسەلەکە پەیوەندیی بە کوڕەکەتانەوەیە!!

ژنەکە بە سەرسامی و نیگەرانییەوە وتی:

- بێهنام؟

- باشت زانی... ناتوانم لەوە زیاترت بۆ شیبکەمەوە... ئێستا بڵێن کەی و لە کوێ بتبینم؟

دەنگی ئازادەی بیست کە هەڵچوون و نیگەرانی تێدا شەپۆلی ئەدا:

- باخی لالە... دوو سەعاتی دیکە... باشە؟

لەم کاتەدا بەهزاد هاتە ژوورەوە، پەروانە بە دەستەپاچەیی هەروا کە تەلەفۆنەکەی لەدەستا بوو وتی:

- نەخێر، بە هەڵە گرتوتە.

دواتر تەلەفۆنەکەی دانا، بەهزاد لە بەرانبەری وەستا، پاڵتۆیەکی رەنگ قاوەیی لەسەر دەست دانابوو، لە کاتێکدا ملپێچێکی سپی بە ملیدا شۆڕ بووبووەوە، بە گومانەوە وتی:- کێ بوو؟

پەروانە کە لەبەر درۆکردن رەنگی پەڕیبوو، بە دەستەپاچەییەوە وتی:

- بۆچی نەتبیست؟... زۆرباشە... بە هەڵە گرتبوویان.

بەهزاد پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی کردو وتی:

- بەهەڵە بوو!!

پەروانە بە ترسەوە تەماشای کرد، بەهزاد بە ئاماژەی سەر چەندن جار ئەوی تۆقاندو پاشان فەرمانی پێدا چاییەك دەم بکات.

* * * * *

Scanned by CamScanner

کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو، ئێستا دوو سەعات لە پەیوەندی پەروانە بە دایکی بێهنامەوە تێنەپەڕی، بەهزاد لەپاڵ پەروانە دانیشتبوو هەروا بە گومانەوە ئەوی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، پەروانە هەرچەند چرکە جارێك لەژێرەوە تەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد، پەروانە کە لە پەنای ئەو لەسەر کومبارێك دانیشتبوو هەستی بە قورسایی نیگا ساردو سڕەکانی بەهزاد دەکرد، دڵی بۆ حاڵی دایکی بێهنام ئەسووتا کە ئێستا بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانییەتی.

لەم کاتەدا دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە بەرزبوویەوە بیرو هۆشی ئەوی پارچەپارچە کرد، بەهزاد تەماشایەکی رەنگی پەڕیوی ئەوی کرد، دەستی خستە سەر ئەژنۆیو بە سەختی لە جێگەی خۆی هەستاو بۆ وەڵامی تەلەفۆنەکە رۆشت، دەستی نابووە کەمەری کاریگەری تریاك بە لاشەیەوە دیاربوو، کەمێ خۆی راست کردەوەو تەلەفۆنەکەی بەرزکردەوە:

- بەڵێ..؟

پاشان بە بیستنی دەنگەکە شێوازێکی دۆستانەی وەرگرت:

- سڵاو کاکە پەروێز!..

- پەروانە هەناسەیکی ئارامی هەڵکێشا، بێهنامی کەوتە بەرچاو کە بەدەستی پڕەوە هاتە ناو هۆڵەکە، تیشکی شادی لە چاوانی ئەدرەوشایەوە، بە لەخۆ بایبوونێکی تایبەتەوە کە لەخۆیدا هەستی پێدەکرد. بانگی صەنەمی کرد.

کچە جوانەکەی پەروانە لەگەڵ بیستنی نێوی خۆی، بە کراسێکی قوڵکورتەوە هاتە نێو هۆڵەکەو تەماشایەکی ساردو سڕی بێهنامی کرد.

Scanned by CamScanner

بێهنام خۆی گەیاندیٚو وتی:

- لەم خواردنانە چی حەز پێدەكەیت بیبە بۆ خۆت.

صەنەم زەردەخەنەیكی بۆ كرد، بە ئامـاژەی سەر نـەرێی بۆ كـردو چووە ژوورەكە، پەروانە ئێستە زیاتر هەستی بە ئازارەكانی صەنەم دەكرد، كچە پاكو بێگوناهەكەی ئازارەكـانی خـۆی لـەژێر نیقـابی بێدەنگییـدا شاردبووەوە، بە جوانی دەركی بەمە كردبوو، دوای دانانی تەلەفۆنەكە، بـەهزاد دووبـارە جلـەكانی پۆشـیو چـەند هـەنگاوی بـەرەو ڕووی نـاو وتی:

- خۆ شتێكمان پێویست نییە؟

پەروانــە پێــی خۆشــبوو زووتــر گــۆڕی ونبكــات، بــە وتنــی (نــە) زەردەخەنەیـەكی بـە ڕووی بـەهزادا كـرد، بـەهزاد بـە بەدرەفتارییەكـەی خۆیەوە وتی:

- زۆرباشـە، ئیتر پێویـست ناكـات لـەماڵ پـیٚ بنێیتـە دەر، بێهنـام سبەی نیـوەڕۆ نەچێت بۆ قوتابخانـە، هەوڵـدەدەم كاتژمێر دە، یـازدە سـەرێك لەماڵـەوە بـدەم، ئـەم قسانە بـۆ پەروانـە قـابیلی قبـووڵكردن نـەبوو، هـەر كـە بـەهزاد چـووە دەرەوەو دەرگاكـەی داخست، پەروانە لەبەر توڕەیی ددانی جیڕ كردەوەو، بە مشتی ڕاست ئەیدا بە بەری دەستی چەپداو بەوتنی "نـەفرەتت لێبێ" بەشێك لە توڕەیی خۆی پیشاندا.

بێهنام بۆ چركەیەك تەلەفۆنەكەی جیٚ نەدەهێشت، تا هـەڵیٚ بۆ پەروانە هەڵبكـەویٚ پەیوەنـدی بـە ئـازادە خانمـەوە بكـات، پەروانـە بـە بیـانووی جۆراوجۆر ئەیویست بیباتە ژوورەكەوە، بەڵام بێهنـام نائاگایانە كەڵەك

بازیی دەکردو ئەوی بە تەنها جێ نەدەهێشت، ئەو نەیدەزانی ئەم بێئارامییەی پەروانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە.

هەموو بێئارامییەی پەروانە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. هەموو ئەمشەو کە تاریکی چەتری خۆی بەسەر ماڵەکاندا هەڵدابوو، تەزووی سەرما کە بەسەر بەفرو سەهۆڵەکاندا دەکشا لە درزی پەنجەرەکانەوە خۆی دەکرد بە ژووردا، دوای نانی ئێوارە بێهنام و صەنەم بۆ خۆدزینەوە لە سەرمای ئەمشەوە زستانییە زۆر زوو خۆیان خزاندە نێو جێگەو سەریان لەژێر پەتوەکانیاندا ونکرد، پەروانە هەردووکیانی بە تامەزرۆییەوە ماچ کرد، بێهنام لە کاتی خەودا پرخەی دەهات، کاتژمێرەکە دەی شەوی پیشاندا، پەروانە کە دڵنیا بوو ئەوان لە خەوێکی قوڵدان، بە پسکەپسك لە ژوورەکە هاتە دەرو دەرگاکەی بەست و چووە لای تەلەفۆنەکە، هەموو گڵۆپەکان خامۆش بوون، جگە لە رۆشنایی مۆمێك کە پەروانە دایگیرساندبوو، لەبەر ئەو تۆزە روناکییەدا ژمارەی تەلەفۆنەکەی لێدا، هێشتا تەلەفۆنەکە وەڵامی نەدابووەوە کە کلیلی نێو قوفڵەکە سوڕاو ئەوی هەراسان کردو زارەترەك و تۆقیو تەلەفۆنەکەی لەجێی خۆی دانایەوە، مۆمەکەی کوژاندەوەو لەنێو تاریکی هۆڵەکەدا بەرەو ژوورەکەی چوو، ترس و سەرسامی سەراپای پەروانەی داگیر کردبوو، بووە هۆی ئەوەی لە مێزە بچووکەکەی صەنەم هەڵبکەوێ و لەنێو ژوورەکدا رەهێڵ ببێ.

یەك لەدوای یەك پلاکی کارەباکە داگیرسان، پەروانە بەهۆی ئازارێك بە قولەپێی گەیشتبوو، پێچی بە خۆی ئەدا، منداڵەکان لەخەو بێدار نەبوونەوە، چونکە لەنێو جێگەی نەرم و خەونێکی قوڵدا بوون، گەر بە دەنگی بەرزیش لەخەو بێدار بوونایەتەوە، ئامادە نەبوون لەبەر خاتری هیچ کەس لە جێگەی خەو بێنە دەرەوە.

Scanned by CamScanner

پەروانە کراسێکی ئاڵی لەبەر کردبوو، قژی شانە کردبوو بەسەر شانیدا پەخشی کردبووەوە، بەهزاد ئیرەیی پێدەبرد، تا ئێستا هیچکات هاوسەرەکەی بەو جوانییە نەدیبوو،

گومانێك لەدڵیدا ریشەی داکوتابوو، هەموو شتێکی لەپێش چاوی ناشیرین کردبوو.

پەروانە وەك منداڵێکی خەتاکار، نیگایەکی پۆزش ئامێزی بڕییە بەهزاد، کلوە بەفری ورد ریشی بەهزادی داپۆشی بوو، چرکەیەك دواتر دەستەکانی بەهزاد لەجێی بەرزیان کردەوە پەروانە پاش هەستانەوە هەوڵیدا لەسەر قاچەکانی خۆی بووەستێ، پرسی:

- دیسان بەفر دەباریٚ؟

بەهزاد زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەی کردو وتی:

- لەوانەیە هەر ئەو بابەتە بیٚ ویستت بە تەلەفۆن پرسیاری بۆ بکەیت!!

پەروانە بە دەستەپاچەییەوە پرسی:

- لە کیٚ؟! کیٚ

بەهزاد شانەکانی بەرزکردوە وتی:

- خۆت باشتر ئەزانی!

- بەڵام بەهزاد من...

بەهزاد مۆڵەتی نەدا قسەکانی تەواو بکات، دەستی گرت و گلۆپەکانی کوژاندەوە.

بیری سەرگەردانی پەروانە پەردەوازە بووبوو، لەنێو بێدەنگی و ئارامی شەودا، دەنگی هەورە بروسکە ئەوی لە جێگەی خۆی هەستان، بەهزاد

Scanned by CamScanner

لەسەر جێگەكەی جوڵایەوە، دووبارە دەستی كردەوە بە پرخەپرخ، بە هێواشی پەتوورەكەی لەسەر خۆی لاداو بە چەند هەنگاوێكی هێواش خۆی گەیاندە لێواری پەنجەرەكە.

تنۆكی باران بەسەر دارو دیواردا دەباری‌و ئاوازێكی دڵفڕێنی دروست دەكرد، ئەو بە سەرنجەرەكەوە تەماشای دەرەوەی دەكرد، هەوڵی دەدا هەرچی خەم‌و دەردی هەیە بۆ تنۆك تنۆكی بارانەكەی باس بكات‌و داوای یارمەتییان لێبكات، تەنهایی چنگی لە گیانی گیر كردبوو لەبەر ئەم هەموو بێكەسییە گریان بەرۆكی پێگرتبوو،

لەپڕ لەنێو دڵی ئاسماندا ناڵەیەكی گەورە هەستاو ئەو چەند هەنگاو چووە دواوە.

لەسەر نووكی پێ لە ژوورەكە چووە دەر، خۆی كرد بە ژووری منداڵەكاندا، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە منداڵەكان دڵنیابێ، گڵۆپەكەی داگیرساند، بێهنام سەرتاپای لە پەتوورەكەوە پێچابوو، صەنەم لە پەنایدا خەوتبوو، دەستی خستبووە ژێر سەر، پەروانە بە نیگایەكی پڕ لە حەزەوە تەماشایەكی كردو هەنگاوێك لێی نزیك بوویەوە، خۆی چەماندەوەو ماچێكی گەرمی نێوچەوانی كرد، بە جوڵانەوەی صەنەم زەردەخەنەیەكی كردو ژووری منداڵەكانی بەجێ هێشت، پەروانە شقارتەیەكی لێداو مۆمێكی داگیرساندو خستییە سەر دەستی، هەوای نێو هۆڵەكە زۆر ساردبوو، دووبارە گەڕایەوە ژووری نوستنەكەی، مۆمەكەی خستە ناو مۆمدانەكەو لە گۆشەیەك داینا، نیگایەكی بڕییە كاتژمێرەكەو بە دژواری توانی كاتژمێر سێی دەمەو بەیان ببینێ، بەو رۆشناییە كەمەی مۆمەكە توانی چارەی بەهزاد ببینێ كە لە خەوێكی قوڵدابوو، چەندە لەو پیاوە بەقین بوو، دڵی پڕبوو لە رق‌و قین‌و هەستی

تۆڵە، چی نەبێ گەر خۆی لە چنگاڵی ئەم گورگە رزگار بکات، بەڵام دیسان تیشکی ئومێد ئەوی توشی گومانو راڕایی کرد.

دەستێکی هێنا بە قژیداو لە پەنایدا راکشا هەروا تەماشای بەهزادی دەکردو لەژێر لێوەوە بۆڵە بۆڵی بوو:

خۆزگە بەو دەمە، کە سەری کوچەی تۆ مەنزڵم بوو
کلی چاوم لەدەرگی دەرت حاسڵ بوو
کاتی گێڕایەوە دڵ نەقڵی مەعانی لە عەقڵ
عەشق شیکردەوە بۆی هەرچی کەوا مشکل بوو

- چیتە؟ بەم نیوەشەوە بوویتە گۆرانی بێژ یان شاعیر؟ ئەمەی وتو فەرمانی بە پەروانەدا مۆمەکە بکوژێنێتەوە.

* * * * *

- ئەلو؟
- بەڵی... فەرمو.
- ئازادە خانم! خۆتانن؟
- ئاه... بەڵێ... خانم دوێنێ تۆ...
- زۆر داوای لێبووردن دەکەم... ئێستا کاتی ئەوە نییە، نیو سەعاتی تر لە پارکی لالە لە بەرانبەر دەرگاکە بتبینم.
- خانم بە چیدا بزانم؟
- بە جولانەوەی کاغەزێك ئاماژەت پێدەدەم.

پەیوەندییەکە پچڕا، ئاهێکی درێژ لە سینەی دەرچوو، لەرزێکی تایبەت

دایگرتبوو، لە کاتێکدا دوگمەی پاڵتۆکەی دادەخست و سەرپۆشێکی ڕەشی دا بە سەریداو ئاڵاندی لە گەردنییەوە، تەماشایەکی ئاوێنەی کرد، شتێك لە چاوانیدا شەپۆلی ئەدا، بە چاکی ئەیزانی دەبێتە هۆی ڕووداوێکی تۆقێنەر.

هەوڵیدا پێش بە نیگەرانی و هەڵچوونی خۆی بگرێ، بەهزادو بێهنام چووبوونە دەرەوە، ئەو لەم ماوەیە کەڵکی وەرگرت، صەنەمی سپارد بە میهریی و خۆی چووە دەرەوە.

بەفرێك کە لە گۆشەو کەناردا مابوو، شەختەی کردبوو، خۆڵاوی و پیس ئەهاتە بەرچاو، کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی بوو، تاڕاددەیەك هەوا خۆش بوو، لەهەر کۆڵانێك ئەهاتە دەر بەسەر شەقامەکەدا ئەڕۆشت، لەبەر گەرمی هەوا پێویستی بەوە نەبوو دەستەکانی بە یەکدا بهێنێ.

ڕۆژانی کۆتایی مانگی ئیسفەند بوو، پەروانە نوقمی خەیاڵاتی بوو، بەهاتوچۆی نێو شەقام و تێڕامانی ڕێبواران لە دوکان و شوێنەکان بچووکترین گرنگی نەدەدا.

سواری تەکسییەك بوو، لە بەرانبەر پارکی لالە دابەزی، بە هەر چواردەوردا ئەیڕوانی، ناو پارکەکە چۆڵ بوو، چونکە لەم هەوا ساردە زستانییەدا کەس نەدەهات بۆ ناو پارك، پەروانە کاغەزێکی بە دەستەوە گرتبوو رایئەوەشاند، بە هەر لایەکدا ئەیڕوانی کەسێکی ئەدی چاوەڕوانی تیا بەدی بکات، تا ئەو کاتەی دەستێك خرایە سەرشانی، ئاوڕی دایەوە، ژنێك تاڕاددەیەك جوان، بالایەکی وەکو خۆی، پێستی گەنمی، هەوای سارد تاڕاددەیەك ئەوی سوور کردبووەوە، لوتی هەڵۆیی و چاوانی تا ڕاددەیەك گەش بوو.

بە شێوازێکی دۆستانەو گوماناوی وتی:

- ئومێدەوارم هەڵەم نەکردبێ!!

پەروانە زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- ئازادە خانم؟

ئازادە دەستی بۆ درێژ کردو هەردوو بە گەرمییەوە دەستی یەکیان گوشی، ئازادە لەگەڵ ژنێك بەرەو ڕووبوو، تا ئەندازەیەك لە خۆی جوانتر بوو، پەروانە زانی کە لۆچەکانی لاچاوی و نێوچەوانی گەواهی تەمەنی ئەونین، بەڵکو خەمی زۆرو زەجری زەمانە وای لێکردون.

- لەوەی کە نیگەرانم کردی، داوای لێبوردن دەکەم.

- پێش هەموو شتێ دەمەوێ بتناسم.

پەروانە شێوازێکی پۆزشانەی بە خۆ گرتو خەندەیەکی هێنایە سەر لێوی، وتی:

- بە ڕاستی لە تەلەفۆنەکەدا نەمتوانی خۆم بناسێنم... من پەروانەی ئیمانیم، ئەبێ بڵێم بە داخەوە هاوسەری بەهزادم!

- خوایە گیان! زۆر خۆشحاڵم کە توانیم بتبینم.

- منیش هەروەها.

پەروانە تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستی کردو هەروا لەگەڵ ئازادە خانم بە ناو پارکەکەدا پیاسەیان دەرکرد، وتی:

- من کاتی زۆرم بە دەستەوە نییە، ئەترسم بەهزاد لە هاتنە دەرەوەم ئاگاداربێ، دووبارە وەکو سەگ بەربێتە گیانم.

ئازادە خانم نیگایەکی دڵسۆزانەی تێبڕیو بە شێوازێکی دۆستانە وتی:

- لەگەڵ تۆش؟.!

Scanned by CamScanner

پەروانە بە جوانی لە مەبەستەکەی گەیشت، شانەکانی بەرزکردەوەو زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد، بەرانبەری وەستاو بە خێرایی وتی:

- ئازادە خانم تکات لێدەکەم بە هەر رێگایەك بووە بێهنام ڕزگار بکە، مەهێڵە ئەو منداڵە پاکو بێگوناهە بە بۆنەی ئەو پیاوە نەگریسەوە لەکەدار بێ، ئەو نەیەوێ بێهنام تێکەڵاوی کارەکەی بکات، توخوا تا درەنگ نەبووە فریای بکەوە.

ئازادە نیگایەکی فرمێسکاوی تێبڕی، هەوڵی دا شتێك بڵێ، بەڵام وشەکان لە گەرووی گیر بووبوو.

پەروانە لە بەرانبەری وەستابوو، لەگەڵ تێکچوونی حاڵەتی ئەو واقوڕماو وتی:

- چی بووە ئازادە خانم؟

- هیچ نییە باوەڕم نەدەکرد تا ئەو رادەیە دڕندەبێ، بەزەیی بە کوڕی خۆیدا نەیەتەوە، پەروانە بە دڵگرانییەوە سەرێکی بۆ جوڵاندو، ئازادە پرسی:

- زۆرباشە... نەخشەیان چییە بۆ بێهنام؟

- بە خێرایی باسەکەت بۆ دەڵێم، چەند شەو لەمەوبەر بەهزاد میوانی هەبوو، لە هەمان دارودەستەی قاچاخچی تریاكو هێرۆین! یەکیان پێشنیازی کرد بێهنام بەو بسپێرن، بۆ گوێزانەوەی شتەکان لە نێوان شارەکان، ئەو بە ناونیشانی هاوکاری شۆفێر کەمتر دەبێتە جێی گومان.

- ئاخ خوای گەورە!!

- ئارامم نەبوو نەمتوانی خۆمی لێ بێدەنگ بکەم، من ئەوەندە

لەژێر باری گراندام نەمتوانی دژی ئەم تاوانە بووەستم.

- بە ڕاستی نیگەرانم... دەبووایە بۆ زەماوەند کردن لەگەڵ ئەم دڕندە لانی کەم پرسیارێکی ژنی پێشوت بکردایە، گەر لە دووسیٚ کەس بمانپرسیایە دووچاری ئەم نالەبارە نەدەبووین.

پەروانە خەندەیەکی کردو وتی:

- بەڵام قەدەر ویستی من هەڵە بکەمو تەواوی خۆشیو ئارامی واز لێبێنمو خۆم بکەمە دیلی ئەم پیاوە دڕندەیە، کە هەر چرکەیەك لەگەڵیا ژیان سەد جار خۆزگە بە مەرگ خواستنە.

ئازادە تاڵیی ڕۆژانی ژیانی لەگەڵ بەهزاد بیرکەوتەوە، هێشتا لە بیریا مابوو، بە شێوازێکی گوماناوی تەماشایەکی پەروانەی کردو بە ئارامی وتی:

- بۆچی لێی جیا نابیتەوە؟ گەر چاوەڕوانی ڕۆژیٚ لە ڕۆژان ئاکاری بگۆڕیٚو ببێتە مرۆڤ، لە هەڵەدای، من ئەزمونێکی زۆرم لەگەڵی هەبووە... نۆ ساڵ!!

پەروانە سەری بەرزکردەوەو فرمێسکیکی گەرم کە بە گۆنایدا هاتبووە خوارەوە بە پەنجە پاکی کردەوەو بە ئارامی وتی:

- من شەش مانگ زیاتر نییە لەگەڵ ئەو دەژیم... لە سەرەتاوە هەمان ئومێدیٚ کە تۆ نۆ ساڵ چاوەڕوانی بووی، چاوەڕوان بووم ئێستە کە بە ڕاستییەکەی گەیشتووم، ئیدی ناتوانم.

- بۆچی؟

- چونکە پای کەسێکی دی لە نێوەندەکەدا هەیە!!

ئازادە سەرسامانە تێی ڕاماو بە هێمنی وتی:

Scanned by CamScanner

- یانی تۆ سکت هەیە؟

پەروانە بە ئاماژەی سەر وەڵامی ئەرێی داوە، ئازادە وتی:

- ئای خودای من! ترسناکە... ئێستە جیابوونەوە ئەستەمە... تۆ ئەبێ زیاتر زەجر بکێشی.

چەند دەقیقەیەکی دیکە پێکەوە دووان، پاشان بەو ئاکامە گەیشتن، ئازادە پاش پرس و ڕا لەگەڵ دایکی هەر چۆن بووە، بێهنام لە تاران دووربخاتەوە، پەروانە هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، لەوەی دایکی بێهنامی ئاگادارکردبووەوە هەستی بە ئارامی دەکرد.

ئازادە دەستی ئەوی بە گەرمی گوشی و سوپاسی کردو تا دوا هەنگاوی خێرای پەروانە بە چاوی پڕ فرمێسکەوە تێیڕاما، پاشان بە خەمبارییەوە وەکو کچێکی بچووکی ون بوو بەرەو ماڵ گەڕایەوە.

* * * * *

ساتەکان بووبووە مایەی دڵەکوتێ و بێئارامی، ئەیویست هەرچی زووترە خۆی بگەیەنێتە ماڵەوە، نەخشەیەک کە لەسەریدا بوو لەگەڵ بیستنی ناوی خۆی تێک شێوا.

بە گێژو وێژییەوە تەماشایەکی رەسوڵی بەقاڵی کرد، قەرزاری بوو، بە داواکارانەوە تەماشای کرد:

- داوایەکتان هەبوو؟

رەسوڵی بەقاڵ بە ئارامی وتی:

- وەڵڵا، جۆرێک تەماشام دەکەیت، دەڵێی من قەرزاری تۆم!!

بەهزاد هەستی بە شەرمەزاری دەکرد، بە دەنگی بەرز وتی:

- لەم ڕۆژانەدا پارەکەت دەدەمێ، ئەزانم چیمان بردووە، پۆز

لێمەدە، ئەو لە ڕیزە دوکانەکە دوور کەوتەوە، دەنگی ڕەسوڵی بیست کە وتی:

- نەفرەتت لێبێ پیاو کە لە قسە تێناگەی، خوا بکات زووتر شەڕت لەم گەڕەکە دوور بکەوێتەوە، ڕەسوڵی بەقاڵ پارچە پەڕۆیەك کە بەدەستییەوە بوو بۆ پاککردنەوەی شووشەی دووکانەکەی، رایوەشاندو بە دڵە خورپەوە چووە نێو دووکانەکەی.

*  *  *  *  *

لەسەر پاژنەی پێ سوڕا، پەروانە دەنگێکی هێواشی کردنەوەی کلیلەکەی بەرگوێ کەوت، لە چێشتخانە هاتە دەرەوە، بەهزادی بە قیافەیەکی ترسناك‌و هەراسان بینی.

پەروانە بێدەنگ‌و ئارام بوو، بەهزاد بە پێڵاوەکانەوە هاتە ناو هۆڵەکەو بە توڕەییەوە لێی نزیك بووەوە، پەروانە نەیتوانی دژەکرداری نیشان بدات، پەروانە هەنگاوێك چووە دواوە تا لەبەر پەلامارە بەهێزەکانی بەدوور بێ.

نیگای لە توڕەییدا ڕەش هەڵگەڕابوو، ئەیزانی وەك ئەژدیها پێچ بە خۆی ئەدا، ڕق‌و توڕەیی ئەو هاتبووە جۆش، هەوڵیدەدا بە خوێنساردییەوە هەڵس‌و کەوتی لەگەڵ بکات، بەڵام بەهزاد مۆڵەتی پێنەداو بێ پسانەوە دەستی کرد بە پرسیارکردن لێی:

- کارت بە ئازادە چی بوو؟

پەروانە لەجێی خۆی وشك بوو سەرسوڕماوانە تەماشای کرد.

- وادەزانی نازانم چی دەکەیت‌و بۆ کوێ دەچی؟

پەروانە گێژ بوو بوو، رووی لەو لاداو بۆ لایەکی دیکەی سوڕاند.

بەهزاد بازووی گرتو بە توڕەییەوە وتی:

- مەگەر پێم نەوتبووی مۆڵەتی چوونە دەرەوەت نییە؟

کاتێ بێدەنگی پەروانەی بینی، باڵی زیاتر گوشی و وتی:

- وتم کارت بە ئازادە چی بوو؟

- تەنها دەمویست بیناسمو لەنزیکەوە بیبینم.

- هەر ئەوەندە؟

پەروانە بە نیشانەی ئەرێ سەری جوڵاند، پاشان بۆ کۆتایی هێنان بە باسەکە بە توندی وتی:

- ئای! چێشتەکەم سووتا!

بە خێرایی بۆ رزگار بوون لە چنگاڵی بەهزاد خۆی راتەکان، بەڵام بەهزاد بە دەستی راستی قۆڵەکەی دیکەی گرتو بۆ لای خۆی رایکێشا، ددانەکانی جیڕکردەوەو بە توڕەییەوە وشەکان لە دەمی دەرچوون:

- راستیم پێدەڵێی یان پارچەپارچەت بکەم؟

- بەهزادگیان تو خودا هێندە بەدگومان مەبە، ئاخر ئەتوانم چ کارێکم بە ئازادە هەبێ جگە لەوەی بەو ئاشنا بمو کەمێ لە بارەی بێهنامەوە قسە بکەین.

پەروانە دانی نابوو بە پەیوەندیەکی خۆیو ئازادەدا ئیدی نەیدەتوانی حاشا بکات.

زللەیەکی بەهێز بەر گۆنای کەوت، فرمێسك بە گۆنای مەنەمدا هاتە خوار، ئەو منداڵە بێتاوانە خەمبارە، شاهیدی ئەشکەنجەدانی دایکی

بوو، وەکو مۆم ئەتوایەوە، لە دڵەوە پێی خۆش بوو دایکی لە بەهزاد جیابێتەوەو پێکەوە لە گۆشەیەکدا بە ئارامی ژیان بەسەر بەرن.

پەروانە ئەمڕۆش بێڕەحمانە کەوتە بەر لێشاوی شەق و زللە، کاتێ بەهزاد ماندوو بوو وازی لێهێنا، ساتێ دواتر بۆنی هێرۆیین بەناو ماڵەکەدا بڵاوبوویەوە.

صەنەم لەبەر گریان هەموو گیانی دەلەرزی، خۆی هاویشتە باوەشی دایکی و تەماشای دەستی زامدارو دەم و چاوی شین بووەوەی دەکردو بە دەستی بچووکی بە هێواشی فرمێسکەکانی سەر گۆنای دایکی پاککردەوە.

*    *    *    *    *

Scanned by CamScanner

## ٥

هەوا دڵگیرو خاوێن بوو، نەسیمێکی هێواش بوونی بەهاری لەگەڵ خۆی هێنابوو، بوونی خۆشیو شادی، هەتاوی پاش نیوەڕۆی دوایین ڕۆژی ساڵ، گەرمی خۆی بەجێ دەهێشت بۆ دانیشتوانی سەر زەوی، هەموو شوێنێك جوانو دڵگیر بوو، جگە لەو تەمومژەی نیشتبووە سەر دڵی صەنەم، تەنها شوێنێك کە ئەیتوانی لە چوارچێوەی ماڵەکە لێوەی فێرار کاتو ڕێگەیەك بەرەو دەرەوەی ببات، وەستان بۆ لای پەنجەرەکە، بالا کورتەکەی ڕێگەی نەدا جوان ناو کۆڵانەکە بینێ، مێزێکی هێناو خستییە ژێر قاچی، ئەنیشکەکانی خستە سەر لێواری پەنجەرەکەو دەستی خستە ژێر چەناگەیو نوقمی دەریای بیرکردنەوە بوو، بیرکردنەوە لە یادەوەرییەکانی خۆی.

... شەوی جەژنی ساڵی پاری بەبیر هێنایەوە کاتێ بابەگەورە بردییە بازاڕو جوانترین جلو بەرگو پێلاوی بۆ کڕی کراسێکی مەخمەلی قاوەیی بۆ پەروانە کردە دیاری، دایە گەورەشی داوای لێ کردبوو تا چاوەکانی بنوقێنێ، کاتێ چاوەکانی کردەوە، بووکەشوشەیەکی قژ ئاڵتونیی جوانی بینی، لە خۆشیدا چاوەکانی ئەدرەوشانەوە.

دڵخۆشو سەرقاڵ بوو، بۆ ئەوەی سەر بخاتە سەر دایکی، ئەو سفرەیەی کە دایکی بە سەلیقەی خۆی ڕازاندبوییەوە، قاچێکی لێداو تێکەڵی کرد، لەوەی کە دایکی توڕە کردوە زۆر شادمان بوو، پەروانە کەوتە دوای، صەنەم بە خۆشحاڵییەوە خۆی لە پشت بابەگەورەیەوە

حەشار دابوو.

پەروانە زۆر لەسەر خۆ فرمێسكی دەڕشت، باش ئەیزانی هەوای ساردو بێدەنگی ماڵەكە صەنەمی بردۆتە بیری جەژنی پارساڵ، قوڕگی گیرا لەوەی كە هەوڵی نەدابوو دیاریی بۆ بكڕێت، سەرزەنشتی خۆی كرد، بیرێك بە مێشكیدا هات‌و بە خێرایی چوو بوو لای جانتا چەرمە ڕەنگ سوورەكەو كردییەوە دواتر سەرپۆشێكی ئاوریشمی گوڵداری دەرهێنا.

ژوورەكەی بەجێ هێشت‌و گەڕایەوە هۆڵەكە، لەسەر نوكی پێ ئەڕۆشت‌و خۆی گەیاندە صەنەم‌و لەپشتەوە سەرپۆشەكەی دا بەسەریدا، صەنەم لای كردەوە، پەروانە فرمێسكی پەنگ خواردوی لە چاوەكانیدا هەست پێ كرد، كاتێ دەموچاوی لەناو سەرپۆشەكەدا كە جوانتر ئەهاتە بەرچاو بینی نوقمی لەزەت ئەبوو، بەڵام غەمباری بەردەوامی صەنەم، بۆ پەروانە كوشندە بوو، بە بینینی دایكی فرمێسكەكانی ڕێچكەیان بەست‌و سەری خستە سەر شانی دایكی‌و بە ئارامی گریا.

لەم كاتەدا زەنگی دەرگا لە یەكی كردن، پەروانە چارشێوە گوڵدارەكەی دا بەسەریداو دەرگای كردەوە، پیرەمێردی پۆستەچی سڵاوی كردو وتی:- -خانمی ئیمانی؟

- بەڵێ خۆمم.

-ئەم بەستەیە بۆ ئێوەیە، بە پۆستی خێرا گەیشتووە.

پەروانە لێی وەرگرت‌و سوپاسی كرد، لەلایەن دایك‌و باوكییەوە بوو، خۆشییەكی بێ ئەندازە كەوتە دڵی‌و لە ڕوخساریدا بە دی دەكرا.

لەو هەموو دورییەوە ئەوانیان لە شەوی جەژندا لەبیر نەكردبوو، بە خێرایی لە قادرمەكان ئەهاتە خوارەوە بە دەنگێكی لەرزۆكەوە، چەند جارێك صەنەمی بانگ دەكرد، لەگەڵ كردنەوەی بەستەكان، صەنەم

Scanned by CamScanner

گرتی بە دەستییەوە بۆنی کرد، چونکە باوەڕی وابوو بۆنی بابەگەورەو دایەگەورەیان لێ پێچراوە.

براکەی پەروانە بۆ خوشکەزا تاقانەکەی جووتێ گوارەی زۆر جوانی ناردبوو کە لە خۆشیدا تیشکی شادیو هەڵچوون لە چاوانی صەنەم ئەدرەوشانەوە.

بەستەیەکی تر کە تایبەت بوو بە صەنەم پانتۆڵو بلوسێکی بێجی بوو، تا دڵ حەز بکات جوان بوو، صەنەم خۆی بەسەر پێوە نەئەگرت، ئەوان کراسێکی خۆڵەمێشیشیان بۆ بەهزادو بۆ بێهنام پانتۆڵێکی قاوەییان ناردبوو.

پەروانە بووبووە خاوەن جووتێك پێڵاوی گرانبەها، لە هەمووی گرنگتر بۆ پەروانە ئەوە بوو کە صەنەم ئەمشەو دڵخۆشەو وا هەستەکات بابەگەورەو دایەگەورەی لە لایین.

"کچی خۆشەویستم پەروانە گیان: سڵاوێکی گەرمی باوکانەت لێبێ، منو دایکت باشین بەڵام بەراستی دڵمان بۆتان تەنگە هەڵبەت وا نەزانی بەتەنیا بۆتۆ، نە ، زیاتر موشتاقی دیداری کچە جوانەکەم صەنەم گیانین، لەوەی کە بیستمان خۆشبەختیو چێژ لە ژیان ئەبەیت، زۆر لەصەنەم بێت". پەروانە ئیدی نەیتوانی دێڕەکان بە باشی ببینێ، کاتێکدا گەر دایکی کاتژمێرێك لە ژیانی ئەوانی بدیایە، بێگومان دایك و باوکی بێچارە راهەست ئەکەن ئەو بە راستی خۆشبەختە، لە سەکتەی ئەکرد، بەڵام پەروانە لەوەی باوکیو دایکی ئاسودە بوون، دڵگرانی ئەوان نەبوون، هەستی بە ئارامی ئەکرد.

* * * * * *

Scanned by CamScanner

- زۆرجوان بوويت كچەكەم، ئێستا ئيتر كاتی خۆيەتی بڕۆ.

پەروانە نيگايەكی پڕ لە غروری بڕييە صەنەم، زەردەخەنەيەكی كەم ڕەنگ كەوتە سەر روخساری بە دوای صەنەم كەوت بۆ هۆڵەكە.

دەنگی دڵفڕێنی صەنەم كە سڵاوی لە باوكی دەكرد، ژوورەكەی پڕ كرد.

بەهزاد كە تازە گەيشتبووە جێ خەريكی داكەندنی گۆرەوييەكانی بوو سەری بەرزكردەوە صەنەمی بينی، قژی صەنەم وەكو كلكی ئەسپ بەسرابوو، بە دوو لای سەريدا شۆڕ بوو بووەوە، هەروەك چەترێكی ئاورێشم، لەناو ئەو جلو بەرگەدا گەورەترو جوانتر ئەهاتە بەرچاو، لێوەكانی وەك گوڵ گەشاوە بوون، تيشكی شادی لە چاوانيدا ئەدرەوشايەوە، صەنەم لەوەی كە بەهزاد بە جوانیو ئارامی تەماشای دەكرد زۆر دڵخۆش بوو، رايكرد بۆ لایو بەشادييەوە وتی:

- بابەگيان! جوان بووم؟

بەهزاد تەماشايەكی ساردو سڕی كرد، دواتر چاوانی بڕييە پەروانە، قژی لە دواوە بەستبوو كراسێكی سورمە ڕەنگی كردبووە بەری، بەهزاد پێشتريش ئەم جلانەی لەبەر پەروانەدا بينی بوو، بەڵام ئەمڕۆ شێوازێكی تر بوو، خەتێكی ڕەشی كاڵ جوانييەكی تايبەتيان بە چاوانی بەخشی بوو، پەروانە زەردەخەنەيەكی كردو وتی:

- ماندو نەبی، چا ئەخۆيت بۆت بێنم؟

دواتر بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەكەدا كێشا.

لەپڕ بەهزاد لە جێگەی خۆی هەستا، دەستەكانی خستە كەلەكەیو دەستی كرد بە قەدەم لێدان، هەرجارێك قاچی دەنا بە ناو هۆڵەكەدا، هەنگاوەكانی توندترو توڕەتر دەبوو.

- كێ ڕێگەی بە تۆ داوە ئەو كچە ئاوا پڕ ڕەونەق بكەيت؟

پەروانە نەیدەویست دووبارە شەڕ دەست پێبکاتەوە شەوی جەژن و ئارامی ماڵەکەیان بشێوێ، بە زەردەخەنەوە وتی:

- بۆچی خراپە؟ بیبینە چەند جوان بووە!

- بە پارەی دزیی؟

بەهزاد ئەمەی زۆر بە راستی بوو، پەروانە لە جێی خۆی وشک بوو، لەسەر سوڕماندا دەمی کرایەوە، بە پچڕ پچڕی وتی:

- وتت چی؟ دزی؟

بەهزاد پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی کردو وتی:- بە ڕاستی جێی سەرسوڕمانە! بۆچی دەرهێنەرەکان نایەنە ماڵی ئێمەو ئەم نمایشە ببینن، هونەرپیشەیەکی شارەزای وەك تۆ پەیدا بکەن.

صەنەم کە لە شێوازی قسەکانی بەهزاد ترسا بوو، خۆی ئاڵاندبوو لە دامێنی دایکdیەوەو چمکی کراسەکەی بە دەست گرتبوو، پەروانە لەگەڵ ئەوەی هەستی بە سستی و لاوازی خۆی دەکرد، ئاگای لەو حاڵەی ئەو بوو بۆ ئەوەی ئارامی بکاتەوە توند لە نێوان دەستەکانی خۆی گوشی، پەروانە ڕێگەی بە خۆی نەدەدا لە بەرانبەر بەهزاد پێداگری بکات، هەوڵی دەدا شادی ئەم شەوی صەنەم نەشێوێ.

پەروانە دەنگی جیڕەی ددانەکانی بەهزادی ئەبیست پاشان وشەی ناشیرین و ڕێژنەی جنێوی بەهزادی بیست کە هەر کامیان کوتەکێك بوو بەر سەری دەکەوت.

- بەوەی کە بەلاشخۆرو بێکار ئەخۆن و ئەخەون داناکەون، دەست بە گیرفانەکانی مندا ئەکەیت هەی بێمێشك؟

پەروانە لە توڕەییدا ئەلەرزی بە یەکجاری کۆنترۆڵی خۆی لەدەست داو نەفرەتی لەو کارەی دەکرد:

Scanned by CamScanner

- بێدەنگبە بەهزاد! ئەفامی چی ئەڵێی؟ بۆچی بووختان ئەکەیت؟ ئارامت نەگرت تاخۆم پێت بڵێم چی بووە!

بەهزاد نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە ئەوە پەروانەیە لە بەرانبەر ئەودا وەستاوەو هەڕەشەی لێدەکات، لەمەوبەر هەر کە بەهزاد تووڕە دەبوو ئەو مێواش لەگەڵی ئەدوا، پەروانە لە بەرانبەری بێباکانە وەستاو بە هەمان ئاواز وتی:

- هەشت مانگە خێزانی تۆم، ماڵ هینی خۆمە! هەموو شتومەکەکان هینی منە! گەر ئەو تۆزە پاشەکەوتە کە لە بانك دامنابوو وەرم نەگرتایەتەوە ئێستە خۆم و صەنەم لە برسا ئەمردین، چونکە تا ئێستە ریاڵێکێت پێم نەداوە.

- پارەکەت یان خەرجی گەندەکارییەکانت دەکەیت، یان ورده داواکارییەکانی پەردیس خانم جێبەجێ دەکەیت، ئەوت نەهێنایە ئەم ماڵە، لەبەر خاتری ئەوە نەبوو ئێمە دڵگران نەبین، بەڵکو لەبەر ئامانجەکانی خۆت خانویەکت بۆ بەکرێ گرت و مافی ئێمە زۆر ئاسان دەکەیتە دەستی ئەو پەردیسە بێ ئابڕووە.

بەهزاد کە لەپشت پەروانەوە وەستابوو، وەکو کورە هاتبووە جۆش بە خێرایی سوراو دەستی لە هەوادا بەرزکردەوەو شەقازلەیەکی بەهێزی دا لە گۆنای پەروانە، فرمێسك چاوانی پەروانەی دەسووتاند، بەڵام ئیدی نەیدەتوانی بێدەنگ بێ، دووبارە لێوان لێو لە تووڕەیی لە کاتێکدا دەستی بە ڕومەتییەوە گرتبوو، وتی:

- وا دەزانی کەس ئاگای لە کارت نییە، منت لەم ماڵە زیندانی کردوە تا سەرپۆش بدەیت بەسەر کارە چەپەڵەکانتا، گەرچی

ئەسیری ئەم چوار دیوارەم، بەڵام ئەزانم کە تۆ... بە جۆرێك وشەی (تۆ) لەزاری دەرپەڕیماڵەکە دەنگی دایەوە، بەردەوام بوو:

- بەشی خۆت لە میوانخانەکە فرۆشت و رۆیشتیت، دەستی کچێکی بێ ئابڕوت گرت بۆ ئەوەی لەناو باندی قاچاخ فرۆشەکاندا جێی خۆت بکەیتەوە!

کاتێ بێدەنگی بەهزادی بینی، دەستی بە قژی صەنەمدا هێناو هەموو توانای خۆی کۆکردەوەو وتی:

- نەفرەتت لێبێ.

لە بەرانبەردا بەهزاد هەموو هێزی خۆی لە مشتیدا کۆکردەوەو مشتێکی جەرگبڕی دا لەناو سکی پەروانەو خستی، صەنەم هاوارێکی جەرگبڕی کرد، بە جۆرێك هاواری پەروانە لە ناویدا ون بوو، هەناسەی پەروانە لە سینەیدا بەند بوو لەبەر زۆری ئازار وەك مار خۆی پێچ ئەداو رەنگی شین هەڵگەڕا.

بەهزاد کە بینی پەروانە شین هەڵگەڕا سەرسام بوو، بە چاوانی ئەبڵەق بووەوە چەند هەنگاوێك هاتە دواوەو گەیشتە ناو دەرگاکە، صەنەم بە گریانەوە پانتۆڵەکەی گرت و بە شێوەیەك کە دڵی هەر مرۆڤێکی وەژان ئەخست و ئەیلەرزاندو فرمێسکی لە چاوانیدا جاری ئەکرد، وتی:

- بۆ کوێ ئەچی؟ وەرە دایکم ببە بۆ نەخۆشخانە! ئێستە کە لێت داوە بیبە چاکی بکەرەوە، بڕوانە خەریکە ئەمرێ!

دواتر ئاماژەی بۆ دایکی کرد، کە بە رەنگی شین بوونەوە پێچی بە خۆی ئەدا، بەهزاد قژی جوانی ئەوی لە دەستییەوە ئاڵاندو فڕێیدا بۆ لای دایکی.

Scanned by CamScanner

صەنەم هاواری کردو وتی:

- بە هەموو کەس دەڵێم تۆ دایکمت کوشت! چوو بۆ لای دایکی و هاواری کرد، پەروانە هەناسەی دەر نەدەهات پێچی بە خۆی ئەدا، لەم ماتەم سەرای بێکەسییەدا تەنها کەسێ ئەیتوانی تۆزقاڵێ هیوا بخاتە دڵی صەنەم میهریی بوو.

بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو، دەنگی ئامبولانس لەناو کۆڵانەکە بەرز بوویەوە، شۆفێرەکە کە گریانی بۆ حاڵی صەنەم دەهات بە خێرایی خۆی گەیاندە نەخۆشخانە.

صەنەم مۆڵەتی چوونە ناو بەشەکەی نەبوو، بەبێ ئارامی لەپشت دەرگا بەستراوەکە، گریانێکی سوتێنەری دەکرد، بە جۆرێك تەواوی نەخۆش و کارمەندانی نەخۆشخانەی هێنابووە جۆش، کاری لە هەموویان کردبوو، ئەو تا ئێستاش لەناو گێژاوی ئەو پێشهاتە غەم ئەنگێزەدا پەلی ئەهاویشت، میهریی کە لە ئاخر شەویساڵدا دوور لە خێزانەکەی هەستی بە تەنهایی دەکرد، لەگەڵ ئەوەش بۆ ئەم کارەساتە جەرگبڕە فرمێسکی ئەباراند، لە پزیشکەکان ئەپاڕایەوە هەموو توانای خۆیان بخەنە کار بۆ رزگارکردنی پەروانە.

پزیشکەکەی پیاوێکی بە تەمەن و روخۆش بوو، برۆکانی جووت کردو بە ئاوازێکی لەسەرخۆ وتی:

- ژنی بێچارە ئاوای بەسەر هاتووە و هێشتاش لەو چاوەڕوانی ژیان بین؟
- زیندوو ئەمێنێ؟
- تۆ چی ئەویت؟
- دراوسێیانم.

- لەو ڕووداوە چی ئەزانی پێمان بڵێ؟
- دەنگی هاتو هاواری مێردەكەی هەمیشە بەر گوێ ئەكەویت، ئێمە پێی ڕاهاتووین، پیاوێكی شێتو شەڕورە هەمیشە خێزانەكەی بەر كوتەك ئەدا.

پزیشك هەناسەیەكی ماتەمی هەڵكێشاو وتی:

- پێویستە ئێمە پۆلیس لە ڕووداوەكە ئاگادار بكەین، ئێوەش بفەرموون خەسڵەتەكانی ئەو بڵێن تا هەرچی زوترە دەستگیری بكەن، نابێ بیهەڵێن لە دەستی یاسا ڕا بكات.

میهریی قسەكانی ئەوی ڕاستاند، بێپسانەوە فەرمانەكانی پزیشكی جێبەجێ دەكرد.

پەروانە جگە لەوەی منداڵەكەی لەبار چووبوو، زەربەیەكی كاریگەر بەر گورچیلەی كەوتبوو كە بووبووە هۆی نیگەرانی پزیشكەكان.

میهریی بە چاوانی پڕ ئەسرینەوە ڕۆشت بۆ بەشی ئاگادارییەكان، دوای وەرگرتنی ژمارە تەلەفۆنی براكەی، ئەوی لە حاڵەكە ئاگادار كردەوەو بە دڵی غەمگینەوە هۆڵەكەی بەجێهێشت، هەستی دەكرد لەناوەوە گڕی گرتووە، گرێی سەرپۆشەكەی شل كردەوەو لە قادرمەكان هاتە خوارەوە بۆ ناو نەخۆشخانەكە.

بە بینینی صەنەم كە لەسەر قادرمەكان سەری نابوو بە دیوارەكەوە، گریان بەر ئەوكی گرت، بۆ ئەوەی صەنەم ئارام بكاتەوەو تا كاتێ پزیشك ئەنجامی تاقیكردنەوەكان ئەداتەوە، بڕیاریدا بۆ كاتژمێرێك صەنەم بەناو شاردا بگێڕێ، بەڵام هیچ شتێ نەیدەتوانی ئەو منداڵە ئارام بكاتەوە..

* * * * *

- چی بووە؟
- تکایە نزیکترین کەسی ئەم خانمە بانگ بکە، پێویستە بۆ کاری نەشتەرگەریی لێرە ئامادە بێ.
- بەڵام ئەو هیچ کەسی نییە!
- پێویستە پێتان رابگەیەنم کە ئەو جگە لە خوێنرێژی بەمێز دووچاری ڕشانەوەش بووە، ئەوەشی زیاتر بۆتە مایەی نیگەرانی ئێمە ئەوەیە سپڵی زەربەیەکی کوشندەی بەرکەوتوە.
- پەلە بکە ئاغای دوکتۆر! تو بیتو خودا یارمەتی بدە!
- من ئیدی ناتوانم هیچ کارێکی بۆ بکەم کچەکەم!

میهریی نەیدەتوانی ئارام بگرێ، قسەکانی پزیشك وەکو چەکوشێك درا بسەریدا.– مەبەستت چییە؟

پزیشکەکە بە شێوەیەك لە غەمباریدا ئەلەرزی وتی:

- ئاخر ئەو نە کەسی وای هەیە بۆ نەشتەرگەرییەکەی مۆڵەت بداو نە پارەیەکیشی هەیە.
- نە... نە... تۆ ناتوانیت هێندە دڵڕەق بی کە لەبەر پارەو سودی خۆت شاهیدی مەرگی نەخۆشێك بیت، ئەویش ژنێك کە کچە بچووکەکەی جۆگەلەی فرمێسکی بۆ دەڕێژێ.

پاشان دەنگی گریانی میهریی لە ڕاڕەوی نەخۆشخانەکەدا دەنگی دایەوە، پزیشکەکە کەمێ بیری کردەوەو پاشان بە میهرەبانییەوە وتی:

- باشە، هەر کارێك لە دەستم بێ دریغی ناکەم... پەیمان بێ.
- دوکتۆر پێمان بڵێ هیوایەك هەیە؟
- هەرچەند زۆر هیلاکە، بەڵام ئێمە هەولی خۆمان ئەدەین.

میهریی زەردەخەنەیەکی بۆ کردو سوپاسی دوکتۆری کرد.

* * * * *

Scanned by CamScanner

میهریـی لـە کـویٚ بوویـت، ئـەم منداڵـەت هێناوەتـە لای مـن و خۆشت رۆشتی کە...! موحسین شێوازێکی دێزانەی بە خۆوە گرتبوو، میهری بە لەسەر خۆییەوە پێی وت:

- وام ئەزانی تۆزقاڵێ سۆزو بەزەیی لە دڵتا هەیە!

موحسین برۆکانی جوت کردو وتی:

- بۆچی نییە؟

میهریـی بـێ ئـەوەی وەڵامـی بداتـەوە، بەتانییـەکی هێنـاو دای بـە صـەنەمداو گاڵتەجاڕانـە بـە موحـسین کـە هێـشتا تەماشـی تـەختی ژوورەکەی دەکردو لەسەر قەنەفەکان دانیشتبوو، وتی:

- منداڵەکـە بـە برسـێتی خـەوتبوو، لانیکـەم بەتانییـەک سەرچەفێکت پیابدایە! موحسین نیگایەکی بێقـەراری بڕییە میهریی و بە شێوازێکی پاڕانەوە وتی:

- لەوکاتـەوە تـۆ رۆشتویت بێپسانەوە ئـەگری، هەرچییەکم کرد نـەمتوانی ئـارامی بکەمـەوە، بێتاقـەتی دایکـی بـوو، تـا خـەو بردییەوە نەمدەوێرا نزیکی بکـەوم، ترسـام گـەر بـەئاگا بێتـەوە بەهانـە بگـریٚ و دەسـت پێبکاتـەوە، دواتـر وەکـو شـتێکی بیرهاتبێتەوە وتی:

- ... بەراسـت بێهنـام، کاتـژمێرێك لەمەوبـەر هاتـەوە، لەپـشت دەرگاکەوە بوو، هەرچەند وتم وەرە ژوورەوە رازی نـەبوو دوای ئەوەی لەم بەسەرهاتە ئاگادار بوو، وتی: ئەچم بۆ لای دایکم.

* * * * *

Scanned by CamScanner

# ٦

بەهار بوو هەموو شوێنی جوان‌و دڵگیرو ڕۆح پەروەر بوو، گەڕان‌و جموجوڵ لەهەموو شوێنێ بەرچاو ئەکەوت، نەسیم سەمای بە پرچی درەخت‌و گیای دەشتەکان ئەکردو خۆشی‌و شادی بە ژیان ئەبەخشی.

بەڵام لە گۆشەو کەناری ئەم دونیا بێوەفایەدا، کەسانێ هەن دەستەو ئەژنۆو غەمبار لە گۆشەیەکی تاریکدا تەنهاو بێکەس بە دڵی پڕ لە دەردو کەسەرەوە دانیشتوون‌و ئەشك ئەڕێژن، بوونەتە کەمەجاڕی چارەنوسی نەویستراوو نازانن باجی کام گوناهە ئەدەن.

صەنەم کە ئێستاش دایکی نەخۆش‌و ماندوو لە گۆشەیەکدا هاواری ئەکرد، چەندە ئارەزوومەند بوو کە کاشکی ژیانیان وەك ڕۆژە سەرەتاکان بووایە، بەوەش ڕازی بوو، هەرچەند دایکی لێدانی ئەخوارد، بەڵام ئاوا کەنەفتی سەرجێ نەبوو.

ئێستا صەنەم دەبووایە بەرگەی برسێتیشی بگرتایە، جل‌و بەرگەکانی کە ڕۆژانە لەبەریدا بوو لەبەر زۆر پۆشین‌و پیسی پوابوو، پەروانە بە چاوانی پڕ فرمێسك لە کاتێکدا توانای گریانی نەمابوو، دڵی بەحاڵی کچەکەی دەسووتا زیاتر نیگەرانی ئەوە بوو کە نەیدەتوانی لەسەر جێ تەنانەت بچووکترین جوڵەش بکات.

Scanned by CamScanner

بێهنام لەگەڵ دایکی چوو بوو بۆ دەرەوەی وڵات و بەهزادیش لەدوای ئەو شەوەوە لانەیەکی شەوانەی بە خۆی نەهێشتبوو.

کاتێ پەروانە داوای لێوانێ ئاوی لە صەنەم کرد، زەردەخەنەیەکی بۆ کردو لە جێگەکەی هەستا، بەڵام برسیەتییەکەی بە ئەندازەیەك بوو نەیدەتوانی خۆی بە پێوە بگرێ، بە چاوی تاریك بوو هەردوو دەستی بە سەریەوە گرت و لە جێگەی خۆی دانیشت.

پەروانە بە خەمبارییەوە تەماشایەکی کرد، خۆی کەم کەم لەسەر جێگاکە هەستا، دەستێکی خستە کەمەری و دەستەکەی تری خستە سەر ئەژنۆی فشاری خستە سەر، بە دژواری چەند هەنگاوێکی بەرەو صەنەم نا، ڕەنگ بەڕوویەوە نەمابوو، دەستەکانی وەك سەهۆڵ وابوو، ئارەقێکی سارد ناوچاوی تەڕ کردبوو، لێوەکانی بە هێواشی جوڵاندو ماچێکی سەری کچەکەی کرد، صەنەم بە بێ هۆشی تەماشایەکی کرد، پەروانە زەردەخەنەیەکی بۆ کردو دوای کێشانی ئاهێکی قووڵ، بە هەر کێشمە کێشمێ بوو خۆی گەیاندە چێشتخانە، لەوەی لە ماڵەکەدا مابوو، ئەیتوانی جبس بۆ صەنەم دروست بکات، گەرچی بچووکترین جوڵە بۆ ئەو باش نەبوو، چەقۆی پاککردنی پەتاتەی بە دەستەوە گرت، دەستەکانی صەنەم چەقۆکەیان لێ سەند، دایکی بە سەرسوڕمانییەوە تەماشای کرد، صەنەم زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- من ئیتر گەورە بووم، خۆم دەتوانم لانی کەم جبس بۆ خۆم دروست بکەم! پەروانە بە خۆشحاڵییەوە تەماشای دەستەکانی کرد، کە چۆن بە خێرایی پەتاتەکە لەناو دەستەکانی دەسوڕێنێ.

زەنگی دەرگاکە بەرز بوویەوە بێدەنگییەکەی شکاند، ئەبێ کێ بێت؟ ئەم دەنگە دوو مانگە بەرگوێ نەکەوتووە، صەنەم بە جوڵاندنی سەر

دایکی تێگەیاند کە ئەچێ دەرگاکە ئەکاتەوە، پۆستەچی کە صەنەمی بینی نامەکەی دەستی بەرەو ڕووی گرتوو وتی:

- ئەم نامەیە بۆ ئێوەیە، تکایە بە گەورەیەکت بڵێ با بێ ئەو دەفتەرە واژۆ بکات صەنەم کەمێ جوڵاو بە خەمبارییەوە وتی:

- بەڵام دایکم نەخۆشە ناتوانێ لەسەر جێ بجوڵێتەوە، بە نیگەرانییەوە تەماشای ئەوی کرد.

پۆستەچی نامەکەی پێداو زەردەخەنەیەکی کردوماڵئاوایی لێکردو پاشان سواری ماتۆڕە سورەکەی بوو ڕۆیشت، صەنەم بە نیگایەکی نائاگایانە، ئەوی تا دواخاڵ بەڕێ کرد، تەماشای پشتی زەرفەکەی کرد بە بینینی خەتی بەهزاد لەرزی‌و هەمان ترسی هەمیشەیی کە لە بینینی بەهزاد بە سەری دەهات دایگرت، بە نیگای پرسیار ئامێزی دایکی، دوودڵ بوو، نەیدەزانی نامەکەی پیشان بدات، یان بە هەمان شێوە کە لەژێر جلەکانی شاردبوویەوە بیهێڵێتەوە، کەوتە ناو دەریای بیرکردنەوە، پاشان نامەکەی دەرهێناو بەرەو دایکی گرتی، پەروانە بە بینینی حەپەسا لە کاتێکدا نەیدەتوانی سەرسوڕمان‌و هەڵچوونی خۆی بشارێتەوە، لە بەرانبەر نیگای تەماشاکەری صەنەم نامەکەی کردەوە:

"بەوپەڕی سەرشۆڕی‌و ملکەچییەوە لەپشت میلەکانی زیندانەوە سڵاوی خۆمتان پێڕادەگەیەنم.

ئارەزوومەندم لەگەڵ منداڵەکاندا ژیانێکی خۆش بەسەر بەری، بەڵام دڵنیاشم گرفتی زۆرت بۆ دێتە پێش لە ڕووی پارەو خەرجییەوە.

بایی ئەوەندەش هەست‌و هۆشم هەیە هەست بەوە بکەم چەندەم نەفرەت لێدەکەی، حەقت پێدەدەم، بەڵام تۆ ئەوەندە گەورەو میهرەبانی، ئەزانم لێم دەبووری،

هاوسەری خۆشەویستم...
ئێستا فرمێسك دەرێژم و پەشیمانم کە چۆن قسەکانتم لە گوێ نەگرت تا ئێستا دەستوپێم زنجیر نەبووایەو لە گۆشەی ئەم زیندانەدا دانەئەنیشتم.
ئەبێ دان بەوەدا بنێم لە دوای ئەو ڕووداوە وەحشیانەی خۆم لەگەڵ تۆ هەستم بە ئارامی نەدەکرد، چەند شەو دوای ئەو ڕوداوە بە دواتدا گەڕام زۆرم هەوڵدا، کاتێ زانیم چ بەڵایەکت بەسەر هاتووە، نەفرەتم لە خۆم دەکرد، ئومێدەوارم حاڵت باشتر بووبێ، ئەزانم ڕۆژانی سەخت بەڕێ دەکەی، بەڵام پەیمان ئەدەم کاتێ لە زیندان ئازاد بووم، هەموو شتێ قەرەبوو بکەمەوە... هەموو شتێ پەیمان ئەدەم!!
لە کاتی مامەڵەیەکی گەورەدا دەستگیر کرام و ئێستا ناردوویانمەتە زیندانی (ئەوین) لە تاران، دوای دان پیانانی من هەموو باندەکەمان دەستگیر کران، کە یەکێ لەوان پەردیسەو دەبێ ئەوەش بڵێم نەخشەی ئەم مامەڵەیە ئەو کێشابووی بە هەڵەی ئەو من دەستگیر کرام.
ئەو حەوت ساڵ زیندانی بۆ براتەوەو منیش چەند ساڵێ لەو زیاتر کە ئومێدەوارم بتوانم کەمی بکەمەوە.
زیاتر ئاگات لە بێهنام بێ گۆنای ئەوو صەنەم لە لایەن منەوە ماچ بکە، نازانم لەگەڵ باری ئابووری چۆن کێبەرکێ ئەکەی، بەڵام ئەزانم بە جوانی دەست پێوە ئەگری و ڕێکی ئەخەی، تۆ ژنێکی قانیعی و من نەمتوانی لەو ڕەوشتە دزێوانەی خۆم دوور بکەومەوە.
ئازیزەکەم تکات لێدەکەم سەردانم بکە! لانی کەم بۆ جارێك... پێم خۆشە بتبینم، تکات لێدەکەم! تەنها جارێك... تکات لێدەکەم پەروانە بۆ تەنها جارێك!!"

فرمێسك بە گۆناكانی پەروانەدا جۆگەلەی بەستبوو هەستی بە ئارامییەكی قووڵ دەكرد، زەردەخەنەیەكی كرد، صەنەم تا ئێستا هەرگیز دایكی بەو جوانییە نەبینی بوو، صەنەم تەماشای دایكی كرد كە هەناسەی قووڵ هەڵدەكێشێ‌و هەوای بەهاری لای پەنجەرەكە هەڵدەمژێت.

كاغەزەكە لەناو دەستیدا لولبوو، پاشان توڕەییەكەی كاغەزەكەی پارچە پارچە كرد لەناو دەستیدا لە پەنجەرەكەوە فڕێی دایە دەرەوە، پارچە كاغەزەكان لەنێو دڵی كۆڵانەكەدا سەمایان دەكرد، صەنەم پەنای بردە بەر باوەشی دایكی‌و ئاهەنگێكی هێواشی لە هەناوی ئەودا دەبیست.

پەروانە هیچ كات نەیدەتوانی بەهزاد ببەخشێت! لە بەهزاد تەنها یادەوەری تاڵ‌و هەراسانكەر بەجێمابوو.

* * * * *

دورمانگ بەسەر نەخۆشییەكەی پەروانەدا تێپەڕ نەبوو، ئەو بە توندی هاڕا بوو توانای كاركردنی نەبوو، بیری داهاتووی صەنەم شێتی كردبوو، نەیدەزانی خەرجی ژیانیان لە چ ڕێگەیەكەوە بە دەست بهێنێ، میهریی لەگەڵ براكەی بۆ شارەكەی خۆیان ڕۆیشتبوو ترس‌و تەنهایی لە نەبوونی ئەو زیاتر هەست پێدەكرد، نەۆمی خوارەوە ژن‌و مێردێ كرێبوویان، كچێكی هاوتەمەنی صەنەم‌و یەكێ گەورەتریان هەبوو، دەنگی پێكەنین‌و شادی ئەوان شەوان بە گوێی صەنەم ئەگەیشت‌و ئارەزووی ئەكرد ئەویش لە خێزانێكی وادا پەروەردە ببووایە.

نەخۆشی لە لایەك‌و نەبوونی خەرجی لە لایەكی تر بوونە هۆی ئەوەی پەروانە نامەیەك بۆ باوكی بنوسێ:

"باوكی بەڕێزو دایكی میهرەبانم سڵاو...

ئومێد دەكەم ساغو تەندروستبن، هەموومان باشینو باشی ئێوەش لە خوا دەخوازین. ماوەیەك لەمەوبەر بەهزاد دەستی دایە كاری بازرگانی، بە داخەوە لە مامەڵەیەكدا بەرشكست بوو، لە كاتێكدا ئێمە لە بیری ئەوەدا بووین باری ژیانمان بە تەواوی بگۆڕین، بەڵام ئەفسوس پێچەوانەی خواستی ئێمە بوو، بەهزاد زۆر گرفتارو نیگەرانە منیش ناتوانم هیچ یارمەتییەكی بدەم. هیوادارم لەم گرفتەدا یاوەرمان بن، داوای زیاترتان لێناكەم لەم كاتەدا گەر بتوانن، خەرجی دوو مانگمان بۆ بنێرن، مەمنون دەبم‌و زۆر سوپاسیشتان دەكەم، گەرچی داوایەكی زۆریشە، خواتان لەگەڵ".

كچی خۆتان پەروانە.

پەروانە نامەكەی لەگەڵ ئەو فرمێسكانەی تكا بوونە سەری، خستە ناو زەرفەوە داوای لە صەنەم كرد تا بیخاتە ناو سندوقی پۆستەوە، صەنەم بە خۆشحاڵییەوە وەری گرت‌و خۆی گەیاندە نهۆمی خوارەوەو داوای لە غەزالە كرد لەگەڵی بڕوات.

غەزالە هاوتەمەنی صەنەم بوو، ڕۆژانی خۆشی قوتابخانەی بەڕێ دەكرد، توانیبووی لەگەڵ صەنەم ببێتە هاوڕێیەكی نزیك.

زۆری نەبرد دایك‌و باوكی پەروانە لە نامەیەكدا كە پڕ بوو لە سۆزو خۆشەویستی‌و ئومێد، بڕێك پارەیان بۆ پەروانەو صەنەم ناردبوو، براكەی‌و براژنەكەی هەندێ جل‌و بەرگی جوان‌و گران بەهایان بۆ صەنەم‌و پەروانە ناردبوو، بەم بڕە پارەیە پەروانە ئەی توانی بە جوانی گرفتەكانیان چارەسەر بكات‌و تا ماوەیەكی دوورو درێژ لە ڕووی داراییەوە گرفتێكیان نەبێ

* * * * *

Scanned by CamScanner

- صەنەم
- چییە؟
- راستییەکەی... من ئێرەیم بە تۆ دێ!

صەنەم خەندەیەکی گاڵتەجارانەی کردو فیڵبازانە وتی:

- ئێرەیی بە من دەبەی غەزالە خانم؟
- ئەرێ بە گیانی تۆ، تۆ لە من جوانتری و لەگەڵ ئەوەی نەشچوویتەتە قوتابخانە، وانە خوێندنت زۆر لە من باشترە، پەیمان کە لە پۆلی سێ یەمە، تۆ ئەتوانی سەعی پێبکەی.
- صەنەم قاقایەکی کردو لەو پیاهەڵدانانەی غەزالە چێژی ئەبرد، پاشان چووە ناو خەیاڵەوەو نیگایەکی قووڵی بڕییە غەزالە، پانتۆڵ و بلوسێکی تەسکی ئەو کە ئەندامەکانی لەشی دەرپەڕاندبوو، گۆناکانی وەك گوڵ و لێوەکانی هەمیشە بەخەندە بوو، تیشکی شادی لە چاوانیدا دەدرەوشایەوە.
- ئەو هەموو شتێکی بۆ دەستەبەر بوو، قوتابخانە، مامۆستای تایبەت، وەرزش، سەیران، سەفەرکردن... بەڵام بەو حاڵەشەوە ئێرەیی بە حاڵی صەنەم دەبرد.
- چی بوو صەنەم؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

صەنەم بە چاوە سەرنج ڕاکێشەکانی تەماشایەکی کردو بە خەمبارییەوە وتی:

- مەبەستت چییە؟!
- غەزالە تۆ چۆن ئێرەیی بە حاڵی من دەبەی؟ من باوکم نییە، دایکیشم نەخۆشە، بابەگەورەو دایەگەورەم کە زۆرم خۆش دەوێن، لێم دوورن، من هیچ کەسم نییە، تێگەیشتی؟ پاشان

فرمێسك لە چاوەکانیدا دەرەوشایەوەو بە خەمبارییەوە بەردەوام بوو:

- دایکم ناتوانێ چێشتیش دروست بکات، خۆم یا دەستم بە چەقۆکە دەبرم، یا چێشتەکە دەسوتێنم! هەمیشە دەبێ لە گۆشەیەك دابنیشمو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای دایکم بکەمو ناڵەو هاواری ئەو ببیستم، بەم حاڵەیشەوە تۆ...

دەنگی گریانی ژوورەکەی پڕ کرد.

- صەنەم گیان من هیچم نەوتووە، تو خوا لە من دڵگران مەبە! صەنەم!... دایکی غەزالە کە گوێی لە قسەکانی ئەوان بوو، بە دەنگێکی گریاو خەمبارەوە بە کچەکەی وت:

- غەزالە گیان! لێی گەڕێ کچی خۆم! لێی گەڕێ با بگری، بەم جۆرە زوتر باری سەرشانی سووك دەبێ.

Scanned by CamScanner

# ٧

وەرزی هاوین خەریك بوو دەهات، پشووی قوتابخانە کەمێك ئارامی دایە صەنەم، چونکە ئیتر منداڵانی پڕ لە هەراو زەنای قوتابخانەی نەدەبینی و لە لایەکی تریشەوە دەیزانی لە کۆتایی هاویندا تاقیکردنەوەی کردووەو لەگەڵ منداڵانی تردا دەچێتە قوتابخانەو لەگەڵ غەزالەدا لەسەر یەك کورسی دادەنیشێت، خەیاڵی ئەم ڕۆژە هەموو بوونی پڕ دەکرد لە هێزو چێژی پێدەبەخشی، باوەخولەی دەکردو هەڵدەبەزییەوەو قژە درێژەکەی لە هەوادا بادەدا.

پەروانە تەندروستیی باش بووبوو، تا بیتوانیایە خەریکی ئیش و کاری ناوماڵ دەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی صەنەم زیاتر هەست بە خۆشحاڵی بکات،

بێهنام لەگەڵ دایکیدا لە لای خاڵی لە ئەستەمبوڵ پەنامەندە بوو، ئەم باسەی لە نامەیەکدا بۆ پەروانە نووسی بوو، نامەیەك لێوانلێو لە سوپاس و مەحەبەت، سوپاس دەرهەق ئەوەی پەروانە لە بەرانبەریدا نواندبووی و بوو بووە هۆی ئەوەی نەکەوێتە ناو گێژاوێکەوە کە بەمزاد تێی کەوتبوو، وێنەیەکی خۆی ناردبوو، لە دیمەنێکی جوانا چاکەت و پانتۆڵێکی لەبەردا بوو باڵای گەورە نیشان دەداو قۆزییەکەی زیاتر

نمایان بوو، جووتێك تەوقە گوڵی جوانی سەری بۆ صەنەمیش ناردبوو، صەنەم زوڵفی لەبەردەم ئاوێنەدا شانە دەکرد، زوڵفی درێژو ڕەش بوو، پاشان گیرەکانی دایکی بۆی بەست، ئەو جلو بەرگە وەنەوشەییەی لەبەر کرد کە خاڵی بۆی ناردبوو، پەروانە بە بینینی ئەو بزەیەکی کردو گۆنای ماچ کرد، صەنەم ڕۆشت تا جلو گوڵە سورەکانی نیشانی غەزالە بدات.

- ماشەڵا خانم! چەند جوان بووی!

دایکی غەزالە ئەمەی وتو خولکی صەنەمی کرد بێتە ماڵەوە، صەنەم سوپاسی کردو وتی:

ئیزعاجتان ناکەم ئەگەر بە غەزالە بڵێی بێتە بەردەرگا.

- ئەزیزم غەزالە لەگەڵ باوکیدا چووەتە دەرەوەو لەوانەیە تا یەك دوو کاژێری تر نەیەتەوە.

- بۆ کوێ چووە؟

چووە شت بۆ خۆی بکڕێ، بە نیازین چەند ڕۆژێکیتر بچین بۆ سەفەر، دایکی غەزالە بە دیتنی گۆڕانی دەم و چاوی صەنەم هەستی بە پەشیمان بوونەوە کرد لە قسەکەیداو صەنەمی بینی بە نائارامییەوە خواحافیزی کردو لە قادرمەکان چووە سەرەوە، بۆ ئەوەی لەخەم و هەستی تەنیایی خۆی کەم بکاتەوە، یەکسەر دەستی کرد بە خوێندنەوەی کتێبێکی چیرۆك کە دایکی کڕی بووی کاژێرێ دوای ئەوە جەرەسی دەرگا لێیداو غەزالە لەبەردەم دەرگادا دەرکەوت.

- صەنەم! دایکم وتی ئیشت پێمە.

- نەخێر، هەر ویستم بتبینم.

- با بچین بۆ ماڵی ئێمە، ئەمەوێ هەندێ شتت پێ نیشان بدەم.
- نا غەزالە گیان، من باش نیم.

غەزالە بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەستی گرت و لەگەڵ خۆی بردی، ژوورەکەی غەزالە ڕێك و پێك و بە کەلوپەلی نوێ ڕازابووەوە، صەنەم لەسەر مۆبێل دانیشت و دەستی خستە ژێر چەناگەی، پاش کەمێك غەزالە بە پەرداخێك شەربەت لە لایدا دانیشت و باسی لەو سەفەرە کرد کە بڕیاربوو بڕۆن.

صەنەم قومێکی خواردەوەو وای نیشاندا ئیشتیهای نییەو شەربەتەکەی دانا، غەزالە زوڵفە بۆرو کورتەکەی چاك کردو چووە لای بۆفییەکەی، چەند بەستەو پارچەیەکی دەرهێناو لەسەر مێزەکە لەبەر دەست صەنەم داینا.

- ئەم کراس و بلوس و پانتۆڵە خۆم و ئەم تیشێرتانە باوکم هەڵی بژاردوون و پێڵاوەکانیش بە سەلیقەی هەردووکمان کڕیمان، جوانن؟

سەری لەقاندو لەژێر لێوەوە وتی:

- بەڵێ، زۆر جوانن.
- جلەکانی تۆش جوانە، زۆرت لێ دێ.
- سوپاس، چاوت جوانە!
- بەڕاست ئەوانەت لەکوێ کڕی؟

صەنەم بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- ئەمە خاڵم لە هۆڵەند بۆی ناردووم.
- غەزالە جوڵەیەکی دا بە قاچی کە لەسەر مۆبێلەکە دایناب وو، بە دەنگێکی کینایە ئامێزەوە وتی:

Scanned by CamScanner

- ئەماما! ئاوا! من هەر دەبووایە بمزانیایە کە ئەوانە دیارین، چونکە ئێوە پارەتان نییە بۆ کڕینی جل و بەرگی نوێ.

سەنەم لەجێی خۆی هەستاو بە ڕقەوە وتی:

- پێویستی نەدەکرد نمایشی جلەکانت بکەیت، چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە کە من جلەکانم لە کوێوە ئامادە کردووە.

دایکی غەزالە ویستی ئەو هێور بکاتەوە، بەڵام سەنەم بە چاوی ئەسرێناویی و دڵی شکاوەوە چووە دەر، دایکی غەزالە لۆمەی کردو غەزالەی کچە چکۆلە لە وتەکەی پەشیمان بووەوە.

سەنەم بە هەڵەداوان گەڕایەوە ژوورەکەی، جلەکانی دەرهێناو بلوزو دامێنەیەکی کۆنەی لەبەر کرد، بە دەنگی بەرز دەگریاو پەروانە نەیدەزانی چ شتێ قەوماوەو بە نیگەرانییەوە لێی دەڕوانی، سەنەم بۆ دەربازبوون لە نیگا دڵسۆزانەکەی دایکی، دەرگای ژوورەکەی داخست، پەروانە بە خەم و دڵە ڕاوکەوە چوو بۆ لای غەزالە، کاتێ باسەکەی لە دەمی دایکییەوە بیست، هەندێ دەردەدڵی بۆ کردو بە بیستنی دەربڕینی هاودەردی ئەو هەستی بە ئارامییەك کرد، داوای لێکردن تا زیاتر دۆست و هەوای سەنەمیان هەبێت، پاشان گەڕایەوە بۆماڵەوە.

* * * * *

لە پاش نیوەڕۆیەکی هاوین، کاتێ خەڵك لەتاو گەرمای نیوەڕۆ جاڕس و بە هاتنی شەماڵێك هەستیان بە ئارامی دەکرد، سەنەم لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی ئەڕوانی، سەیارەیەکی جوانی سور لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو، یەکە یەکە جانتاکان خرابوونە سندقی سەیارەکەوە، پاشان خانەوادەی جەلالی یەك لەدوای یەك سوار بوون.

Scanned by CamScanner

شەماڵێك کە هەنوکە دەهات، گەڵای درەختەکانی دەدا بە یەکداو دەخستنە سەما، غەزالە دەستی دەرهێناو وەکو خواحافیزی چەندین جار بەرەو ڕووی صەنەم ڕای وەشاند، صەنەم هەستی بە تەنیاییەکی قووڵ‌و بەسوێ دەکرد، بە ئاماژەی پەنجەکانی خواحافیزی لێدەکرد، سەیارەکە کەوتە ڕێ‌و پاشان بە دەنگێکی هێواش لە کۆڵانەکە تێپەڕین، صەنەم چاوی لە کۆڵانەکە هەڵگرت‌و لە ناوەڕاستی صالۆنەکەدا دانیشت، پەروانە دەیزانی چی بەسەر کچە جوانەکەیدا دەگوزەرێ، بۆ ئارامکردنەوەی دەردی کۆنەی کچەکەی لە لای دانیشت، دەستی خستە ناو زوڵفی کچەکەیی‌و بە پەنجەکانی یاریی پێدەکردو بە هێمنی وتی:

- حەز دەکەیت بچینە دەرەوە؟

صەنەم بە سەرسامییەوە وتی:

- بۆ کوێ؟

- نازانم، هەر کوێ بێت، ئێستا بڕۆین یان نا؟

صەنەم بزەیەکی تاڵی کردو بۆ دەربڕینی سوپاس دایکی ماچ کردو خێرا بۆ چوونە دەرەوە خۆی ئامادە کرد، هەردوو لەپاش تەحەمول کردنێکی زۆرو ڕەنج‌و مەینەتییەکی زۆر، ئێستا بە خەیاڵێکی ئاسودەوە، ئەو بیرەوەرییە تاڵ‌و ناسۆرییەی هەیانبوو، لەماڵەوە داناو لەپێناو ئارامی بەخشین بە ڕۆحی تۆفان بردەی خۆیان، پێکەوە، کەوتنە ڕێ، پەروانە دەخەنی‌و صەنەم بە قسە شیرین‌و نوکتەکانی ئەوی دەهێنایە سەر حاڵ.

دەمەو خۆرنشین بوو کە چوونە ناو پارکەوە، سەفای وەسف نەکراوی ئەوێ ڕۆحیانی شاد کرد، صەنەم بەردەوام هەناسەی قووڵی دەدا، ڕای دەکرد، دەخەنی، کاتێك لە شوێنێکی جوان‌و خۆش‌و دڵڕفێن

دەستیان کرد بە خواردنی بەستەنی، صەنەم چووە ناو بیرکردنەوەوەو پەروانە بە بینینی گۆڕینی ڕوخساری نیگەران بوو.

- صەنەم گیان! ماندوو بووی ئازیزم؟

ئەو لە بێدەنگیدا ڕامابوو لە خاڵێك، بە بیستنی ناوی ڕاچەنی و بە حەسرەتەوە تەماشایەکی دایکی کرد.

- ئازیزم! چییە باش نیت؟ بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە؟

صەنەم تەماشایەکی تری کردو بە دەنگێکی پڕ لە دەردەوە وتی:

- دایکە؟!

- چییە ئەزیزم؟

- دڵنیابم لەوەی کە ئیتر بەهزاد دەستی بە ئێمە ناگات و ئەتوانین بە ئارامی بژین؟

پەروانە لەگەڵ ئەوەی کە هەستی بە خەمێکی قووڵ دەکرد، بزەیەکی خستە سەر لێوی و وتی:

خەمت نەبێ کچە نازدارەکەم، ئێمە بۆ هەمیشە ڕزگارمان بوو لە دەستی، ئیتر نایەڵم هەنگاو بنێتە نێو ژیانمانەوە، تەنانەت لە دوای ئەوەی کە لە زیندان ئازاد ببێ.

صەنەم زەردەخەنەیەکی شادی کرد، هەناوی خاڵی کردەوەو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وەك بڵێی مەبەستی بوو هێندەی ئەو کاتانەی کە ئازاری چەشتبوو، بە جارێ لە دوای ڕەهایی لە قەیدو بەندی ئەو پیاوە بە ئاسودەیی هەناسەیەك بدات.

- دایکە! ئێمە دەتوانین تەنها لەبەر خاتری باوکم بژین وا نییە؟

چاوەکانی پەروانە ئەشکبار بوو بە بووغزەوە وتی:

- بەڵێ نازدارەکەم، هەر ئەو یادگارییە خۆشەی کە لەگەڵ سەعید

هەمانبوو بۆمان بەسە.

صەنەم لەسەر کورسییەکە هەستاو لەبەردەم دایکیدا وەستا.

پەروانە تەماشای چاوە شەفافو جوانەکانی دەکردو باوەشی بۆ کردەوە، صەنەم لە نێوان بازووە لاوازەکانی دایکیدا، بە ئەجوایەکەوە وتی:

- دڵنیایت کە من لە باوە سەعیدم ئەچم؟
- خودی خۆی... ڕێك کۆپی ئەویت!

صەنەم لە ناخی دڵەوە پێکەنی، چەندە خۆشحاڵ بوو کە بەهزاد لە زیندانا بوو چی دی دەستی بە ئەوو دایکی نەدەگەشت.

ڕۆژە خۆشو خەیاڵییەکانی لە ئایندەی خۆیدا وێنای دەکرد، ئەوی خەندەوارو شاد نیشان دەدا.

کۆڵانەکان نوقم بوو بوون لە تاریکییەکی زۆردا، تەنها لە هەندێ شوێندا، ڕوناکییەکی کەمی گڵۆپەکان دەردەکەوتن، کاتێ پەروانەو صەنەم چوونە ژێر ڕوناکییەکەوە، لە یەکتریان دەڕوانیو زەردەخەنە دەیگرتن، ئەو زەردەخەنەیەی کە دوای نیوەڕۆیەکی خۆشیان پێکەوە بردووەتە سەر، کەنزیك بوونەوە لەماڵ، پەروانە کەمێك وەستا، دەستی صەنەمی گوشیو بەهێمنی وتی:

- کچەکەم؟
- بەڵێ دایە گیان!
- ئەمەوێ زیاتر ئاگاداری خۆت بیت، ئەگەر ئەتەوێت پێبنێیتە ناو کۆمەڵگاوەو ئارەزووەکانی باوکت بهێنیتە دی، ئەبێ بەڵێنم بدەیتێ هەر لە ئێستەوە ئاگات لە ڕەفتارو کردارت بێ، تێدەگەیت دەڵێم چی؟

Scanned by CamScanner

صەنەم بە جوڵاندنی سەری وەڵامی دایکی دایەوە، پەروانە بە نەجواوە بەردەوام بوو!

- تۆ پێویستە بخوێنیت، تا ئەو ڕۆژەی کە من زیندوم، نایەڵم ژیانت بە کوللەمەرگی بگوزەرێ، جارێ پێویستمان بە پارە نییە، بەڵام یەک دوو مانگی داهاتوو کە من باشتر بووم ئەچم کار دەکەمو تۆش دەبێت دڵ بدەیت بە وانەکانت، بەڵێن بێ؟

صەنەم پێکەنیو دەستی لەناو دەستی دایکیا چەند جارێک ڕاوەشاند، پەروانە کەمێك چووە پێشەوە بۆ کردنەوەی دەرگا، دەرگای چوونە ژوورەوەی کردەوەو بە دوای ئەودا صەنەم چووە ناو ئاپارتمانەکەیانەوە.

پەروانە چەند پێپلیکانەیەکی تەی کرد، دووچاری دڵە خورپەیەکی زۆر بوو، صەنەم لە نیوەی پلیکانەکاندا بوو کە پەروانە کلیلەکەی لە کێلونەکەدا سوڕاندو بە کردنەوەی دەرگاکە قیژەیەکی بەسوێی کرد، صەنەم ڕایکرد بەرەو ڕووی‌و ژێر بازووی دایکی گرت، تەماشایەکی ناو صالۆنەکەی کرد تا هۆکاری هەراسی دایکی بزانیت، ڕاچەنی لەوەی کە بینی‌و لێوە سورەکانی لەتاوا لەرزی.

- وااای! خوایە گیان!

- ب.. با.. باوەڕ... ناکەم...

هەستی کرد ستونی فەقەراتی تێك شکاوە، ئەژنۆکانی دەلەرزی‌و سست‌و لاواز خۆی خستە دەرەوەی سالۆنەکە، صەنەمیش بە چەند هەنگاوێك هاتە ژوور، وەها ترس سەراپای تەنیبوو کە دەستی لە پەروانە بەر نەدەدا، پەروانەش هەراسان تەماشایەکی هۆڵەکانی کرد، جیاوازیی نەبوو لەگەڵ سالۆنەکەدا، سویچی گڵۆپەکانی داگیرساندو

ئەو ناوە ڕوناك بووەوە، خەمو دەردێکی گیانکێش سەراپای بوونی ئەم دایكو کچەی گرتەوە، ترسناكو جێی باوەڕکردن نەبوو، هەنسکی گریانی صەنەم ماڵەکەی تەنییەوەو بە دوو چاوی گریاناویو ئەسرینەوە تەماشای دەمو چاوی واق وڕماوی دایکی دەکرد، پەروانە گیانی پڕبوو لەدەردو ژان.

لاشەی بەرگەی ئاوا گورزێکی کوشندەی نەبوو، هەموو دارو ئەداریان بە تالان برابوو، چەند جارێك سەری ڕاوەشاندو هەوڵیدا تا مەراقی گەروی والا بکات، ساتێك دوای ئەوە ناڵەی بەسوێی ئەو لە ژورەکەدا زرینگایەوەو پەروانە لە ناوەڕاستی ساڵۆنەکەدا کەوت، صەنەم خێرا پەنجەرەکەی کردەوەو هاوارێکی کردو داوای یارمەتی کرد، دەنگی گیرابوو بە زۆر دەهاتە دەر، ئەو بە هەموو هێزی هاواری دەکرد، بەڵام هیچ کەس لەناو کۆڵاندا نەبوو وە کەسیش دەرگای ماڵی نەکردەوە تا بەدەم هاوارەکەیەوە بچن.

صەنەم دۆش دامابوو، تەماشایەکی دایکی کردو بیری کەوتەوە کە ئەو نەخۆشەو دڵە خورپەو خەفەت بۆ ئەو باش نییە.
بە دڵێکی لێوانلێو لە عەزابێکی بەسویێو دوو چاوی ئەشك بارەوە، بە خێرایی لە قادرمەکان چووە خوارەوەو خۆی گەیاندە کۆڵان، دەستەکانی نا بە ئەملاو ئەولای دەمیەوەو هەتا توانی قیژاندیو هاواری کرد:

- فریامانکەون!... فریامانکەون!

لەبەر ئەوەی کەس بە هانایەوە نەهات، پەنای بردە بەر دراوسێی دەستی ڕاستیو ئەمجا بە مشت دەیدا لە دەرگاکەیان، پاش ساتێ پیرەمێردێکی کووڕ دەرگای کردەوەو دەیپوانییە صەنەم.

- چییه؟ هەر تۆمان كەم بوو؟ خەڵكی عەجایەب پەیدا دەبن؟!
- ببووره خاڵه!

ترس كەوتە گیانیو لە هەیبەتی پیرەمێردەكە لەرزی.

- فەرموو! چیت دەوێ؟
-ماڵیان تاڵان كردوین!

دەمی وشك بووبوو بە دژواری توانی پێی بڵێ كە دایكی لە هۆش خۆی چووەو پێویستیان بە یارمەتییە.

پیرەمێردەكە بە دەنگێكی تۆقێنەرەوەو لە كاتێكدا كە صەنەمی لەبەردەم دەرگاكە دورخستەوە وتی:

- بڕۆ! لێرە دوور كەوەرەوە! خێرا، من تاقەتی دەردی سەریم نییە!

دەنگی دەرگا بەیەكدادانەكە، صەنەمی لە جێگا ڕاپەڕاند، نەیدەزانی چی بكات، گەروی وشك بوو بوو، لە تاریكی كۆڵان دەترسا، بەڵام زاڵبوو بەسەر ترسەكەیداو دووبارە هاواری كرد:

- مەعز بۆ ڕەزای خوا فریامان كەون! دز هاتووە! گشت كەلو پەلەكانی بردووین... دایكم خەریكە دەمرێ... یارمەتی!

بە دەنگێكی لەرزۆكەوە دووبارە هاواری كرد:

- ئەی خودایە گیان!، دایە گەورە!... باوە گەورە!... لە كوێن؟... وەرن فریامان بكەون!...

بە نائومێدییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بە بینینی ماڵی غەزالە كە لە تاریكیدا نوقم بوو بوو، بە تاسەوە گریا، ئەگەر ئەوان لە ماڵ بوونایە، ڕەنگە ئەم كارەساتە نەقەومایە، یان هیچ نەبووایە ئێستا بە هانایەوە دەهاتن.

Scanned by CamScanner

پەروانە هەروا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوتبوو، دەستی خستە ژێر سەری دایکی و بە چەند دڵۆپە فرمێسکێك دەم و چاوی ئەوی تەڕ کرد، پەروانە ساردو قورس بوو بوو صەنەم نەیدەتوانی ئەو بجوڵێنێ، بیری کەوتەوە کە هەر کات دایەگەورەی تەندروستیی تێك چوو، پەروانە تمنداوی بۆ دروست دەکرد.

لەکون و قوژبنی ماڵەوە دەترساو گیانی دەلەرزی لەوەی کە مەبادا کەسێك هێشتا لە شوێنێکدا خۆی حەشار دابێت، خۆی والێکرد تا کەمێك لەرزەی دەستی کەم بکاتەوە.

چەند دڵۆپە ئاوێك بەسەر لێوەکانی پەروانەوە بوون، وەکو دارێکی وشکی لێهاتبوو کە بە هیچ جۆرێك دەرفەتی جوڵانی نەبوو.

بریسکەیەك دای لە فیکری صەنەم، خێرا هەڵساو دەفتەری تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، یەکەیەکەی لاپەڕەکان بە فرمێسکەکانی تەڕبوون، بە دیتنی ژمارە تەلەفۆنی نەخۆشخانە پرتاو بوو خێرا ژمارەکەی وەرگرت، پاش کەمێ پیاوێك وەڵامی دایەوە:

- نەخۆشخانەی... فەرموو!
- ئەلو!
- بەڵێ!
- ببوورە خاڵە! دایکم تەندروستیی تێك چووەو ئێمە پێویستمان بەیارمەتییە.

کابرا بەتوڕەییەوە وتی:

- سەیرە! ئەمشەو خراپ پێمان ڕادەبوێرن، کچێ لێرە کەس تاقەتی گاڵتەکانی تۆی نییە!

پەیوەندییەکە بچڕاو صەنەم کەوتەوە گریان، بەڵام چارەی نەبوو،

دووبارە ژمارەکەی لێدایەوە، ئەمجارە دڵی بەپەلە لێی ئەدا.

- ئەلو!

- ئ.، ئایی!... دیسانیش هەر تۆی!

شێوازی قسەکردنی صەنەم ئارامتر بوو، بە دەنگێکی نەرم و حەزین کە مەراقێکی دیار دەیلەرزاندن وتی:

- خاڵە بەخوا ڕاست دەکەم، دز هاتووەتە سەر ماڵمان و هەموو شتێکیان بردوین، کاتێ گەشتینەوە ماڵەوە دایکم لە مەراقا بووڕایەوە، تو بێ و خودا یارمەتیمان بدەن، دایکم خەریکە دەمرێ.

- پاشان هەنسکی گریان دڵی کابرای تەزاندو بە سۆزێکەوە وتی:

- تاقەتت بێ کچەکەم، ئێستا تەلەفۆنەکە بدە بە لە خۆت گەورەتر تا ناونیشانەکەتانم بداتێ.

صەنەم تفی ناودەمی قوت دایەوەو وتی:

- خاڵە! ئێمە کەسمان نییە... تەنها من و دایکمین.

پاشان ناونیشانەکەی داو بە بیستنی ئەوەی کە تاچەند خولەکێکی دی ئامبولانس دێت شادییەك کەوتە سەر لێوەکانی و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

ساتەکان بە لایەوە تێنەدەپەڕی، پاش چەند ساتێك دەنگی ئاژیری ئامبولانسەکەی بیست و چووە لای پەنجەرەکەو بە بینینی ئەوان، بە پەلە خۆی گەیاندە خوارەوەو دەرگاکەی کردەوە.

- توخوا پەلە بکەن، نازانم ئەو مردووە یان زیندو؟!

دوو نەفەر کە نەقالەی دەستییان پێبوو، بە ڕێنومایی صەنەم چوونە ناو ئاپارتمانەکەوەو بە دیتنی بارودۆخی نالەباری پەروانە،

ڕاچەنین.

صەنەم ڕایكرد بەرەو ئامبولانسەكە پیاوێكی گەنج كە ڕووپۆشێكی سپی لەبەردابوو، وتی:

- كچێ تۆ بۆ كوێ دێیت؟
- منیش دەمەوێ لەگەڵتان بێم.
- نابێت!
- بەڵام من ئەترسم!

پیاوێكیتر هاتە پێشەوەو بە دەنگێكی توڕەوە بە هاوڕێكەی وت:

- تۆ چیتە سالار؟... ئەی نابینی كچە لەماڵەوە تەنیایە؟

چەند هەنگاوێكی نا بەرەو ڕووی صەنەم دەستی هێنا بە سەریداو بە سۆزێكەوە وتی:

- باشە كچم، تۆش دەبەین!

صەنەم هەستی بە ئارامی كرد، پەروانە لە ئامبولانسەكەدا بوو، صەنەم بەسەر سەریەوە دانیشتبوو دەگریا.

ئەمە گورزێكی كوشندە بوو لێی دراو تا سنوری شێتی پەلكێشی دەكرد، دایكی لە پێناو دڵخۆشی ئەو ماڵی چۆڵ كردو صەنەمی بۆ گەڕان برد بوو، چەند كاژێرێك بە خۆشی بردیانە سەر، بەڵام بە گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوەو بینینی ئەو دیمەنە ترسناكە دایكی پەلكێش كردە ئەو دۆزەخەوە، ئەمەش كارەساتێك بوو شایانی قەرەبوو كردنەوە نەبوو، كارەساتێك وەكو نەشتەرێك دەچەقییە ناو دڵی تەنهای صەنەمەوە.

صەنەم بەردەوام ماچی ناوچەوانی بێڕەنگو زەرد هەڵهاتووی دایكی دەكردو بەفرمێسكەكانی دەموچاوی ئەوی تەڕ دەكرد.

Scanned by CamScanner

صەنەم پەرێشان و ڕەنگ پەڕیو لەسەر کورسییەك لە ڕاڕەوی نەخۆشخانەدا دانیشتبوو، بانگی کرد:

- کچم!

سەری هەڵبڕی و تەماشای پزیشکی کرد، توانای ڕاوەستانی نەبوو.

- ئەتوانی دایکت ببینی.

صەنەم ڕاچەنی و خێرا هەستاو بە هەڵەداوان بە ئاراستەی ژوورەکە چوو، پزیشکەکە بازووی گرت و وتی:

- بەم شێوەیە نا! زۆر لەسەرخۆ بە بێ هەراو زەنا!

لە دەرگاکەدا، وەستاو بە قووڵی تەماشایەکی دایکی کرد کە لاشەی داپۆشرابوو تەنها دەم و چاوی دیاربوو، دووبارە شەپۆلێك لە فرمێسك لە کەناری چاوەکانیدا دەرکەوت، لە لای دایکیدا وەستاو لێی ورد دەبووەوە.

* * * * *

بۆ بەیانی ئەو شەوە تارو خەماوییە، نەخۆشخانە مۆڵەتی دەرچوونی دا بە پەروانە لەگەڵ صەنەم پەنایان بردەوە بەر ماڵە ساردو خامۆشەکەیان.

کازێرێك تێپەڕی بوو دەنگی جەڕەسی دەرگا هات، وەکو عادەتی هەمیشەیی صەنەم، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کردو بە بینینی دوو پیاو سەرسام و هەراسان بوو، هەوڵیدا خۆی لێگێژ بکات و حساب بۆ جەڕەسی دەرگا نەکات، بەڵام پەروانە داوای لێکرد دەرگاکە بکاتەوە،

- ئێمە پۆلیسین.

- صەنەم ڕەنگی پەڕی و هەنگاوێك هاتە دواوە، ئەوان چییان

دەویست؟! ئەمە ئەو پرسیارە بوو كە لە زەینی صەنەمدا ختوری كرد.

پۆلیسەكان هەستیان بە گۆڕانی دەم و چاوی صەنەم كردو زەردەخەنەیەكیان كردو یەكیان وتی:

- مەترسە كچەكەم! ئێمە هاتووین تا چەند پرسیارێكتان لێ بكەین.
- لەبارەی چییەوە؟
- ئەی ئێوەماڵتان نەدزراوە؟!
- با! دوێنێ شەو!
- نەخۆشخانە لە ڕووداوەكە ئاگاداریان كردینەوەو ئێمەش هەر كارێكمان لە دەست بێت ئەنجامی دەدەین.

صەنەم لەو دەنگە میهرەبانانەی ئەوان هێور بووەوەو پێكەنی.

- زۆر سوپاس، ئەركتان كێشاوە.
- ئەمە كاری ئێمەیە.

صەنەم لەبەر دەرگاكە خۆی لادا تا ڕێگا بۆ پۆلیسەكان بكاتەوە.

لێكۆڵینەوەو تاوتوێی ئەوان دەرئەنجامێكی نەبوو، لە وەڵامدانەوەی پەروانەو صەنەمیش هیچ سەرەداوێكیان دەست نەكەوت، پەروانە زوو زوو دەینالاندو لەبەرخۆییەوە دەیوت:

- هیچ شتێكمان بۆ نەماوە، هەموویان برد، هەموویان...
- ئەم واقیعیەتە تاڵە هەروەكو گەردەلولێكی كاولكەر هەموو بوونی ئەم دایك و كچە ڕەنج دیدەیەی لەناو بردبوو، پەروانەی لەژێر ئەم بارە سەنگینەدا پرزوڵ دەكرد.

هەفتەیەك لە نائارامی دەرونی و بارودۆخێك كە باس ناكرێت

Scanned by CamScanner

تێپەڕی تا زەنگی تەلەفۆن لێیدا.

- ئەلو!

- سڵاو خانمی بچکۆلە، دایکت لە ماڵەوەیە؟

- بەڵێ، جەنابت؟

- لە بنکەی پۆلیسەوە تەلەفۆن دەکەم.

ئەمجارەیان دەسکی تەلەفۆنەکی دا بە دایکی‌و پاشان خۆی نوشتاندەوە تا بتوانێ گوێی لە دەنگی تەلەفۆنەکە بێت.

- بەڵێ، فەرموو!

- سڵام خانم.

- سڵاو، فەرمایشتێکتان هەبوو؟

- وەڵا نازانم چۆن باسی بکەم، جارێ نەمانتوانیوە شوێن پێی دزەکان هەڵگرین، بەو جۆرەی کە دیارە ئەوان زۆر ورد کارەکەیان ئەنجام داوە.

پەروانە ئاهێکی کێشاو گیانی لەرزینێکی کەمی بە خۆوە گرت.

- بەڵام بێتاقەت نەبن خانم، ئێمە بە دوای کێشەکەدا دەچین، ئەوان ناتوانن ئەو هەموو کەلوپەلە لەناو بازاڕدا بفرۆشن.

پەروانە سەری وەکو ئامەژەی تەئەسوف ڕاوەشاندو دووبارە گوێی لەدەنگی پۆلیسەکە بوو وتی:

- ئەکرێ دووبارە ناوی شتە دزراوەکانتان بڵێنەوە؟

پەروانە بە بێزارییەکەوە وتی:

- جا فەرقی چییە، من دڵنیام هەرگیز دەستتان بەوانە ناگات.

پۆلیسەکە هەر سور بوو لەسەر قسەکەی‌و پەروانەش وتی:

- من پێشتر عەرزم کردن، هەموو شتەکانیان بردوین، ئاڵتون، فەرش،

قاڵی، سەلاجە، تەباخی غاز، هەموو قاپو قاچاغ، مۆبیلو کورسییەکان و... کاکە کۆڵمان لێبەن، کاتێ ناتوانن هیچ کارێ بکەن، لە خۆڕا نومێدەوارمان مەکەن.

پاشان تەلەفۆنەکەی داخستو چەند دڵۆپە فرمێسکێ بە ڕومەتیا هاتە خوارەوە، صەنەم کەم تا زۆر گوێی لە گفتوگۆی ئەوان بوو بوو، سەری خستە سەر ئەژنۆی دایکیو پەروانە وەکو هەمیشە دەستی دەمێنا بە قژە درێژەکەیداو ئارامی پێدەبەخشی، وەك بڵێی چارەنوس چێژی دەبرد لەوەی کە یاری بەوان بکات، بەڵام تۆ بڵێی ئەم جارە چ نەخشەیەکی بێڕەحمانەی بۆکێشابوون:

لەناو ئاگری خەم سوتاوە گیانم
ئەم دەردە با بسوتێنێ ئێسکەکانم
لە غوربەتو تەنیایدا پەنا بۆ کێ بەرم؟
تۆفانی قەدەر بردی ناوو نیشانم
من ماندو حەیرانو پەرێشان
شەو تا بەربەیان بگریمو بناڵێنم،
ستەم بوومو سکاڵا مەکە ئەی دڵ!
دەبا بمرمو بکێشێ دەردی نەمانم

پەروانە چەند ڕۆژێ زیاتر نەیدەتوانی خۆڕاگرێ، دواجار دەست بە دامێنی باوکی بوو لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، بە جۆرێك ئەو نیگەران نەکات، مەسەلەکەی باس کرد:

- کچم! ڕونتر قسە بکە بزانم چی بووە؟ خۆ تۆ دیقی مەرگت

پێكردم!

- خۆ پێم وتیت، خەمت نەبێت باوكە گیان!
- نا!... نا!... پێویست ناكات من هەڵخەڵەتێنی، لەو خەونە خراپانەی كە دەیبینم، ئەزانین باس و خواسێ هەیە تۆ بە نیازی پێمان بڵێیت!
- وا نییە باوكە گیان!
- ئەگەر ئێستا لەلاتدا دانیشتمایەو تەماشای چاوەكانتم كردبایە، ئەمزانی كە درۆ دەكەیت.

پەروانە بێدەنگ بوو كەمێك دوودڵ مایەوە، ئەو زۆر پێویستی بە باوكی بوو نەیدەزانی كە چی بكات، بە دركاندنی ڕاستییەكان زەبرێكی گەورەش لەوان دەكەوت و بە شاردنەوەشی پەروانەو صەنەم دەربەدەرو ئاوارە دەبوون.

- جارێ دەمەوێ پرسیارێكت لێ بكەم لە بارەیەكەوە!
- باشە دەی بڵێ كچم!
- ئێوە بە نیازن لە هۆڵەند بمێننەوە یان نا...

ئاغای ئیمانی قسەكەی پێ بڕی و بێ پەردە وتی:

- نەخێر كچەكەم، من و دایكت لێرە تاقەت ناگرین و بە نیازین تا دوو سێ مانگی داهاتوو بگەڕێینەوە بۆ ئێران.

پەروانە پێكەنی، بە جۆرێ كە باوكیشی خستە پێكەنین.

- خۆشحاڵم باوكە! زۆر خۆشحاڵم! بریا بتانتوانیایە زوتر بهاتنایەتەوە.
- ناتەوێ ڕاستییەكان بە باوكت بڵێی كە چیتان بەسەر هاتووە؟

وتنی ڕاستییەكان گرفت بوو، پەروانە تفی قوتداو بە ناڕەحەتی

وتى:

- باوكە گيان بەڵێن بدەن زۆر پێى بێتاقەت نەبن!
- ئەى هاوار! كچىٚ تۆ منت كوشت، باشە بەڵێن بىٚ.
- بەهزاد چوو بوو بۆ سەفەر، ئێمەش چوو بووينە دەرەوە، كاتىٚ گەڕاينەوە...
- كاتىٚ گەڕانەوە چى؟!
- دز هاتبووە سەرمان!
- چى؟... ئاى خواى گەورە... هيچيان بردبوو؟
- تۆ بڵىٚ هيچيان هێشتوەتەوە؟
- يەعنى؟...
- بەڵىٚ، باوكە... هەموو شتەكانيان بردووين و هيچمان بۆ نەماوە،
- جێى داخە، زۆر بە داخەوەم!

ئاغاى ئيمانى چەند چركەيەك بێدەنگ بوو پاشان وتى:

- ئاگادارت دەكەمەوە كەى دەگەڕێينەوە، لە فرسەتێكدا من و دايكت بە زويى دەگەڕێينەوە.
- زۆر خۆشحاڵم باوكە! بەڵێن بدە جارىٚ بە دايكم نەڵێى.
- دڵنيابە كچەكەم خەمت نەبىٚ، قەزاو بەلاى بردبىٚ، خۆتان سەلامەت بن، ئەى بەهزاد گەڕاوەتەوە يان نە؟

پەروانە غەمگين بوو بە دوو دڵييەوە وتى:

- هێشتا نە... بەڵام دەگەڕێتەوە.
- خەم مەخۆ كچم، دەتوانى هەموو شتێك لەگەڵ مێردو منداڵەكانتدا لە سەرەتاوە دەست پىٚ بكەيتەوە.

ئەم قسەيە وەكو نەشتەرێك چوو بە دڵى پەروانەدا، بێدەنگى لێكردو

ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا.

- ئیشت نەبوو؟
- نە باوکە گیان، سوپاس بۆ تەلەفۆنەکەت، لەم بارودۆخەدا من نەمدەتوانی تەلەفۆن بۆ تۆ بکەم.
- خەفەت مەخۆ، خواحافیز، لەباتی من صەنەم ماچ بکە!
- بەڵێ باش، سەلام لە دایکم بکە خواحافیز.

پەیوەندییەکە بچڕا، ئومێدو نیگەرانی لە دڵی پەروانەدا شەپۆلی ئەدا، خەمو نیگەرانی بۆ ئەم چارەنوسە ڕەشەو ئومێدیش بۆ ڕەهابوون لەم قەیدو بەندە ترسناکە.

صەنەم لەخەوی دوانیوەڕۆ هەستا، بە ڕەنگ‌و ڕووی پەڕیوو چاوانی ڕیپۆقاوی، وتی:

- دایکە من ئیتر تاقەتم نەماوە، ئیدی خواردنێك دروست بکە، وەختە لە برسانا دەمرم.

پەروانە تەماشای دەکردو وتی:

- کچەکەم، یاخوا دایکت بمرێ، وا دیارە بیرت چووەتەوە کە تەباغی غازەکەیان بردوین.
- دایکە؟
- چییە نازدارەکەم؟
- تۆ وا ئەزانی ئیشی کێیە؟

هەردوو تەماشای یەکتریان دەکردو پەروانە دووبارە بە هەمان ئاواز وتی:

- گومانم وایە کاری هاوڕێکانی بەهزاد بێ، هەر ئەوانەی کە شەوو ڕۆژ لێرە وێڵ بوون.

- دایکە ئەوان لە کوێ زانیویانە ئێمە ئەو ڕۆژە لە ماڵ نین؟

- کچم ئەوان لە من و تۆ نەترساون، کاتێ زانیویانە دراوسێی نهۆمی سەرەوەو خوارەوەمان چوون بۆ سەفەر، سودیان لەو هەلە وەرگرتوەو هاتوون بۆ ئێرە، کاتێ بینیویانە ئێمەش لەماڵ نین، بە ئیسراحەت هەرچییان ویستبێ بردوویانە.

- ئێستا چی بکەین دایکە؟

- هیچ، هەرچۆن بووبێ چەند ڕۆژێکی تریش خۆمان ڕا دەگرین تا باوك و دایکم دێنەوە ئێران.

چاوەکانی صەنەم درەوشانەوەو ناباوەڕانە وتی:

- بۆچی، بڕیارە بێنەوە!

- بەڵێ کچە نازدارەکەم!

- ئەڵڵا خوایە گیان!

ئەمەی وت و دەستەکانی دا بە یەکداو پڕبوو لە شەوق و شادی، برژانگەکانی لێك جودا کردەوەو وتی:

- تۆ چۆن دەزانیت؟

پەروانە بە پێڵوی چاوەکانی نازێکی کردو وتی:

- دەی ئەیزانم ئیتر.

- دایکە تو خودا پێم بڵێ.

- کاتێ تۆ نوستبووی، باوە گەورەت تەلەفۆنی کرد.

صەنەم کە تێگەیشت دایکی ڕاست دەکات، لە جێی خۆی هەستا وەکو هەمیشە هەرکات خۆشحاڵ دەبوو، باوە خولەیەکی کردو بزە لەسەر لێو خۆی فڕە دەدایە باوەشی دایکییەوە.

پەروانە چاوەکانی ئەوی ماچ کردو هەردوو بەدەنگی بەرز پێکەنین.

# ٨

بە گومانەوە هەنگاوی هەڵدەنا، درێژیی کۆڵانەکەی بڕی‌و لە نزیك دوکانەکەدا کەمێك وەستا، بەڵام چارەیەکی تری نەبوو، بە بێ مەیلییەوە چووە ناو دوکانەکەوەو چاوی کەوت بە ئاغا ڕەسوڵ کە خەریکی چاککردنی پەنیرو سەتڵە ماستەکان بوو.

- سڵاو ئاغا ڕەسوڵ!
- بەه بەه! سڵاو خوشکێ!... خوا خراپتر نەدات!

پەروانە بزەیەکی دەستکردی کردو وتی:

- ئێستا خۆ داویەتی!
- پێت ناخۆش نەبێت خوشکێ! ئەم بەڵایانە لە بێغیرەتی مێردەکەتەوەیە کە بە تەنها بەجێی هێشتویت‌و ڕۆشتووە!

پەروانە نەیدەویست بکڕوزێتەوەو سکاڵا لە دەست ژیانی بکات.

ئاغا ڕەسول لە لای مێزی ناو دوکانەکەیەوە وەستاو وتی:

- ئێستا بۆ کوێ چووە ئەم کاکە بەهزادە؟

پەروانە بە ئاماژەی نازانم شانەکانی هەڵبڕی‌و وتی کە ئاگام لە شوێن‌و جێگەی نییە.

ئاغا ڕەسول لەبەر خۆیەوە شتێكی وتەوەو دۆستانە وتی:

- گوێ بگرە خوشكێ! من تۆ بە جیاواز دەزانم لە بەهزاد، هەر یارمەتییەكم لە دەست بێت، درێغی ناكەم.

- خوا لە برایەتیت كەم نەكات، خوا یار بێت ڕۆژگارێك بۆتانی قەرەبوو دەكەمەوە.

- خەڵكی گەڕەك دەڵێن گشت دارو نەدارتان دزراوە.

- بەڵێ ڕاستە.

- بەڕاستی بەداخەوەم، بۆچی ئاواتان بەسەر دێت!؟

پەروانە بێدەنگ بوو ئاغا ڕەسوڵ بە میهرەبانییەوە وتی:

- خەم مەخۆ خوشكێ، خوا یاربێت قەرەبوو دەبێتەوە هەر سەر سەلامەت بێت، ئێستا چیت دەوێت؟

ڕومەتی پەروانە سوور هەڵگەڕاو هەستی بە شەرمو بچووكی دەكرد، بەڵام لەبەر صەنەم ناچار بوو، پاشان بە شەرمەزارییەوە داوای هەندێ خۆراكی كرد، ئاغا ڕەسول بۆی ئامادە كرد.

- بە ئەرك نەبێت لە حسابدا بینوسە!

- نا خوشكێ شایانی نییە.

پەروانە هەڵچوو بە توندی وتی:

- من خێر لە كەس وەرناگرم.

- كەیفتانە پەروانە خان، ئەم فەرمایشانە چییە؟ باشە هەمووی دەخەمە سەر حسابەكەتان، حسابی كۆنتان لە لا نەماوە، پارەی هەموتان داوە، ئەبێ حسابێكی نوێ بكەمەوە بۆتان.

پەروانە شتەكانی هەڵگرت و بە دڵێكی پڕ لە دەرد كەوتە ڕێ بۆماڵەوە، بیری لەوە دەكردەوە ئەگەر ئەم كارەساتە نەقەومایە، هەر دوو

Scanned by CamScanner

ژیانێکی ئاسودەیان دەبوو، بەو پارەی کە باوکی ناردبووی ئەیانتوانی بژین.

- حەیفە ناکرێ شەڕ لەگەڵ چارەنووس بکەی!...

پەروانە ئەمەی لەبەر خۆیەوە وت‌و چووە ناو ئاپارتمانەکەوە.

*   *   *   *   *

بۆنی نانی گەرم، صەنەمی هێنابووە تاسە، هەروەکو ڕەفتاری هەمیشەیی خۆی سەنگین‌و بەریقار لە کۆڵاندا دەهات‌و دەچوو، کتوپڕ پیاوێکی بینی بەرەو بەردەرگای ئەوان هەنگاوی دەنا، تەماشایەکی کرد، خۆشحاڵ بوو، چونکە دەم‌و چاوی پیاوەکە نامۆ نەبوو، صەنەم خێرا خۆی گەیاندە ئەو!

- خاڵۆ سڵاو!

پیاوە ئاوڕێکی بۆ دواوە داوەو بە بینینی صەنەم بزەیەکی کردو وتی:- سڵاو خانمی بچکۆلانە! باش بوو هاتی، هەواڵی خۆشم پێیە بۆت!

- دڵنیام نامەت لە باوەگەورەوە هێناوە بۆمان، وانییە؟!

پیرەمێردی پۆستەو گەیاندن سەری بە ئاماژەی بەڵێ ڕاوەشاند خۆشی‌و شادی دایە صەنەم، صەنەم پێکەنی‌و سوپاسی پیرەمێردەکەی کرد، پاکەتی نامەکەی گرت بە دەستەوەو خێرا لە قادرمەکان چووە سەرەوە، بە قاچ دانەیەکی هەڵدا لە دەرگاکە، پەروانە بە بینینی درەوشانەوەی چاوەکانی ئەو وتی:

- چییە صەنەم؟! ئەڵێی بە تەمای بفڕی؟!

صەنەم نانەکانی خستە سەر سفرەکەو نامەکەی نیشانی دایکیدا، پەروانەش خۆشحاڵ بوو نامەکەی کردەوە:

((... ئازیزانم سڵاو!

من و دایکت ڕۆژی دووشەممەی هەفتەی داهاتوو دەمەو عەسر دەگەڕێینەوە بۆ ئێران و وادەی یەکتر بینینمان لە فڕۆکەخانەی میهر ئاباد.))

ماڵ ئاوا: باوکت

مەنەم نامەکەی لە هەوادا دەسوڕاندو بەردەوام ماچی دەکرد.

لە دوای دە ڕۆژ چاوەڕوانی، سەرئەنجام باوەگەورە تەلەفۆنی بۆ کردن و ئاگاداری کردنەوە لە کاژێری گەڕانەوەیان، مەنەم و پەروانە لە خۆشیدا باڵیان دەگرت، بەڵام دەبووایە تا وادەی گەڕاندنەوەکە سێ ڕۆژیتر چاوەڕوانیان بکردایە.

« ئەی دڵ مزگێنی دەدەم، کە هاودەمی گیان دەگا
لە تاریکی شەوانتدا، ئەو مانگی تابان دەگا
ئەی دڵ ئیتر بسرەوە، لە ڕێی خۆت تۆفان مەکە
دوو چاو ئەشکبار مەکە فریشتەی نەجات دەگا
ئەی بولبولان نەجوا بکەن، وای عاشقان زەنا بکەن
جەژنێکی دی بەرپا بکەن، ڕۆحێک بۆ ناو گیان دەگا »

- دایکە گیان! دیسان سروشتی شاعیرێتیت ڕسکاوە!
- ئەگەر ئێستا نەڕسکێ ئەی کەی دەڕسکێ؟

مەنەم خۆی خستە ناو باوەشی دایکیەوەو هەردوو بە دەنگی بەرز قاقا پێکەنین.

* * * * *

Scanned by CamScanner

ڕۆژی وادەكە گەیشت، صەنەم لە خۆشیا باڵی دەگرت و پەروانەش هیچی لەو كەمتر نەبوو، هەموو ئەو ئازارو ڕەنجانەی شەوانی لە چاوانی تۆراندبوو، لەبیر كرد، كاتێ سەیری ئاوێنەی كردو چرچ و لۆچی دەموچاوی بینی، غەمبار بوو، لەو كاتەوەی باوكی چوو بوو بۆ هۆڵەند بە تەواوی گۆڕا بوو، دەموچاوی لاوازو قەدو قەوارەشی لاوازتر بوو بوون، بەڵام هێشتا جوان و سەرنج ڕاكێش بوو، زاڵ بوو بەسەر فیكرە سەرگەردانەكانیداو هەوڵیدا شادییەكەی بەو یادگارییە تاڵانە نەشێوێنێ كە بەسەر ڕوخساریەوە دیار بوو.

- صەنەم! لە كوێی كچم؟

ئاوڕی دایەوەو بە دڵەخورپێ و تاسەوە وتی:

- ئەچمە بەردەرگا، لە ماڵەوە بێتاقەت دەبم، تەماشایەك دەكەم و دەگەڕێمەوە.

- بەڵام كچەكەم تا كاتی هاتنی ئەوان دوو سێ كاژێری ماوە!

- ئەزانم، بەڵام دڵە خورپەمە، ئێ دەچی بكەم؟

پەروانە زەردەخەنەیەكی كرد، صەنەم دووبارە هاتەوە ناو ساڵۆنەكەو وتی:

- دایكەگیان، ئێستا بە هیچ جۆرێك ناتوانین بچین بۆ فڕۆكەخانە؟

- نەخێر كچەكەم، كرێی تەكسی زۆر دەوێت، هەر لێرە چاوەڕوانیان دەكەین، باشە؟

صەنەم بە ڕوویەكی خۆشەوە لە دایكی ڕوانی و پاشان چووە دەرەوە، پەروانە گوێی لە دەنگی پێڵاوەكانی بوو كە لە قادرمەكان دەچووە خوارەوە.

صەنەم هەر لە بەردەرگا وەستاو سەیری دەكرد، چەند كەسێك لەناو

کۆڵانەکەدا دەهاتن و دەچوون.

هەوڵیدا خۆی لە دڵەخورپەو پەشۆکان دوورخاتەوە، چەند خولەکێ چاوەڕوانی کرد، بەڵام کاتێ زانی ماوەیەتی بۆ کاتی هاتنی باوەگەورەو دایەگەورەی، بڕیاریدا لەپشت پەنجەرەکەوە چاوەڕوانیان بکات، بەڵام دەنگێکی ئاشنا ئەوی جام کرد:

- صەنەم!... وای!... سڵاو... صەنەم!!

- ئەی خوایە گیان! غەزالە؟!...

پاشان ئەی بینی سەری لەجامی سەیارەکەوە دەرهێناوەو دەستی بۆ ڕادەوەشێنێ، سەرئەنجام ئەوان لە سەفەرەکەیان گەڕابوونەوە، بە هاتنەوەی غەزالە، شادی صەنەم دوو بەرانبەر بوو، ئەو دوانە زۆر بە توندی وابەستەی یەکتری بووبوون.

لەگەڵ وەستانی سەیارەکە، غەزالە خێرا دابەزی، چاوانی فرمێسکی شادی تیا ئەدرەوشایەوە، باوەشی کرد بەصەنەم دا.

ئاغای جەلالی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە سەیارەکە دابەزی و (پەیمانە)ش بە دوای ئەواندا وابەستە بوو بە صەنەم و غەزالەوە.

- زۆر بیرم دەکردیت!

- منیش هەروەها، چونکە بە ڕاستیی من تەنها بووم و خۆشحاڵ بووم کە گەڕایتەوە.

- صەنەم! دیارییەکی جوانم بۆ هێناویت.

- منیش هەواڵی خۆشم پێیە بۆت.

- دەی خێرا بیڵێ!

- تا چەند کاژێرێکیتر باوەگەورەو دایەگەورەم دێنەوە.

- زۆر خۆشە! چاوو دڵت ڕوون، منیش خۆشحاڵم.

Scanned by CamScanner

پاشان صەنەم بە ئەدەبەوە بەخێرهاتنەوەی ئەندامانی خێزانی ئاغای جەلالی كرد.

كتوپڕ گەواڵە هەورێكی غەم ڕوخساری صەنەمی تەنییەوە، سەری داخست تا ئەو فرمێسكەی لە چاوانیدا بوو، نەیبینێت.

خانم جەلالی جانتایەكی بچووكی بە دەستەوە بوو، وردبینانە لە صەنەمی ڕوانی، پەیمانەو غەزالە ئەوەندە بە پرتەو تاسەی بردنی جانتاكان بوون بۆ ماڵەوە كە هەستیان بە گۆڕانی دەموچاوی صەنەم نەكرد، خانم جەلالی جانتاكەی لەبەردەم صەنەم داناو لە چاوە نیگەرانەكانی ورد بووەوەو وتی:

- صەنەم گیان چی بووە؟ شتێ قەوماوە؟!

- ئەگەر بچیتە سەرەوە، خۆت هەموو شتێك تێدەگەیت.

- جەلالی من توشی دڵە خورپە بووم، ئەچمە سەرەوە سەرێ لە پەروانەخان ئەدەم.

جەلالی ناوچاوی درژ كردو وتی:

- خانم گیان، جارێ وەرە ئەم جانتایانە بەرینە ژوورەوە، پاشان...

خانم جەلالی چاوێكی داگرتو بە پێكەنینەوە وتی:

- لەگەڵ منداڵەكاندا ئەتوانن ئەم كارە بكەن!

دەستی صەنەمی گرتو گوشیو پێكەوە چوونە ناو ئاپارتمانەكەوە.

دەرگای سالۆنەكە كرابووەوەو خانم جەلالی بە بێ خولێك چووە ژوورەوە، كتوپڕ لە جێی خۆی جام بوو.

بە سەرسامییەوە تەماشایەكی دەورو بەری خۆی كرد.

Scanned by CamScanner

- صەنەم! ئەتانەوێ لێرە بڕۆن؟!

صەنەم غەمبارانە وتی:

- نەخێر ڕۆشتنی چی! کەلوپەلەکانیان بردین!

- مەبەستت چییە کچم؟!

هەر لەم کاتەدا پەروانە لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، بە بینینی خانم جەلالی ڕاچەنی، بە خۆشحالی بەرەو ڕووی هات و باوەشی پیادا کرد.

- چی بووە پەروانە خان؟

پەروانە بە داخێکەوە سەری ڕاوەشاند، خانم جەلالی بە نیگەرانییەوە دووبارە پرسی:

- پەروانەخان ئەی کەلوپەلەکانی ناو ماڵ لە کوێن؟!

- بردیان.

- کێ؟!

پەروانە شانەکانی هەڵبڕی و بە هەمان دەنگی حوزنەوە وتی:

- هەر ئەو شەوە، لە دوای ڕۆشتنی ئێوە من و صەنەم چووبووینە دەرەوە، کاتێ گەڕاینەوە، گشتیان برد بوو، هیچ شتێ نەماوە، خۆتان ئەیبینن! دەنگی گریانی بەرز بووەوە.

کاتێ ماڵی جەلالی لە ڕوداوەکە ئاگادار بوون، زۆر پێی بێتاقەت بوون، پتر لە هەمووی غەزالە پێی کاریگەر بوو کە بەو جۆرە دۆستەکەی بە داغ دیدەی زەمانە دەبینی.

ماڵی جەلالی لە ماڵی پەروانە گرد بووبوونەوە، ئەوەندە لە مەسەلەکەیان کۆڵییەوەو قسەیان کرد کە وردە وردە پەروانەو صەنەم لە بیریان چوو کە دوو گەشتیاریان بەڕێوەیە، هەر لەم کاتەدا صەنەم چاوی کەوت بە کاژێرە دەستییەکەی غەزالەو ناتاگا هەڵساو وتی:

- وای خودایە گیان! باوەگەورەو دایەگەورە کاتێتی بێن، ئێستا چی بکەین!

پەروانە وتی:

- هێواشبە کچم، ئەوەندە دڵنیگەران مەبە.

- ئاخر ئەوان لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانمانن.

پەروانە ناوچاوی درژ کردو وتی:

- ئەی پێم نەوتیت، ئێمە ناتوانین بچین بۆ فڕۆکەخانە!

- ئاخر...

- ئاخری ناوێ!

ئاغای جەلالی لەسەر قاچێك وەستابوو قاچەکەی تری نابوو بە دیوارەکەوە، وتی:

- پەروانە خان! من دەتوانم ئێوە بگەیەنمە فڕۆکەخانە!

چاوەکانی صەنەم درەوشانەوە، بەڵام پەروانە وتی:

- زۆر سوپاس ئاغای جەلالی، ئێوە تازە لە سەفەر گەڕاونەتەوەو ماندون، ئیزعاجتان ناکەین.

ئاغای جەلالی قاچی جوڵاندو وتی:

- نا خانم، ئەمە کاری منە، تا ئێوە ئامادە دەبن من سەیارەکە هەڵدەکەم.

- پێم خۆش نییە زەحمەتتان بدەم.

ئاغای جەلالی پێکەنی و کەوتە ڕێ، غەزالەش جوڵەیەکی کردو وتی:

- منیش دێم.

صەنەم و غەزالە بە خۆشحاڵییەوە دوای ئاغای جەلالی کەوتن.

خانم جەلالی و پەیمانە چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان، پەروانەش زۆر کەیف

خۆش بوو، ھەپاكەی دا بە سەریداو پاشان لە كوشنی دواوەی سەیارەكەدا لە لای صەنەمو غەزالە دانیشت.

- ئاغای جەلال تۆ پێت وایە ئێمە لە كاتی خۆیدا دەگەین؟

ئاغای جەلال قاقا پێكەنی و وتی:

- وادیارە زۆر بیمیان دەكەیتو تامەزرۆیانی؟

صەنەم بە سەرلەوەشاندن وەلامەكەی ئەوی جەختكردەوە.

ئاغای جەلال دووبارە پێكەنی، گێڕی گۆڕی و پێی لە بەنزین داگرت و وتی:- ئەمەش لەبەر خاتری خانمەی بچكۆلانە! باشە؟

هەموان پێكەنین و سەیارەكە بە خێراییەكی زۆرەوە بەرەو فڕۆكەخانە سەرینا.

* * * * *

خەڵكێكی زۆر لەناو سالۆنی فڕۆكەخانەكە كۆ بوو بوونەوە، شڵەژان و نیگەرانی فەرمانڕەوا بوون بەسەر فەزاكەدا، ژمارەیەكی زۆر بە چاوانی ئەسرینا ویيەوە لەسەر كورسییەكان دانیشتبوون و بێئۆقرە بوون.

فەزایەكی تاسێنەر، تۆقێنەر بوو، پەروانەو صەنەم كە تازە لەگەڵ ئاغای جەلال و غەزالە هاتبوونە ناوەوە بە نیگەرانی و تاسەیەكی زۆرەوە لەو دیمەنەیان دەڕوانی، بارودۆخیان وەكو بارودۆخی منداڵێك بوو كە لە ناوچەیەكی نامۆ لەناو كۆمەڵێكی غەریبەدان.

هەموو باسیان لە كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەو كوژرانی سەرنشینانی دەكرد، بەلام قبوولكردنی ئەم هەواڵانە بۆ پەروانەو صەنەم ئاسان نەبوو.

دەنگی گریان بەرزترو بەرزتر دەبووەوە، تا دواجار دەنگێك لە بلندگۆكەوە پەخش بوو:

Scanned by CamScanner

((... ئاگاداری! ئاگاداری!

بە داخ و پەژارەوە ئاگاداری پێشوازیکەرانی بەڕێز دەکەین، کە فڕۆکەی ژمارە... کە لە هۆڵەند بە مەبەستی تاران وەڕێ کەوتووە، دووچاری گرفت بووەتەوەو لە دوای کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە، هەواڵیان ناردووە کە تەواوی سەرنشینانی گیانیان لەدەست داوە...))

پەروانە هیچی تری نەبیست، کەوتنی ئەو لە ناوەڕاستی ساڵۆنەکەدا دڵتەزێن بوو، چەند کەسێك لەو دەورە کۆ بوونەوە.

صەنەم توشی شۆك بووبوو، ئەوەی لە بڵندگۆکەوە پەخش بووبوو، لەبەر خۆیەوە وتیەوە، فڕینی فڕۆکەی هۆڵەند بۆ تاران دووچاری گرفت بووەو... فڕۆکەکە کەوتوەتە خوارەوە؟... سەرنشینەکانی مردون؟... هەموویان مردون؟... کەواتە باوەگەورەمو دایەگەورەی منیش؟!... نا!... نا!... نا!...

هەتا توانی زریکانی، غەزالە ژێر بازووی گرت و ئاغای جەلالی یارمەتی دا تا لەسەر کورسییەك دابنیشێ، صەنەم لە خۆوە دەستی کرد بە پێکەنین و هاواری کرد!

– هەی درۆزنانە!... باوەگەورەو دایەگەورەی من نامرن. ئەوان من بەجێ ناهێڵن، لە وادەی دیاریکراوی خۆیاندا دێن، هەر دێن، من دەزانم کە دێن!

– ئارام بەرەوە کچەکەم! ئارام بە!

بەڵام صەنەم بە دەنگی بەرز پێدەکەنی و وڕێنەی دەکرد.

چەند خولەکێ دوای ئەوە پەروانە هەروا ساردو بێ ڕۆح لە هۆش چوو بوو، بە ئامبولانس بردیانە نەخۆشخانە، ئەم کارەساتە دواین گورزی لێوەشاندبوون.

- ئاغا! هاوسەرەکەت دڵی لاوازەو بە بچووکترین خەفەت یان شۆك، تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت.

- ئەو هاوسەری من نییە.

- زۆر داوای لێبووردن دەکەم، ئەی چی ئێوەیە؟

- دراوسێمانن.

- ئەزانیت چ مەسەلەیەك بووەتە هۆی حەملەی قەلبی ئەو؟

- ئەمڕۆ لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکدا باوك و دایکی وەفاتیان کردووە.

- ئاوا! بە داخەوەم، بەڵام ئەم خانمە پێویستە سێ و چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە پشوو بدات.

- ئاغای جەلالی بە ئاماژەی سەر جەختی لەسەر قسەی پزیشکەکە کردەوە.

- هەروەها ئەم خانمە گورچیلەی زۆر نەخۆشە، گورچیلەی زیانی پێگەیشتووەو دەبێ لەمە بەدوا لەژێر چاودێری و چارەسەردا بێت.

بە ڕۆشتی دکتۆر لە سالۆن، ئاغای جەلالی چووە دەرەوەی نەخۆشخانە، صەنەم و غەزالە هەردوو ئەشك ڕێژان و تازیەبار پاڵیان دابووەوە بە درەختێکەوە، بە بینینی ئاغای جەلالی، صەنەم بە هەڵەداوان بەرەو ڕووی ئەو هات.

- بوو بە چی ئاغای جەلالی؟

- خەم مەخۆ کچم شتێکی ئەتۆ نییە؟ پاشان دەستی لەسەر شانی صەنەم دانابوو، فرمێسکەکانی بەدەستی خۆی بۆ سڕی.

- ئەی باوەو دایە گەورەم چییان بەسەر هاتووە؟

- نازانم کچەکەم! هێشتا ئاشکرا نییە!

Scanned by CamScanner

ئەو بەم قسەیە دڵدەی صەنەمی دا، لە کاتێکدا بە چاکیی ئەیزانی باوە گەورەو دایە گەورەی صەنەم لەو ڕووداوەدا گیانیان سپاردووە.

* * * * *

- صەنەم گیان کچم! وەرە نانەکەت بخۆ.

- ئیشتیهام نییە.

ئەشێ خۆڕاگر بی، بزانە کچم ئێرە وەکو ماڵی خۆتان وایە، تا هەر کات دایکت تەندروستیی باش بوو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، هەر لێرە بمێنەرەوەو ئاسودەبە، باشە ئەزیزم؟

مەراقێ گەروی صەنەمی گرتبوو، شکاو فرمێسك لە چاوەکانییەوە ڕژانە خوار.

- باوەگەورەو دایەگەورەم مردوون! دایکم لە نەخۆشخانە خەوێندراوە، هەموو ماڵیان دزیوین، ئیتر چۆنچۆنی دەتوانم ئۆقرە بگرم، ڕاستە من هەشت ساڵ زیاتر نیم، بەڵام دەردو کەسەرم زۆرە! تێدەگەیت؟

- خانم جەلالی ئەوی کردە باوەش و خۆیشی گریا، غەزالەو پەیمانەش غەمبار بوون و لەگەڵ هاتنە ماڵەوەیان شیرینی سەفەریان بیر چووبووەوە.

پەیمانەو غەزالە بە هەمان دەنگی منداڵانەی خۆیان دڵدەی صەنەمیان دەدایەوە، ئەویش کاتێك چووە ژوورەکەی ئەوانەوە، لەتاو ماندوێتی و کزاندنەوەی چاوەکانی، خێرا خەوی لێکەوت، خانم و ئاغای جەلالی تا نیوەی شەو لەم بارەوە گفتوگۆیان دەکرد.

نیوەی شەو لە بێدەنگی و تاریکی ڕەهاو لە کاتێکدا کە ڕووناکی مانگ ژوورەکانی ڕووناك کردبووەوە، زریکەو هاواری صەنەم ماڵی جەلالی لە

خەو ڕاپەڕاند، خانم جەلالی سەراسیمە هاتە ژووری منداڵەکان و صەنەمی بینی کە تۆقیوەو لەسەر جێگاکە دانیشتووەو هەناسە بڕکێیەتی، عارەقێکی سارد ناوچەوانی تەنیبووەوە، هەوڵیدا صەنەم هێمن بکاتەوە، بەڵام ئەو لە تاریکیی تونددا دەسوتاو کابووسێکی تۆقێنەر زەبرێکی ڕۆحی توندی لێدابوو، صەنەم خۆڕاگریی لە دەست دابوو، وێناکردنی مەرگی باوەو دایەگەورەی ئەوی لە سروتی سروشتی وەدەر نابوو.

بەیانی زوو ئاغای جەلالی پزیشکی هێنایە سەری.

- پێویستە ڕۆحیەت بدەن بەم کچە، هەوڵ بدەن ئاگاداری بن و بەو حاڵەوە ڕەهای نەکەن.

غەزالە لەسەر سەری صەنەمەوە ڕاوەستابوو دەگریا، خانم جەلالی هیچ کات کچەکەی بەو غەمبارییە نەبینی بوو، هەنووکە بارودۆخی ڕۆحی غەزالەش لە نیگەرانی ئەوی زیاد کردبوو.

* * * * *

- بۆ کوێ دەچی؟

ئاغای جەلالی چاکەتەکەیدا بەسەر شانیداو بە ئارامی وتی:

- ئەچم بزانم لەناو لیستی مردووەکاندا، باپیرەو نەنکی صەنەمیشی تیایە؟

- بۆچی گومانت هەیە؟

- نەخێر، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەوان لەو فڕۆکەدا نەبووبن.

- خوا بکا وابێ، بەڵام بە دووری دەزانم؟

- تۆش باشترە سەرێك لە نەخۆشخانە بەی.

خانم جەلالی بە ئاماژەی سەر وەڵامی باشی دایەوە.

* * * * *

Scanned by CamScanner

- کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە بە سەختی بووەو لاشەی کوژراوەکان لـە گۆشـەو کـەناری ناوچـەکەدا کـەوتووەو هێـشتا ژمارەیـەکی زۆر نەدۆزراونەتەوە، تەنها ئەم لیستەی لێیە!

ئاغـای جـەلالی بـەو دەسـتانەی کـە دەلـەرزی کاغەزەکـەی گـرت و بـە خێرایی ناوەکانی دەخوێندەوە.

- چی بوو ئاغا؟
- نەبوو! موسافیرەکانی ئێمە لەم لیستەدا نەبوون!
- بـۆ دڵنیـایی زیـاتر ئـەتوانیت تەماشـای لیـستی نەفـەرەکانی فڕۆکەکە بکەیت، ئەگەر ناوەکـەیانی تیادا بوو، ئـەوا دڵنیابە کە مردوون!

ئاغای جەلالی زۆر نەگەڕا، چونکە هەر لە ڕیزی یەکەمدا نـاوی خانم و ئاغای ئیمانی بینی.

ئومێدێك کە لە دڵیا شەپۆلی دەدا گۆڕا بۆ نائومێـدی، سست و بێحاڵ لـەوێ دوور کەوتـەوە، نەیـدەزانی چـی بکـات، چـەند خولـەکێ لەسـەر کورسـی ژێـر سـێبەری درەختـەکان دانیـشت و پاشـان هـەر بـەو ماندویەتییەی لە لاشەیدا هەستی پێدەکرد، ڕێگای ماڵی گرتەبەر.

صـەنەم هێشتا هـەر بـێ ئـۆقرەی دەکـردو تاکـەی تونـدتر بـوو بوو، ئاغـای جـەلالی هـەر لەگـەڵ هاتنەوەیـدا دەسـتی کـرد بـە لاواندنـەوەی، غەزالـەو پەیمانـەش بـە دالـدەدانی صـەنەم، هـاودەردی خۆیـان بـۆ دەردەبڕی.

پاش کاژێرێك خانم جەلالی بە ڕوخساری غـەمگین و چاوی سوور هەڵگەڕاوەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

- بوو بە چی جەلالی؟

- وا باشترە ڕاستییەکان قەبووڵ بکەین!
- یەعنی...

ئاغای جەلالی سەری ڕاوەشاند.

- پەروانە خان چۆن بوو؟

زۆر خراپ بوو... زۆر... دوکتۆر دەیوت دوێنێ شەو زۆر دادو فیغانی کردووە، بە چەشنێ کە ئاسایشی لە گشت نەخۆشەکانی گرتووە، ئەیوت شەوێکی زۆر دژوارمان لەگەڵ بردووەتە سەر.

ئاغای جەلالی ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا دووبارە دەستی خستەوە سەر تەوێڵی صەنەم، بە تێکچوونی ڕوخساری هەواڵی بەرزبوونەوەی تاکەی دەدا.

- ئێستا چی بکەین!
- باشترە زیاتر فێنکی بکەینەوە، غەزالە! پەیمانە! ڕۆڵە هەستن جامی ئاوەکە بگۆڕن.

هەردوو هەستان بە جێبەجێ کردنی فەرمانەکەی دایکیان.

- جەلالی؟!
- چییە؟
- بەڵێنم بدەرێ دریغی نەکەیت لەوەی هەر یارمەتییەك لە دەستت دێت بۆ ئەم دایك و کچە.
- دوعا بکە زوتر تەندروستییان باش بێت، هەموو شتێك بدە بە دەستی خوا، ئێمە چیمان لەدەست دێت!

بە دانانی خاولییەکی تەڕو سارد لەسەر تەوێڵی صەنەم، جوڵەیەکی کرد، چاوەکانی کەمێ تروکاندو دووبارە دەستی کردەوە بە هناسەبڕکێ.

Scanned by CamScanner

- بەم بارودۆخەتەوە بۆکوێ دەچیت؟ خانم لەگەڵ تۆمە!

پەروانە بە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، بە قاچی لاوازو لەرزۆکەوە بەرەو دەرگاکە چوو، پەرستیارەکە خۆی تەکاندو چووە بەردەم دەرگاکە.

- خانم ئێمە بەرپرسین، عەجەب مرۆڤێکی قیر سچمەن!

پەروانە توانای قسەکردنی نەبوو، بە دەنگێکی تکایانەوە وتی:

- بە یارمەتی با بڕۆم، من لێرە دەمرم، کچەکەم تەنهایە، کچە چکۆلانە نازدارەکەم، تێدەگەیت! باشە تۆ ڕۆڵەت هەیە تا دەرك بە ئیحساسی من بکەیت؟

پەرستیارەکە سەری داخست، پەروانە دەستی ئەوی لادا کە بە دەرگاکەوە گرتبووی‌و چووە دەرەوە.

بەو بێهێزی‌و لاوازییەوە، قاچەکانی وەدوی خۆی دەنا، حەزی دەکرد بمردایەو بریا دەمرد تا ئاوا ڕۆژگارێکی قەت نەبینیایە، ڕۆژێ مێردەکەی بە فایلە ڕەشەکەیەوە کەوتبووە گۆشەی زیندانەوە، ڕۆژێ ماڵەکەی دزرابوو، ڕۆژێ فرمێسکی کچە جوانەکەی دەبینی کە لەتاو تینی برسێتی دەڕژانە خوار، ئێستاش بە لەدەستدانی تەکیەگاو پاڵپشتی خۆی، هەستی بە بوودەڵی‌و لەناوچوون دەکرد.

هەر بەو جۆرە بەڕێ دەچوو، دنیا لە نیگاکانیدا تیرەو تاربوو، دڵی خاو بووەوەو سەری گێژی خواردو کەوتە سەر زەوی، پەرستارەکە بە نیگەرانی دوای کەوتبوو، بەرەو ڕووی چوو پاشان پەروانە دووبارە چاوی کردەوە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە، ئەم جارە جگە لە پەرستار، پزیشکیشی بەسەرەوە بوو.

- خانم ئیمانی! هەست بە بارو زروفی تۆ دەکەم‌و مۆڵەت دەدەم لە

نەخۆشخانە دەربچیت، بەڵام زۆر زوو لە بیری چارەسەری گورچیلەتدا بە، ناچارم پێتو ڕاست پێت بڵێم!
ئەگەر پەی گیری نەکەی، سەلامەتیت لە مەترسیدایە، خۆ لێم تێدەگەیت؟

- بەڵام من پێویستە بڕۆم، کچەکەم ئێستا لە مەراقدا دیقی کردووە!

پزیشکەکە بە بەزەییەوە تەماشایەکی کرد، پاشان ئامـاژەی بـۆ پەرستیارەکە کرد یارمەتی بدات، بە یەکێك لە سەیارەکانی نەخۆشخانە پەروانە گەشتەوە ماڵەوە، کاتێ چووە ژوورەوە صەنەمی بینی سەری خستبووە نێوان هەردوو ئەژنۆی و غەزالەش بە غەمبارییەوە لەلایدا وەستاوە.

- صەنەم! سەیرکە، دایکت!
- سەری هەڵبڕی و بە چاوانی هەڵئاوساوەوە سەیری پەروانەی کرد، هاتە خوارەوەو دایکی لەباوەش گرت، هەردوو بە ئارامی گریان، خانم جەلالی هاتە لایان.
- ماوەی ئەو چوار ڕۆژەی کە پەروانە لە نەخۆشخانە بوو، صەنەم بە هۆی نەخۆشی و ئەو مەراقە زۆرەی کە لەدڵیابوو، زۆر لاواز بووبوو، دڵی ساردو غەمباری پەروانە لە گەرمای لاشەی صەنەم تاوی سەندو ئاگری گرت.

پەروانە سوپاسی ئەو زەحمەتەی ماڵی جەلالی کرد، خانم جەلالی جەنازەکانیان دەستکەوتەوە، کاتێ پەروانە لە مەیتخانە لاشەی مردوو شێواوی دایكو باوکی بینی، نالاندی و هاوارە بەسوێکەی دڵی دەپرسوکاند، دەیکێشا بە سەری خۆیداو دەگریا، خانم جەلالی ژێر

بازوی گرت و بە زەحمەت توانی ئەو لە جێ بەرز بکاتەوە.

گشت کارەکان سپێردرا بە ئاغای جەلالی و ئەویش بە دڵسۆزییەوە هەرچی لە توانایدا بوو درێغی نەکرد، هەر ئەو ڕۆژە عسرەکەی جەنازەکان لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا ئەسپەردە کران، جگە لە ماڵی جەلالی و یەك دوانێك لە دراوسێکان کەسی تر ئامادەی بە خاکسپاردن نەبوو.

صەنەم گشت گیانی دەلەرزی، قاچەکانی دەدا بە زەویداو هاواری دەکرد.

– نایەڵم باوەگەورم بکەن بە ژێر خاکەوە، ئەو زۆر بەڕەحم بوو، ئەی دایە گەورەم بۆ کوێ دەبەن، زۆرم خۆش دەوێ، با لە لام بمێننەوە، بۆ کوێیان دەبەن، نا مەیانبەن، بە هەراو زەنای ئەو، خەڵکێك کە لەو ناوەوە هاتوچۆیان دەکرد، لە دەوری گرد بوون، دەنگی پەروانە بە دژواری دەهاتە دەرو هەستی بە تاساندن دەکرد حەزی دەکرد ناڵەو فیغانی تا حەوت تەبەقەی ئاسمان بڕوات، پڕی دەکرد بە قژی خۆیداو لە خۆڵی مەزاری دایك و باوکی دەکرد بە سەریا.

* * * * *

– صەنەم!

– بەڵێ دایە!

– پێویستە ئەم خانووەمان بفرۆشین.

– چی؟!

– هەر ئەوەی کە وتم، ئێمە ناچارین ئەم کارە بکەین.

– دایکە! ئەگەر خانوو بفرۆشین، ئەی لە کوێ بژین؟!

Scanned by CamScanner

- كچی جوانم! تۆ خەفەت مەخۆ، هەموو شتێ بسپێرە بە من، تاپۆی خانووەكە باوەگەورەت لە بانق داینـاوەو ئەتوانین لە دوای ئەوەی وەرمانگرتەوە بیفرۆشین.
- بەڵام دایكە لە بیرت چووەتەوە باوەگەورەم دەیوت، لە هەر بارودۆخێكی نالەباریشدا، نابێ خانووەكەمان بفرۆشین، چونكە كرێی زۆرمان بۆ نادرێ‌و ناژین.

پەروانە بزەیەكی تاڵی كردو وتی:

- خوا قەزات بخات لە من وا ئەوەندە ئەقڵت بە شت دەشكێ!

صەنەم پێكەنی‌و لە لای دایكیدا دانیشت‌و لێی وورد بووەوەو وتی:

- بۆچی داوای یارمەتی لە خاڵەم نەكەین، خۆ تۆ ناونیشانیت لە لایە، خۆ دەبێت ئاگادار بێت لە مردنی دایەگەورەو باوەگەورە.
- ئاگادارم كردووەتەوە، ئەگەر چی خۆشی ئاگادار بووە، بۆم نوسیوە خەمی ئێمەی نەبێت.
- بەڵام دایكە؟
- نا ئازیزم، تۆ خەمت نەبێت، بە فرۆشتنی ئەم ئاپارتمانە ئەتوانین خانوویەكی بچووك لە باشووری شار بگرین‌و ئەشێ هەندێ كەلوپەلیش بكڕین، جگە لەوە من پێویستە چارەسەر بكرێم‌و تۆش نەبێت هەرچۆن بووە بخوێنی!
- دایكە! خۆ ئەو پارەیە بنی لەئاودا نییە، زۆر زوو تەواو دەبێت، ئەوكاتە چی بكەین؟
- دوای ئەوەی كە چووینە خانووی تازەوە، من ئیشێك دەكەم‌و تا من زیندووبم هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ خۆشبەختیت.

ئەشێ لەسەرەتاوە دەست پێبكەینەوە، كچم لەبیرت بێ كە پێویستە

Scanned by CamScanner

بەردەوامی بە ژیانمان بدەین و نابێت شکست لەپەل و پۆمان بخات، لە دوای مردنی باوەگەورەو دایەگەورەت گەشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە نابێت من لەناو بچم و تۆش بەرەو نەمان پەلکێش بکەم، من بە خۆشی تۆوە دەژیم و بەڵێن بێت بتگەیەنمە ئەو خۆشبەختییەی کە تۆ خوازیاریتی! صەنەم هەراسان وتی:

- ئەی ئەگەر دووبارە کارساتێ قەوما چی؟
- مەترسە کچەکەم! ئێمە دووبارە هەر خۆڕاگری دەکەین، پێویستە هێور بین و هەوڵ بدە هەمیشە ئومێدەوار بیت.

صەنەم بزەیەکی کردو هێندەی تر ڕووخساری جوان بوو، خۆشحاڵ بوو لەو دەرونە بەرزەی کە دایکی هەیبوو، پەروانە لە لای پەنجەرەکەدا وەستابوو لەدەرەوەی دەڕوانی، صەنەم بەرەو لای چوو ماچێکی گەرمی دەستە لاوازەکانی کرد.

* * * * *

دوای دوو هەفتە کاروبار بە چاکی و بە خۆشی کۆتایی پێهات، ئێستا ئیتر کاتی خواحافیزی بوو، پەروانە لە لای خانم جەلالی وەستا.

- بە ڕاستی زۆر سوپاستان دەکەم، ئەگەر ئێوە نەبوونایە من نەم دەتوانی بە تەنها ئەم هەموو غەمە هەڵگرم.
- تکا دەکەم خانم ئیمانی، من کاری خۆمم بەجێ گەیاندووە.

صەنەم و غەزالە سەریان کرد بە باوەشی یەکترداو فرمێسکی ماڵئاواییان دەتکاندە سەر شانی یەکتری.

- زۆرم خۆش دەوێی، هیچ کات لەبیرت ناکەم.
- منیش هەروەها سەرت لێدەدەم.
- صەنەم گیان ئاگات لە خۆت بێت!

Scanned by CamScanner

پەروانە دەستی خستە سەر شانی صەنەم و وتی:

- كچم! تۆ دەتوانی دووبارە غەزالە ببینی، كەوابوو باشترە بكەوینە ڕێ.

خانم جەلالی ئەوانی بەڕێدەكردو وتی:

- بەڵام زۆر خۆشحاڵم كە زۆر لێمانەوە دوور نین، ئەگەر بچووینایەتە باشووری شار، هاتوچۆ ناخۆش بوو.

پەروانە زەردەخەنەیەكی كردو وتی:- ئەرك و ماندووبوونی ئێوە بووە هۆی ئەوەی بتوانم خانوویەكی گونجاو دەستخەم.

بەر لەوەی بچنە خانووە تازەكەیانەوە، صەنەم حەزی دەكرد بچێ بۆ سەر مەزاری باوەگەورەو دایەگەورەی، هەر لەبەر ئەوە لەسەر كۆڵانەكەدا ڕاوەستا.

- صەنەم گیان بۆچی وەستاوی؟ پەلەت نییە زوو بچینە خانووەكە؟

- دایكە؟

- چییە كچەكەم؟

- جارێ حەز دەكەم بچمە سەر گۆڕی باوەگەورەو دایەگەورە!

چاوی پەروانە پڕبوو لە گریان و كەمێ بیری كردەوە، پاشان سەری بەرز كردەوەو بزەیەكی كردو لەگەڵ صەنەم كەوتنە ڕێ بۆ گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا.

* * * * *

ئەمەو ئێوارە بوو صەنەم خۆی لە كۆڵانێكی نامۆو غەریبدا دیتەوە، پەروانە لەپێش ئەوەوە هەنگاوی دەنا، لەبەردەم دەرگایەكی سپی مەیلەو زەرد وەستاو سەیرێكی صەنەمی كردو بە كلیل دەرگاكەی

Scanned by CamScanner

کـردەوە، سـەرەتا چـەند پلیکانەیـە دیـاربوو دەچـوو بـۆ نهـۆمی سەرەوە، صـەنەم لێوەی چووە سـەرەوەو بە کردنـەوەی دەرگایـەکی تەختـە، چـووە صـالۆنێکی بـچووك‌و جوانــەوە، لــە لای ڕاسـتـەوە حـەمام‌و چێـشتخانە بـوو، لـە لای چـەپەوە ژووری دانیـشتن بـوو، پەروانـە فەرشـێکی جـوانی تیـادا ڕاخـستبوو، دوو پـشتی‌و قەرەوێڵەیەکی نووستنیش لـە ژوورەکـەدا دانرابوو، صـەنەم دەرگای ئەمبـەر پیپلیکانـەکانی کـردەوە، ژوورێکـی بـچووك‌و ڕازاوەی بینـی مێـزو کورسـی تیـادا دانرابـوو پەردەیـەکی سـادە بـەڵام جـوان بـە پەنجەرەکەدا هاتبووە خوارەوە.

پەروانـە زیـاتر کەلوپـەلی هـەرزانی کڕیبـوو، بـەڵام بە سـەلیقەی ئەو دانرابوون‌و دەردەکەوتن.

کـاتێ صـەنەم ئـەو کەلوپەلانـەی بەوانـەی پێـشووی ماڵەکـەیان کـە دزرابـوو مەزەنـدە کـرد، دڵتـەنگ بـوو هەسـتی بـە مـەراق کـرد لەبـەردەم پەنجەرەکـەدا ڕاوەسـتا، حەوشـەو بـانی زۆر بچووك‌و قـەبزبوو، بەڵام بۆ ژیانی دوو کەسی ئەوان باش بوو.

- بە لاتەوە چۆنە؟

صـەنەم ڕووی لـە دایکـی کـردو هەوڵیـدا بێتاقەتییەکـەی بە پێکەنین بشارێتەوە وتی:- زۆر چاکە دایکە! زۆر خۆشحاڵم.

- صەنەم گیان! دەبێ هـەر لـە ئێستاوە بـەڵێنم پێبـدەی بە جددی بخوێنیت‌و سەعی بکەیت.

- باشە دایکە بەڵێن دەدەم‌و دڵنیابە کە دەردەچم.

* * * * *

# ٩

صەنەم لەناو قوتابخانەدا گۆشەگیر بوو، هەتا پرسیاریان لێنەکردایە وەڵامی نەدەداوە، بەڵام لە وانەکانیدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو جێی سەرنجی مامۆستاو هاوپۆلەکانی بوو، لە پۆلدا دوو هێندەی[1] قوتابییەکی پۆلی پێنجەمی دەزانی و تێکڕای یەکەم و نیوەی ساڵی بە نمرەی بەرزەوە بڕی.

دوو ڕۆژی مابوو بۆ جەژن صەنەم بە بێ مەیلی خوداحافیزی لە هاوپۆلەکانی کردو بە هێمنی کەوتە ڕێ بۆ ماڵەوە.

کاتێ چووە ماڵەوە، پەروانەی بینی پارچەیەك قوماشی کەتانی گوڵداری جوانی لە کۆشیدا داناوەو خەریکی دوورینیەتی.

- سڵاو دایکە! چی دەکەیت؟

- ئ، سڵاو چۆن هاتیتەوە ئاگادار نەبووم؟

صەنەم کلیلەکەی نیشانی دایکیداو وتی:

- خۆت دوێنێ ئەم کلیلەت پێدام.

پەروانە زەردەخەنەیەکی کردو لە سەراپای صەنەمی ڕوانی.

- نەت وت خەریکی دوورینی چیت؟

- ئەم جلە دەدورم بۆ ڕۆژی جەژنت.

Scanned by CamScanner

- سوپاس دایە گیان! بەڵام من ڕازیم نییە زەحمەتی خۆت بدەیت، هەوڵبدە خۆت ماندوو نەکەیت.

- نیگەران مەبە صەنەم گیان!

صەنەم دڵتەنگ بوو وتی:

- چۆن نیگەران نەبم، تۆ دەبێت زۆر زوو نەشتەرگەری گورچیلەت بۆ ئەنجام بدەن، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە هیچ پاشەکەوتێکمان نییە.

پەروانە چووە بیرکردنەوەوە، صەنەم چۆن بەم تەمەنە کەمەوە نەیتوانی ئەوەندە عەقڵی بە شت بشکێت.

- دایکە بیر لە چی دەکەیتەوە؟

پەروانە جووڵەیەکی کردو وتی:

- تۆ شتێکت وت.

صەنەم بەسەر ئاماژەی کرد نەخێر، بۆ خۆگۆڕینی جل‌و بەرگەکانی چووە ژورەکەی خۆی، پەروانە جلەکەی داناو دەرزییەکەی کرد بە گۆشەیەکیدا فیکرە مشەوشەکانی هێرشیان هێنا بۆ مێشکی‌و دووبارە کەوتەوە بیری خەمەکانی، ئەگەر خانووەکە بفرۆشێ‌و پارەی نەشتەرگەرییەکەی لێبدات، ئەی بۆ ئاینده چی بکات؟ وە ئەگەر قاچی لێبخستایەتە سەر یەک‌و هیچ هەوڵێکی بۆ خۆی نەدایە مەرگ هەڕەشەی لێدەکرد، پەروانە دەیزانی ئەگەر بمرێ، صەنەمیش دەمرێت، لە فکری تەنها مانەوەی صەنەم لەرز دەیگرت، بەڵام چارە چی بوو؟

بەرپرسی نەخۆشخانە زۆر یارمەتی دابوو جگە لە داوو دەرمان، لە بەشی پێشوازی دایمەزراندبوو، پەروانە چوار مانگی ڕەبەق بە جددی کاری کرد، بەڵام ئێستا پزیشک ئاگاداری کردبووەوە کە تا هەفتەی داهاتوو هەرچۆن بێت پێویستە نەشتەرگەری گورچیلەی بۆ ئەنجام

بدرێت، ئەمەش بودجەیەكی زۆری دەویست، بیری ئەو ڕۆژانەی كەوتەوە كە لەبەردەم شەق و بۆكسە ئاسنینەكانی بەهزاددا بوو.
ڕقێكی زۆر سەراپای تەنییەوەو بەهزادی بە نەفرەت دەكرد كە چۆن ئاوا ئەم چارەنوسە ڕەشەی بە دەستی ئەو بۆ كێشرا.

* * * * *

- دایكە ئەگەر مۆڵەتم بدەی دەمەوێ بچم لەسەر شەقامەكەوە تەلەفۆنێك بۆ غەزالە بكەم.
- باشە كچم بڕۆ، بەڵام زوو بگەڕێوە، سڵاوی منیش بگەیەنە بە دایكی غەزالە.
- صەنەم بە خۆشحاڵییەوە خۆی گەیاندە تەلەفۆنێكی گشتی و ژمارەی ماڵی غەزالەی لێدا.
- ئەلو!
- سڵاو صەنەم گیان تۆی! سەیرە؟
- سڵاو، ڕاستییەكەی سێ و چوار ڕۆژە بە نیازم تەلەفۆن بكەم، غەزالە لە ماڵەوە نییە؟
- نەوەڵا چووە بۆ ماڵی پوری، عەسر دەگەڕێتەوە.
- خانم جەلالی؟
- گیان!
- دەتوانی یارمەتیم بدەی؟
- قسە بكە ئازیزم!
- هەتا زووە پێویستە دایكم نەشتەرگەری بكرێ و پارەشمان نییە، چارە چییە؟

Scanned by CamScanner

خانمی جەلالی تۆزێ ڕاماو پاشان وتی:

- دوعا بکە، خوا یار بێت جۆر دەبێت.

پاشان سەبووری صەنەمی دایەوەو هەوڵیدا ئارامیی بداتێ.

کاتێ صەنەمی بەراورد دەکرد لەگەڵ کچەکانی خۆی دڵی بە حاڵی ئەو دەسووتا.

صەنەم تەلەفۆنەکەی داخستو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، پەروانەی بینی خۆشحاڵەو چاوەکانی دەدرەوشێنەوە، سەراسیمە لێی ڕوانی و وتی:

- چی بووە دایکە؟!

- سەیری ئەم نامەیە بکە، دەستو خەتی خاڵتە، بڕوا دەکەی!

- بەڵام خۆ ئەوان ناونیشانی ماڵی ئێمەیان لانەبوو، پاشان ناونیشانی خۆشیان گۆڕدراوەو ئێمە نەمانتوانی تەلەفۆن بۆ خاڵەم بکەین.

- دەزانم کچم! خاڵت نامەی ناردووە بۆ ناونیشانی پێشومان و خانم جەلالیش بۆی پۆست کردوین.

صەنەم لە خۆشحاڵیدا هەڵبەزو دابەزی دەکردو وتی:

- نامەکە بخوێنەرەوە بزانم چی نوسراوە.

- خوشکی ئازیزم پەروانە! صەنەمی جوانم سڵاو!

ئومێدەوارم حاڵتان باش بێت، مەرگی کوتوپڕو ناوادەی دایك و باوکم گورزێکی کوشندەی لێدام، من بە تازەیی زانیومە، چونکە چووبووم بۆ ئەڵمانیا، کاتێك گەڕامەوە بۆ ئەمستەردام بۆ ئاپارتمانەکەم نامەکانم بینی، خەریکبوو سەکتە لێم بدات، بەهەر حاڵ پرسەو سەرەخۆشی دەردەبڕم بۆتان، بە ئەرکی خۆمی دەزانم تا بەشی خۆتت بۆ بنێرم، باوکم بە سەرمایەکەی خۆی لێرە کارو کاسبییەکی باشی بۆ بوونیات

ناوم.

بە پێی ئەو وەسێتنامەی کە لە دیوەکەیدا دۆزیمەوە لە سێ بەش بەشێکی بۆ تۆیە، بۆم ناردی چونکە ڕەنگە پێویستت بێ، هەر لەبەر ئەوە ناردمە ژمارە حیسابەکەی خۆت بۆ بانك...

صەنەم نەیهێشت نامەکە تەواو بکات لە خۆشیدا خەریك بوو دەفڕی وتی:

- دایکە کەوابوو ناچار نین خانووەکە بفرۆشین، نەشتەرگەرییەکەش بۆ تۆ ئەنجام دەدرێ، وایە؟
- پەروانە بە چاوانی ئەسریناوییەوە صەنەمی لە باوەش گرت و ناوچاوی ماچ کرد، لەو شەوە تارو بێ ئومێدییەدا، نامەی براکەی ((مازیار)) وەکو ڕوناکییەك دەدرەوشایەوەو خانووە بچووکەکەیانی پڕکرد لە ڕۆشنایی.

* * * * *

خانم ئیمانی! ناونوسی قوتابییەکی زۆر باشی وەکو ئێوە لەم قوتابخانەیەدا شانازییەکی گەورەیە بۆ ئێمە!

صەنەم بزەیەکی کردو وتی:

- لوتفی ئێوەیە، هیوادارم جێی شانازیتان بم تا لەم قۆناغەشدا سەرکەوتوو بم!
- ئینشائەڵڵا! ئەتوانیت بڕۆیت.
- زۆر سوپاس، خوا حافیز.
- خوات لەگەڵ خانم ئیمانی، تا پێنج ڕۆژی دی یەکتر دەبینینەوە!

صەنەم پێکەنی و چووە دەرەوە، کەیفی بە خانمی بەڕێوەبەر

هاتبوو، نەك لەبەر خاتری ئەو وەسفو سەنایانەی کردی، بەڵکو شێوازی قسەی میهرەبانانەی ئەو، صەنەمی بۆ لای خۆی کێش کردبوو، بە شانازیو سەربەرزییەوە بەرەو ماڵەوە بەرِێ کەوت، هەستی بە خۆشحاڵیو ڕەزامەندی دەکرد لەوەی کە توانیبووی تا ئەم قۆناغە خەونەکانی دایکی بێنێتە دی، ئەو دایکەی کە لاوێتیو سەلامەتی کردە قوربانی کچەکەیو تا ئەم ساتەش بە لاشەیەکی نەخۆشو لاوازەوە بە جددی کاری دەکردو نەیهێشتبوو فشار بکەوێتە سەر صەنەم.

* * * * *

- دایکە! ئەگەر ڕۆژی سەد جاریش دەستو قاچت ماچ بکەم، هیچ نییە لەچاو ئەو کارانەی لە پێناومدا ئەنجامت داون!

پەروانە پێکەنیو لە کاتێکدا کە سەیری صەنەمی دەکرد، وتی:

- کچم! من هیچم نەکردووە، جگە لەوەی هەوڵم بۆ خواستەکانی خۆم داوە، هەر ئەوەندەو بەس!

صەنەم هەستا لەجێی خۆی، بە ڕێگا دەڕۆی، خۆی دەبزواند، قسەی دەکرد، پێدەکەنی، غەمبار بوو، لە هەموو ئەو دۆخانەدا، جوانیی تایبەتی ئەوی دەردەخست.

کاتێ بۆ شەشەمین ساڵیادی مردنی باوە گەورەو دایە گەورەی بۆدییەکی حەریری ڕەشی لەبەر کرد، ئەوەندە جوان بوو بوو کە پەروانەی خستە دڵە تەپە.

لەو کاتەوەی کە صەنەم هەندێ بالآی بەرزو گەورە بووبوو، پەروانە ناچار بووبوو زۆربەی ڕۆژان چەند کاژێرێ لەگەڵ خوازبێنیکەرانی کچەکەی قسەو مشتو مڕ بکاتو ڕازییان بکات بەوەی کە صەنەم منالەو پێویستە بخوێنێ.

* * * * *

Scanned by CamScanner

پەروانە هەر لەسەر كاری پێشووی بوو، بەو داهاتەی دەستی دەكەوت، نەیتوانی ژیانێكی مەڕیو مەمرەو سادە بۆ خۆیو صەنەم دابین بكات، بەڵام نەخۆشییە یەك لەدوای یەكەكانی خەرجییەكی وای بەناو چاوەوە بوو كە نەیدەتوانی لە گەردنی بگرێت، زۆرترینی كاتەكان دەردو نەخۆشییەكانی ئەشاردەوەو باسی نەدەكرد، دەردو ئازاری دەكێشا، بەڵام نەیدەناڵاند، دەگریا، بەڵام چاوەكانی تەڕ نەدەكرد.

پێنج ساڵ دوای نەشتەرگەریی گورچیلە لە سەلامەتییەكی تا رادەیەك باشدا بەسەر برد، بەڵام ئێستا بە تێپەڕبوونی شەش مانگ لە ساڵی نویٚ بە دەردێكی كوشندەوە دەیناڵاند.

پەروانە جگە لەو ئیشەی كە هەیبوو، كاری تریشی دەكرد، كاری دەكرد لە كارگەیەكی درومانی جلو بەرگی بووكێنی، كاتێكیش صەنەم دەنووست ئەو تا نیوەی شەوان بەخەبەر دەماو بەردەوام جلی دەدوری، هەوڵی دەدا بۆ داهاتووی خۆی كەمێك پاشەكەوت بكات.

* * * * *

- دایكە! ئەوە بۆچی هیچ ناخۆیت.

- ئیشتیهام نییە كچم! تۆ شێوەكەت بخۆو بخەوە بەیانی زوو ئەڕۆیت.

- تۆ بەردەوام لەبیری منداای، ئەی خۆت چی؟

- خەمی منت نەبیٚ كچە جوانەكەم!

دەنگی صەنەم نەرمو غەمبار بوو.

- دایكە هیچ نەبیٚ چەند كەوچكێك لەم خواردنە بخۆ تا لە گەرووی منیش بچێتە خوارەوە.

پەروانە لەسەر سفرەی نانخواردن دانیشت، لە خواردنی خۆراك

Scanned by CamScanner

دەترسا، کەوچکێکی گرت بە دەستەوەو کەمێك خواردنی پێ هەڵگرت و نزیکی کردەوە لە دەمی.

- ئاخ! ناچێتە خوارەوە، لەسنگما گیردەبێ.

- دایکە!

خۆت بێتاقەت مەکە ئەزیزم!

پاشان پەروانە دڵی تێکەڵی دەداو هێڵنجی هات و ئەوەی خواردبووی، هەڵی هێنایەوە، صەنەم تا نیوەی شەو نەیتوانی بنوێت، ئێستا دوو مانگ لە سەرەتای ساڵی خوێندن تێپەڕی و دایکی لەم ماوەدا زۆر زۆر نەخۆش بوو.

- کچم! خێراکە! دواکەوتووی لە قوتابخانە، وامزانی ڕۆشتووی!

صەنەم لەسەر جێگای نوستنەکەی ورتەیەکی لێوەهات و وتی:

- ئەمڕۆ ناچم بۆ قوتابخانە.

- ئاڕۆی! بۆچی؟!

- ئەمڕۆ ئیشێکم هەیە کە گرنگترە لە قوتابخانە، پێویستە تۆ بەرمە لای پزیشکێکی پسپۆڕ، من تۆ بە نەخۆشییەوە ببینم ئارامم نییە.

- بەڵام صەنەم! تۆ نابێت لەبەر خاتری من دوابکەویت لە خوێندن، تۆ بەڵێنت پێدام.

- دایکە با ڕێك و ڕاست پێت بڵێم، تا خەیاڵم ئاسودە نەبێت لە تۆ، ناتوانم بخوێنم، لەناو پۆلدا خەیاڵم هەر لای تۆیە، بە یەك دوو ڕۆژ غایب بوون دڵنیابە دواناکەوم.

*　*　*　*　*

- ناتوانم هیچ شتێك بڵێم، پێویستە سەرەتا پشکنین ئەنجام بدەیت تا دەرئەنجامەکەی بزانین.

پەروانەو صەنەم لە عیادەی پزیشك هاتنە دەرەوە، تەواوی ڕێگا هەتا ماڵەوە صەنەم ڕۆچووبوو لە بیرکردنەوەدا پەروانەش ئازاری دەچەشت کە دەیبینی کچەکەی ناڕەحەتە.

- دایکە تۆ ئەوەندەت ئیش کرد تا خۆت گەیاندە ئەم ڕۆژە، تۆ پێت وتبووم ڕۆژی یەك دوو کاژێر مرواری ئەدوریت، ئەوەش ئەو کاتەیە کە لەسەر ئیش ئەگەڕێیتەوە، بەڵام ئێستا لەدوای حەوت هەشت مانگ زانیومە کە هەتا نیوەی شەوان ئیش دەکەیت، ئاخر بۆچی هێندە زۆر لە خۆت دەکەیت؟!

- هەموو خەڵکی ئیش دەکەن، ئێمەش بۆ ئەوەی بژین پێویستە ئیش بکەین، منیش کاری خۆمم جێبەجێ کردووە.

- بەڵام تۆ زیاتر لە توانای خۆت ئیش دەکەیت.

پەروانە بێدەنگ بوو، حەقی بە صەنەم دەدا بەو جۆرە پەرێشان و نیگەران بێ، چونکە ئەو جگە لە پەروانە کەسی تری نەبوو.

نەخۆشی پەروانە ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی دەسەند، تا وایلێهات ئیتر نەیتوانی بچێتە سەر کارو خانەنشین بوو، صەنەم دەچووە قوتابخانەو لەناو پۆل ئامادە دەبوو، بەڵام فیکرو زەین و ڕۆحی بەرەو لای دایکی دەفڕی، بە درێژایی وانەکانی خەمی ئەوی بوو، خواخوای بوو زوتر جەرەسی ڕۆشتنەوە لێبداو بچێتەوە بۆ ماڵەوە.

کاتی نمرەی تێکڕایی یەکەم نمرەکانی صەنەم زۆر نەبوو، مامۆستاکانی لەم بارەوە پرسیاریان لێدەکرد چاوەکانی پڕدەبوون لە گریان و تەنها دەیوت: ((دایکم نەخۆشە)).

Scanned by CamScanner

ئەو ڕۆژانەی كە ئەو لە دڵەخورپەو پەرێشانیدا بەسەری بردبوو، كۆتایی پێهات‌و دواجار بە ڕێكەوت بۆ وەرگرتنەوەی ئەرئەنجامی پشكنینەكانی دایكی لە نەخۆشخانە.

- صەنەم گیان! منیش لەگەڵت دێم.
- نا دایكە! هاتنی تۆ پێویست ناكات، من ئەڕۆم‌و وەرەقەی پشكنینەكان وەردەگرمەوە، تۆ پشوو بدە!

صەنەم بەڕێ كەوت، بەڵام هەراو زەنایەكی زۆر لەناو دڵیا بوو، لە دەرگای ژوورەكەی داو كێلونەكەی گرت‌و دەرگاكەی كردەوە، پزیشك بە بینینی ئەو بزەیەكی كرد.

- بەخێر بێیت كچم!
- ماندوو نەبیت!
- زۆر سوپاس! چیت كرد؟ وەڵامی پشكنینەكانی دایكت وەرگرتەوە؟

صەنەم بەسەر ڕاوەشاندن وەڵامی دایەوەو فایلكەی دایە دەستی پزیشك، دڵی تەپە تەپی دەكرد، هەناسەیەكی قووڵی دایەوەو هەستی بە عارەقێكی سارد كرد بە تەوێڵییەوە.

پزیشكەكە بەر لە كردنەوەی فایلەكە بە هێواشی وتی:

- خانم ئیمانی، هیوادارم هەڵەم كردبێت لەبارەی نەخۆشییەكەی دایكتەوە، صەنەم هێشتا هەر دڵە خورپەو پەرێشان بوو.

بە بینینی ڕوخساری پزیشكەكە كە سات بەسات درژ دەبوو، هەناسەی توند بوو، بە ترس‌و لەرزەوە وتی:

- جەنابی دكتۆر! توخوا زوتر قسە بكە، پشكنینەكان چی نیشان دەدەن؟

Scanned by CamScanner

پزیشکە بە داخێکەوە تەماشایەکی کرد، وورد دەبووەوە لە ڕووخسارە بێتاوانە جوانەکەی ئەو، بە ڕاستگۆیی چاوەکانی، بەو ئەسرینەی کە لە چاوەکانیدا ئەدرەوشایەوە، تا ئێستا قەت وانەبووە ئەوەندە غەمبار بێت بۆ نەخۆشەکانی.

- بۆچی پێم ناڵێیت؟ من توانای بیستنیم هەیە، هەرچییەك بێت، بووغزێك گەرووی گرتبوو وتی:

- کچم! هەوڵبدە خۆڕاگر بیت، هێور بە، تیماری ئەم نەخۆشییە تەنها لای خوایە!

هەزمی ئەم نەخۆشیانە بۆ صەنەم دژوار بوو، چاوەکانی ئەبڵەق بوون و گیانی کەوتە لەرزین، بەحاڵ دەیتوانی قسەکانی پزیشکەکە ببیستێ کە دەیوت:

- بەداخەوە... دایکت... شێرپەنجەی گەدەیەتی.

- نا!... نا!... ئەمە درۆیە... دکتۆر! دە بڵێ گاڵتە دەکەم! ئاخر... خوا ئەوەندە بێویژدان نییە تەنها کەسم لێ بسەنێتەوە! بە بیستنی ئەم قسانە پزیشکەکە بێتاقەت بوو.

- ئەزانم کچم باوەڕکردن بەم مەسەلەیە بۆت سەختە، بەڵام هەرچی لە لایەن خواوە بێت خۆشە، پێویستە خۆڕاگر بیت... ئارام بە کچم!... هەر چییەکمان لەدەست بێت، ئەنجامی دەدەین.

صەنەم بە سەختی دەگریاو ئەسرین لە چاوەکانییەوە دادەباری.

- دکتۆر ئێستا من دەبێ چی بکەم؟ توخوا یارمەتیم بدەن!

هەنسکی گریان ئەو ژوورەی تەنیبووەوە، پزیشکەکە لە جێگاکەی هەستاو سوڕێکی لێدا بە دەوری مێزەکەیداو لە نزیك صەنەمەوە وەستا، هەردوو دەستی خۆی لێکناو وتی:

Scanned by CamScanner

هەموو شتێك بەدەستی خوا، هەر ئەوە دەتوانێت یارمەتیت بدات، من وەكو پزیشكێكی چارەسەری نەخۆشی دایكت داوات لێدەكەم بە دایكت نەڵێیت، نابێت بزانێت ئەگەرنا بە تێكچوونی دەروونی دۆخەكە خراپتر دەبێت.

پاشان بێدەنگ بوو، دووبارە بە غەمبارییەوە وتی:

- دەبێ هەوڵ بدەیت ئارامیی خۆت بپارێزیت، هەر لە بەیانیشەوە دەست دەكەین بە چارەسەر لەڕێی دەرمانی كیمیاییەوە تا بزانین خوا چی دەكات.

صەنەم چەرمەسەری زۆری بەسەر هاتبوو، لە سێ ساڵیدا باوكی مردو هەتیو كەوت، هەر لە حەوت ساڵیدا توشی دژوارترین بارودۆخ بوو، بەڵام خۆڕاگری كردبوو، هێمن بوو هیچ كات بێ هیوا نەبووە.

كاتێ لە قادرمەكانی عیادەكەوە دەهاتە خوارەوە، هێشتا هەر دەگریاو چاوەكانی بە زۆر دەیتوانی لاشە سستو لاوازەكەی هەڵگرێ، لەژێر لێوەوە دەیوت:

- نابێ نائومێد بم، ئەشێ خۆڕاگری بكەم، ئەشێ بەرگری بكەم...

نیگای ڕێبوواران دەكەوتە سەر كچێ كە حەیرانو سەرگەردان بە دوو چاوی ئەسریناورییەوە هەنگاوی دەنا، كچێكی جوان كە داخێكی كوشندە سەراپای تەنیبووەوە.

صەنەم بێپەروا لە بەرانبەر نیگای بە بەزەیی ڕێبووارانەوە تێدەپەڕی، كاتێ گەیشتە ماڵەوە، هەنگاوەكانی توانای چوونە ژوورەوەیان نەبوو، چۆن دەیتوانی تەماشا بكات، بێگومان نەیدەتوانی، چونكە دایكی ڕاستییەكانی لە چاوی ئەودا دەخوێندەوەو نهێنییەكەی دەردەخست، بە هەنگاوی لەرزۆكەوە چووە ژوورەوەو كاتێ بینی دایكی نووستوە،

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەست و دەم و چاوی شت، کاتێ لە ئاوێنەدا بینی چاوەکانی ئاوساوو سور هەڵگەڕان، دووبارە گریانی هات.

- صەنەم تۆ کەی هاتیتەوە؟

لەگەڵ بیستنی دەنگی دایکی، ڕاچەنی و خێرا فرمێسکەکانی سڕی، پەروانە بە باڵای کووڕو ئەندامی لاوازو ڕەنگ زەردییەوە لە لایدا وەستا، صەنەم لێی دووركەوتەوە، پەروانە بازوی گرت و کچەکەی کێش کردە لای خۆی.

- چی بووە صەنەم؟!
- هیچ نییە دایکە!
- درۆ دەکەی!
- ئەئـ!... چووم بۆ لای پزیشك! وەڵامی پشکنینەکانت شتێکی ئەوتۆی تیادا نەبوو، پزیشکەکە وتی فشاری کارو دەروونی بووەتە هۆی نەخۆشکەوتنی دایکت!

پەروانە بە گومانەوە سەیری کرد، بۆ پاراستنی ڕازی دەرونی خۆی، کە ئەری لە پەلوپۆ خستبوو، صەنەم ڕاشکاوانە وتی:

- دایکە! بەڵێنم بدەرێ زیاتر ئاگاداری تەندروستی خۆت بیت.

پەروانە هەر بە گومانەوە لێی دەڕوانی وتی:

- ئەگەر ڕاست دەکەیت و نەخۆشییەکەم شتێکی ئەوتۆ نییە، ئەی بۆچی ئەوەندە ناڕەحەتی؟
- نا دایکە! من لەبەر ئەوە ناڕەحەتم کە ئەگەر باوەگەورەو دایەگەورەم زیندوو بوونایەو لەگەڵمان بوونایە، ئەوکات تۆ ناچار نەدەبوویت بۆ گوزەرانی ژیانمان ئەم هەموو زەحمەتە

بكێشیت.

پەروانە ڕوخساری صەنەمی ماچ كردو وتی:

- من ئەو كاتە خۆشحاڵم كە تۆ لەهەر بارو زروفێكدا بخوێنیت، داخەكەم باوكت چەند ئارەزوو گەلێكی بۆت هەبوو، بەڵام بەداخەوە نازانم ئەمە چ چارەنووسێك بوو منو تۆ هەمان بوو.

- دایكە!

- بەڵێ كچە جوانەكەم! چی دەڵێی؟

- تۆ پێویستە ماوەیەك لەژێر چارەسەردا بیت، پزیشكەكەت ڕای سپاردووە، دەبێ هەر لە بەیانییەوە بچین بۆ عیادەكەی.

- باشە كچی بێنازم لەبەر خاتری تۆش بووبێ، ڕووبەڕووی نەخۆشییەكانم دەبمەوە، تا زووتر چاك ببمەوەو كارەكانم بكەم.

پەروانە بۆ خواردن ئامادەكردن چووە چێشتخانەكەیانو صەنەمی بۆ دونیای ماتەمو غەم بەجێ هێشت.

خوای گەورە! خۆت فریام بكەویت تو گەورەیی خۆت بەزەیت پێمدا بێتەوە، داوای شفای دایكمت لێدەكەم، با لەم دنیایەدا تەنها كەساس نەبم، دایكم دەسپێرم بە تۆ.

كاتێ لەگەڵ خودا بە نەجواوە ڕازو نیازی دەكرد، فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارو دەردێكی قووڵو كوشندە لە دڵیدا جێگیر بووبوو.

* * * * *

زستان بوو، سەرماو سۆڵە شەلاقەكانی دەماڵی بە سروشتدا، كڵۆ بەفرەكان دەنیشتنە سەر زەوی، پەروانە لەنەخۆشخانە خەوێندرابوو لە ئەوپەڕی نەخۆشیدا بوو، كاتێ صەنەم نائومێدانە بۆی دەگریا، نەخۆشییەكەی خۆی لەلا ئاشكرا بوو، بە توندی نەخۆش، ئازارد

مەینەتی، تەنییایی، بێئومێدی، هەژاری...

- ئاخ! خودایە گیان ئێستا چیبكەم؟ من دایكم لە تۆ دەوێ تۆ نابێ ئەوم لێبسەنیتەوە!

ئەو ناڵەو فەغانەی كە صەنەم لە ڕاڕەوی نەخۆشخانەدا نابوویەوە، دڵی هەموو كەسێكی ئەتەزان.

- دكتۆر ئەتوانی چی بۆ بكەیت؟
- نازانم كچم! پشت بەخوا ببەستە.
- دایكت ئەیەوێ بتبینێ!

دەنگی پەرستارەكە بوو صەنەمی بانگ دەكرد، كاتێ ئەیویست بچێتە ژوورەكەی دایكی، پزیشكەكە وتی:

صەنەم! كچم! هەوڵ بدە ئارام بیت.

صەنەم سەیری پزیشكەكەی دەكرد، قاچەكانی دەلەرزین و هەستی بە فەلاكەت دەكرد، سێ شەوی ڕابردوو تا بەیان بەدیار قەرەوێڵەكەی دایكییەوە دانیشتبوو چاوەكانی دەسوتان، دایكی بینی لەسەر قەرەوێڵەكەی نەخۆشخانە نەیدەتوانی هەر تەسەوریشی بكات كە دایكی جگە لە پێست و ئێسقان هیچی نەمابوو.

- دایكە!

پەروانە بەبێ ئەوەی سەری بسوڕێنێ تەماشای كرد.

- هاتی كچم؟

صەنەم بووغز گەرووی گرتبوو، نەیدەتوانی هیچ بڵێ، پەروانە بە دژواری كەمێ خۆی سوڕاندو هەر چۆن بێ بە لاوازی وتی:

- صەنەم گیان! هەندێ پارەم لای كەسێكە، ئەو جلانەی لە ماڵەوە پولەكەو مرواریم لێدەدا، هێشتا پارەكانیم وەرنەگرتووە... ئەوانەم...

Scanned by CamScanner

بۆ ڕۆژێکی ئاوا... دانابوو، ئەمە ناونیشانەکەیەتی، بۆم نووسیویت، بڕۆ لە لای ئاغای مەحمودی بەڕێوەبەری ئەوێ، پارەکەی لێوەربگە، مەبلەغێکی زۆرە.

- صەنەم کاغەزەکەی وەرگرت‌و دەستی دایکی ماچ کرد، دووبارە فرمێسك لە چاوانیدا خڕبوو، پەروانە بزەیەکی تاڵی کردو وتی:
- کچم! بۆچی ماتەمت گرتووە؟ من بەنیاز نیم بمرم؟ من چۆن دڵم یەت کچە جوانەکەم بەجێ بێڵم... ئێستا بڕۆ... ئەو نوسینەش بدە بە دەستی ئاغای مەحمودی.
- صەنەم لە نەخۆشخانە چووە دەرەوە ماوەیەك لە شەقام‌و کۆڵانەکاندا گەڕا بە دوای دۆزینەوەی ناونیشانەکەدا، ماندوو بوو بوو لە سەرما هەڵدەلەرزی، جل‌و بەرگی گەرمی لەبەردا نەبوو، دەست‌و پەنجەکانی سڕ بووبوون، سەرما سەراپای تەنیبووەوە، ناونیشانەکەی دۆزییەوە، باڵەخانەیەکی گەورەی بینی، نهۆمی سەرەوەی جل‌و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگی لێبوو، نهۆمی دووەمیش تایبەت بوو بە جل‌و بەرگی بووکێنی.

خێرا خۆی گەیاندە نهۆمی یەکەم، کارگەیەکی بەرهەم هێنانی لێبوو.

- ببوورە خانم، ئاغای مەحمودی لە کوێیە؟
- جەنابت؟
- ئەمەوێ لەگەڵ خۆی قسە بکەم.

صەنەم حاڵ‌و حەوسەڵەی زۆر بلێی‌و ڕوونکردنەوەی نەبوو، ئافرەتەکە شانەکانی هەڵبڕی‌و بە تانەوە وتی:

- کەوابوو بگەڕێ تا خۆی دەدۆزیتەوە.

Scanned by CamScanner

- صەنەم ئەوەندە غەمبار بوو دەربەستی ئەوە نەهات، سەیری ئەملاو ئەو لای دەکرد، بەڵام کەس گوێی پێنەئەدا.

هەمووی خەریکی کارو گفتوگۆ کردن بوون.

- فەرموو خانم، کارێکت هەبوو؟

صەنەم کە دەنگەکەی بیست ئاوڕی دایەوە، دەنگی پیاوێك بوو باڵا بەرزو باریکەلە، چل ساڵێك دەبوو.

- ببوورە ئاغا! ئیشم بە ئاغای مەحمودییە!

- فەرموو کارێکت هەبوو؟

- تۆ ئاغای مەحمودیت؟

- بەڵێ، ئەمرکە!

- تکایە ئەم نوسراوە بخوێنەرەوە، من کچی پەروانەی ئیمانیم، پیاوەکە چاوێکی بە نوسراوەکەدا گێڕاو پاشان وتی:

- وادیارە بە هەڵە هاتوویت، من کەس ناناسم بەم ناوەوە.

صەنەم ڕاچەنی و عاجزانە وتی:

- بەڵام ئاغای مەحمودی دایکم چەند مانگێك ئیشی بۆ تۆ کردووە، تۆ ناتوانیت ئینکاریی ئەوە بکەیت.

مەحمودی بە گاڵتەجاڕییەوە وتی:

- هەڕەشەم لێدەکەیت؟

دەنگی صەنەم جددی بوو وتی:

من هەڕەشە لە کەس ناکەم، بەڵام دڵنیابە مافی دایکم دەسەنم مەحمودی لەشنەری لێدەهات، فێڵ لە چاوەکانی دەباری وتی

ڕەنگی گۆڕی و بە تكاو هاناوە وتی:

- دایكم نەخۆشە، توشی شێرپەنجە بووەو ئێستا لە نەخۆشخانە كەوتووە، ئێمەش پێویستمان بەو پارەیە.

مەحمودی پێكەنی و وتی:

- ئێ ئەمەر لە سەرەتاوە بتوتایە بۆ سواڵ هاتووین و ئەم نوسراوەش تەزویرە!

- نەخێر من سواڵ ناكەم، هاتووم مافی خۆم وەربگرم، مافی دایكم، ئەو نەخۆشە!

- ئەزانی چی خانم بچكۆلە! دایكت شێرپەنجەیەتی و بەهەرحاڵ ئەمرێ، كەوابوو باشترە پارەی تیادا خەرج نەكەیت و دەستیشت لە غەریبەكان پان نەكەیتەوە، ئەم كارە بۆ كچێكی لاوی وەكو تۆ باش نییە!

سەنەم ئاگری گرت، لاشەی داغ بوو، سەری گێژی خواردو نەفرەت سەراپای گرتەوە.

مەحمودی ڕۆشت و چپاندی بە گوێی پاسەوانەكەدا، ئەویش هاتە پێش و بە تورەییەوە وتی:

- هێی كچێ! زووكە لێرە بڕۆ!

- ئاخر...

- ئاخرو ماخری ناوێ، لێرە بڕۆ، ئەگەرنا خوێنی خۆت لەسەر خۆت!

سەنەم بێئومێدانە سەری داخست و ڕۆشت، هەشت مانگی ڕەبەق دایكی شەو تا بەرەبەیان كاری كردبوو تا پارەكەی كۆ بكاتەوە بۆ ڕۆژێكی نەهاتی، بۆ ڕۆژێكی وەكو ئەمڕۆ كە دیلی دەردێكی

Scanned by CamScanner

كوشـندەبوو وە زۆر پێویـستی بـەو پـارە هـەبوو، بـەڵام چـارەنووس مەحمودیشی كردە مرۆڤێكی دڵ ڕەق، كە هەر بە جەبرو زۆری ستەم، مەقدەستی ئافرەتێكی ڕەنج دیدە بخوات و بێكەسی ئەو بقۆزێتەوە تا توانی كاری پێكردو ئێستاش حاشای هەمووی دەكات.

- دایكە! وەختـێ تـۆ نـەبیت من چی بكـەم؟ ئەتـەوێت من بدەیتـە دەستی كێ وا خۆت ئامادەی سەفەر كردووە؟ بەبێ تۆ زیندوو نامێنم، یا تـەنهام مەكە یا بە تـەنها دەسبەردارت نابم، بۆ هـەر كوێ بچی لەگەڵت دێم.

صـەنەم دەگەڕایـەوە بـۆ نەخۆشـخانەو لەبەرخۆیـەوە نـەجوای دەكـردو دەگریا، كە گەڕایـەوە، پزیـشكەكە مۆڵـەتی نـەدا دایكی ببینـێ، ماندوو سـەرما بـردوو لـە ڕاڕەوی نەخۆشـخانەدا دانیـشت، گـەرووی وشـك و برسیەتی ئامانی لێبڕی بوو.

لـەم دە ڕۆژەدا كـە پەروانــە لــە نەخۆشــخانە كـەوتبوو، صــەنەم نەچووەوە بۆ قوتابخانە، بەڵێنی بە دایكی ئەدا لە قوتابخانە غایب نەبێت، بەڵام ئـەو لـە بـری چـوون بـۆ قوتابخانـە لـە دەرگـای مـاڵانی دەداو بـە دڵـی شـكاوو چـاوی پـڕ لەگریانـەوە جل و بـەرگی پیـسی خەڵكی وەردەگرت و دەیهێنایـەوە بـۆ ماڵـەوە، لـە سـەرمای زسـتاندا بـەئاوی گـەرم دەیـشۆردن، پاشـان وشـكی دەكردنـەوەو لـە پـاش ئتوكردنیان ئەیبردنەوە بۆ خاوەنەكانیان و بڕێك پارەی كەمی دەست دەكەوت، شـەوانیش لـە نەخۆشـخانە تـا بەرەبـەیان بـە چاوانی هـیلاك و ماندووەوە بە دیار دایكییـەوە نەدەنووست، ئەو دایكەی لەبەردەم دەرگـای مەرگـدا بـوو، پزیـشكەكان ئیزنیـان دابـوو هـیچ كارێكیـان لەدەست نەدەهات.

- صەنەم گیان! بەداخەوە ئەشێ پێت بڵێم كە هیچ كارێك لەدەستی ئێمە نایەتو باشترە دایكت ببەیتەوە بۆماڵەوە لەوێ ئاسایشی زیاترە.

لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیەدا صەنەم لەهۆش چوو، بەڵام ئەوە ڕاستەقینەیەك بوو ناچاربوو پێی ڕازی بێت.

- بەڵام دكتۆر من تەنهام، هێشتا چواردە ساڵانم، چۆنچۆنی ئەتوانم بەبێ ئەو هەناسە بدەمو بمێنم؟ دایكم هێندە دڵڕەق نییە بە تەنها بەجێم بێڵێو بڕوا.

- كچم! ڕازیبە بە بەشی خودا، وتت تاقە خاڵەكەت لە هۆڵەند ئەژی، وا باشە تەلەگرافی بۆ بكەیتو داوای لێبكەیت لەم كاتەدا لەلای ئێوە بێت.

لەپڕا صەنەم بێهێز بوو پاڵی دا بە دیوارەكەوە، پزیشكەكە قسەكانی تەواو بووبوو ڕۆشتو فەرمانیدا بە پەرستیارەكە ئاگاداری صەنەم بێت.

دوای كاژێرێك بە ئامبولانسی نەخۆشخانە صەنەمو دایكی برانەوە بۆ ماڵەوە، بەو بارە ناهەموارەیەوە صەنەم جێگای بۆ دایكی داخستو خستییە سەری، پەروانە وای لێهاتبوو كە پزیشكەكە چیدی دەرمانی بۆ بەكار نەدەهێنا، ئەو ئازاری دەچەشتو صەنەمیش دڵۆپ دڵۆپ دەبووە ئاو، هەر ئەو شەوە بارانو تۆفانێكی بەلێزمە هەمووانی غافڵگیر كرد، ئەو شەوە ناڵەو فیغانی پەروانە ون دەبوو لەناو دەنگی هەورەبروسكەدا، تایەكی زۆر سەراپای تەنیبووەوە.

صەنەم بە دژواری چاوی هەڵدەهێنا لەتاو برسێتی، هۆشی بەخۆیەوە نەمابوو، دەنگی هەورو باران ترساندبووی گشت گیانی دەلەرزی، لە

لای دایكیدا دانیشت، ماچی دەكردو فرمێسكی دەڕشت.

كاتێ چاوی كردەوە دنیا ڕووناك ببووەوە، ژوورەكە لەخۆرەتاودا گەرم بووبوو، كاژێر دەی بەیانی بوو، صەنەم هەرچۆن بێ بە دژوای هەڵسا، تەماشای دایكی كرد لە جێگاكەیدا نوستبوو، ڕەنگی زۆر زەرد بووبوو، صەنەم لەتاودا ڕاپەڕی لەجێ، دایكی جوڵەی نەدەكرد، دەترسا نزیك بێتەوە لە دایكی و ئەوەی وێنای دەكرد بیهەراسێنێ، لەجێی خۆی جام بووبوو، سەیری جێگای پەروانەی دەكرد، بینی كەوا قاچی جوڵاندو بە لاوازی صەنەمی بانگ كرد.

صەنەم لێی نزیك بووەوە، دەستە گەرمو تادارەكەی دایكی گرتو دووبارە فرمێسك بە چاوانیدا هاتە خوارەوە.

- بەتانییەكی تریشم پیابدە... سەرمام دەبێت.

هەر كەسی تر گوێی لەم دەنگە بووایە نەیدەزانی چی دەڵێت، بەڵام صەنەم هەر بە جوڵەی لێوی دایكی تێگەشت، خێرا چوو بەتانی بێنێ.

- دایكە!

پەروانە سەیری كرد، نەیدەتوانی قسە بكات، بەڵام صەنەم هەر ئەو ڕوانینەی بەس بوو.

- جوابم بۆ خاڵم ناردووە، بە زوویی دێت بۆ لامان.

پەروانە لێوەكانی لێك جودا كردەوە، بەڵام نەیتوانی قسەبكات.

لەماوەی ئەو هەفتەیەدا پەروانە كەم تا زۆر ئارامتر بوو، نەیدەتوانی لە جێگای بجوڵێت، بەڵام بە هاتوچۆكانی صەنەم بە چاكی دەیزانی ئەو چی دەكاتو دەنگی شۆردنی جلو بەرگەكانی دەبیست، كاتێ كچەكەی دەبینی بە دەستی قڵیشاوو سەرما بردەوە هێندەیتر خەفەتی دەخواردو دەگریا.

ڕۆژێك صەنەم جلەکانی بردەوەو پارەی وەرگرت و کەمێ خۆراك و شەربەتی کڕی، پەروانە وتی:

- وازت لە خوێندنەکەت هێناوە تا نۆکەری بۆ خەڵکی بکەیت؟!

- نەخێر دایکە! من نۆکەری ناکەم، ئەمەش هەر ئیشە، تا تۆ چاك دەبیتەوە من ناچارم ئەم کارانە بکەم، بە قورسی مەیگرە، هەموو شتێ چاك دەبێت.

هەر ئەو ڕۆژە ئەو نامەیەی صەنەم ناردی بۆ خاڵی، گەڕایەوەو ئەو هیوایەشیان بڕا، دەست بەجێ دەنگی جەڕەسی دەرگا هات، تۆ بڵێی کێ بێت.

صەنەم چوو دەرگا بکاتەوە،

- کێیە؟

- بیکەرەوە!

دەنگێکی ڕەق و توند بوو، صەنەم دەنگەکەی نەناسییەوە، بە پەشۆکاوی دەرگاکەی کردەوە، چاوی کەوت بە پیاوێکی شپرز، نامۆ نەبوو بەڵام نەیناسییەوە، تاڵە مووەکانی سەرو ڕیشی کەم کەم سپی بووبوون، صەنەم مات و واق وڕماو سەیری دەکرد، پیاوەکەش ساردو قورس سەیری دەکرد.

- وا دیارە نایەڵیت بێمەماڵەکەتانەوە صەنەم خان؟

قسەکردنەکەی وەکو هەمیشە ڕەق و تووڕە بوو.

- بەهزاد!!؟

- بەهزاد بە ڕۆژێکەوە وتی:

- لام وابوو نامناسیتەوە!

قۆڵی صەنەمی گرت و توند فڕەی داو چووە ژوور، پاشان گەڕایەوەو

دووبارە تەماشای صەنەمی دەکرد.

- چەند جوان بووە! بالاشی بەرزبووە! جێی باوەڕ نەکردنە.

بەهزاد لە دڵی خۆیدا سەرسام بوو بە صەنەم.

- چییە؟ بۆچی واقت وڕماوە؟ وەرە لە پێشمەوە بڕۆ ژوور!

صەنەم جوڵەی نەکرد، بەهزاد ڕووی تێکردو وتی:

- بچۆ بە دایکت بڵێ میوانی هاتووە، هەرنەوەندە! تێگەشتی؟

صەنەم سەراسیمە چووە سەرەوە، کاتێ ویستی بچێتە ژوورەکەوە جارێکیتر ئاوڕی دایەوە.

- دەبڕۆ ئیتر!

- دایکە!

کەمێک وەستاو بە تەتەڵەی زمانەوە وتی:

- کە... سێك... ها... تووە... ئەیەو... ێ... تۆ... ببینێ.

چاوەکانی پەروانە پڕبوون لە پرسیار، هەر لەم کاتەدا بەهزادی بینی لەناو دەرگای ژوورەکەدا، بە تەماشای یەکتری هەرکام زانییان چ کینەو ڕقێکیان لە دڵدایە بەرانبەر بە یەکتری.

پەروانە توانای جووڵەو قسەی نەبوو، بەهزاد لە بەرانبەریا دانیشت، جگەرەیەکی دەرهێناو بە چەرخێك دایگیرساندو چەند قومێکی قووڵی لێداو چاوی بڕییە چاوەکانی پەروانە.

پەروانە زۆر تێك شکاو بوو، دەتوت بیست ساڵ لەو گەورەترە، بەهزاد بەو حاڵەی کە بینی زانی نەخۆشیی کوشندەی گرتووە، بەڵام بە لایەوە هیچ گرنگ نەبوو، صەنەم وەکو مرۆڤێکی لاڵ وەستابوو چاوەڕوانی ڕووداوەکانی دواتر بوو.

بەهزاد لەدوای ئەوەی دوایین قومی لە جگەرەکەی داو پاشان

خستییە ناو تەپڵەکەوە، بێدەنگی شکاندو وتی:

- من مانگێکە لە زیندان بەربووم، زۆر جێگاو ڕێگا گەڕام بە دواتاندا تا ئەمڕۆ...

پاشان بێدەنگ بوو دواتر وتی:

- ئێوە لە چی هەڵهاتن؟ لەدەست کێ؟ لەدەست من؟ ناماقوڵیتان کردو سەرتان دای لەبەرد، ئەها دۆزیمنەوە.

پەروانە ناوچاوی درژ کردو صەنەم بە دەردو ڕەنجەوە وتی:

- ئێمە لە دەست کەس و هیچ شتێ هەڵنایەین، بەڵکو ناچار بووین.

- کەس پرسیاری لە تۆ نەکردووە.

- بەڵام دایکم توانای قسەکردنی نییە.

بەهزاد خەمساردانە وتی:

- بۆ؟ چی بووە؟

فرمێسك بە چاوانی صەنەمدا هاتە خوارەوەو هیچی نەوت.

بەهزاد وتی:

- بێهنام لە کوێیە؟

- لێرە نییە؟

- مەبەستت چییە؟!

- شەش ساڵە چووە بۆ تورکیا.

- چیت وت؟!

- وتم خۆ، لەگەڵ دایکیشیدا ڕۆشتووە.

- پەروانە! صەنەم ڕاست دەکات؟

پەروانە بەسەر قسەکەی دووپات کردەوە.

- بۆچی خانووەكەتان فرۆشتووە بەبێ پرس و رای من؟

مەنیژە بە هێواشی وتی:

- ئێستا وەختی ئەم قسانە نییە، با دایكم پشوو بدات، دواتر خۆم هەمووییت بۆ باس دەكەم.

- من هەر دەبێ ئێستا بزانم!

بەهزاد هەستاو چووە لای جێگاكەی پەروانە دانیشت و بە دەنگی بەرز وتی:

- ئێوە لەم ماوەدا هەرچییەكتان ویستووە كردوتانە، ئەی من مردبووم پێم بڵێن؟

پەروانە بە دەردو ڕەنجەوە وتی:

- نازانم، بەڵام بە لای ئێمەوە وەكو مردوویەك بووی... نەمدەزانی ئەوەندەش بەدبەخت بم كە دووبارە بتبینمەوە.

مەنیژە لەترس و لەرزا وەكو گەچ سپی بوو بوو.

- دایكە تۆ نابێ قسە بكەیت، تكا دەكەم.

بەهزاد بە گاڵتە كردنەوە وتی:

- دەترسی گفتوگۆی من و دایكت شەڕی لێ بكەوێتەوە؟ وانییە؟

من تاقەتی ئەم قسانەم نییە، گشت ئەو دەردو ڕەنجانەی كە لەم حەوت هەشت ساڵەدا كێشاومە دەبێ بە جارێ لایبەرم و ئاسودە بم، چونكە دەزانم ئێوە بوونەتە هۆی زیندانی كردنم.

پاشان ڕووی كردە پەروانەو وتی:

- تۆ منت خستە گۆشەی زیندانەوە، داوات لەسەر تۆمار كردم... منت ئاشكرا كرد... هەوڵمدا بە ناردنی ئەو نامەیە هەڵت خەڵەتێنم تا كاتێ هاتییە بەردەستم بەم دەستانەم بتخنكێنم،

بەڵام ئەوەندەش بێعەقڵ نیم هەڵشاخێم بە مرۆڤێکی نەخۆشدا، ئێستا دەڕۆم بە دوای پەردیسدا، ئێمە پێکەوە ئازاد کراین، دوو سێ ڕۆژی تر دەگەڕێمەوە، لام وابێ بتوانم کاتێکی گونجاوتر بدۆزمەوە بۆ حەق و حساب!

بەهزاد ئەم قسانەی لەبەر خۆیەوە دەکردو پاشان لەماڵ چووە دەرەوە، صەنەم و پەروانە بە چاوانی فرمێسکاوییەوە لە یەکترییان دەڕوانی.

صەنەم تا نیوەی شەو قسەکانی بەهزاد لەگوێیدا دەزرنگایەوە.

* * * * *

دەنگی ئارام بوو، بەڵام تێکەڵاو بەترس.

- وتم ئەو ژوورە ساردەو سۆپای نییە، جگە لەوەش دایکم نەخۆشەو ناتوانێ بجوڵێ.

دەموچاوی صەنەم لە تووڕەییدا دەلەرزی.

- ئەم قسانە ناچێ بە گوێمدا! پەردیس ئەم ژوورەی دەوێ!

پەروانە دەستی صەنەمی گرت و وتی:

- کچم ئەگەر تۆ یارمەتیم بدەی ئەتوانم تا ئەو ژوورە بچم.

- بەڵام دایکە! ئەوێ زۆر ساردە، شوشەی پەنجەرەکەشی شکاوە، هەوای سارد لێی دێتە ژوورەوە..

- صەنەم بڕۆ! ئەمە ئاخرجارە پێت دەڵێم.

- بەڵام ئاغا بەهزاد! دایکم توانای جوڵاندنەوەی نییە، ئەو هاوسەری تۆیە چۆن دڵت پێی ناسووتێ؟

- ئەو دەمە درێژەت داخە کچی کەر!

پەردیس ئەمەی وت و سەیری بەهزادی کردو وتی:

- ئەم دووانە بە قسەی خۆش ناجولێنەوە، خێرا دەریانکەرە دەرەوە با بخەوم!

پەروانە چاوەکانی نوقاند، توانای گوێگرتنی هەموو قسەکانی نەبوو، زۆر زوو چاوەکانی ماندوو دەبوون.

بەهزاد ئاماژەیەکی دا بە صەنەمو ئەویش ناچاربوو لەو ژوورە بچێتە دەرەوەو چووە ژورەکەی تر، ئەو ژورەی ڕۆژێ لەڕۆژان خۆی تیایدا بوو، بەلام ئێستا ساردو سڕو شێدار بوو، جێگایەکی بۆ دایکی داخست، هات بۆ لای دایکی و چووە ژێر بازوی.

- ئارام بە دایکە گیان هیچ نییە! ئەتبەم بۆ ئەو ژورەی تر.

صەنەم نەیدەتوانی بە تەنها دایکەی ببات، بە ڕق و کینەوە سەیرێکی بەهزادی کردو وتی:

- لانی کەم وەرە دەستی بگرە!

بەهزاد ویستی یارمەتیان بدات پەردیس قۆلی گرت و وتی:

- ئەگەر یەك هەنگاوی تر بچیتە پێشەوە بۆ یارمەتییان هەر ئەمشەو لێرە دەڕۆم، بۆنی گەندی لێدێت، لام وایە ماوەیەکی زۆرە خۆی نەشتووە!

بەهزاد ڕووی کردە پەردیس و وتی:

- هاوڕێم! تۆ بێتاقەت مەبە ئەو سەری لە گوێی قەبر دەلەرزێ؟ هەر من و تۆ دەمێنینەوە!

هەردوو پێکەنین، صەنەم هەرچۆنێ بێت دایکی بردە ژوورەکەی ترو لەسەر جێگاکەی ڕایکشاند، بەتانییەکی بچووکی دا بەدایکیدا، بەلام ژوورەکە لەوە ساردتربوو بە بەتانییەك گەرمت بێتەوە.

- دیسان سەرو پۆتالت دەرکەوت!

- هاتم بەتانییەكەی دایكم ببەم.
- وادیارە ئێمە لەم ژوورەدا بەشەر نین، ئەی ئێمە چی بكەین؟
- ئاخر ئاغا بەهزاد، ئەم ژوورە گەرمەو زۆپای هەیە، جگە لەوەش ئەو نەخۆشە.
- لاچۆ لەبەرچاوم با چڕوچاوت نەبینم، ئەو پەتووە پیسەش هەڵگرەو بڕۆ!

پەرديس لە سوچێكەوە پاڵی دابووەوە، بێشەرمانە قسەی بە صەنەم دەوت، صەنەم بەتانییەكەی هەڵگرت و چووە لای دایكی، پەروانە ناڵەیەكی كردو داوای ئاوی كرد، صەنەم خێرا چوو بۆی هێناو چەند دڵۆپێكی چكاندە ناو دەمی دایكییەوە.

- صەنەم گیان یارمەتیم بدە پاڵ بدەمەوە.
- باشە دایكە!

فرمێسك لە چاوانی دایكی نەدەبڕا.

- كچم! دوای ئەوەی زانیم شێرپەنجەمە، جێگایەكم بۆ ئایندەی تۆ لەبەرچاو گرتبوو، ئەشزانم ئەوان باوەشی پڕسۆزو بەزەیت بۆ دەكەنەوە، بەڵام ئێستا بە هاتنەوەی بەهزادو ژنەكەی، ئەبێ زیاتر بەرگە بگریت، بەڵێنێكم بدەرێ!
- چ بەڵێنێك دایكە؟!
- بەڵێن بدە تا بتوانی بێ هیوا نەبیت و لە بەرانبەر بەهزاد لاواز نەبیت، من ئاحەوێمەوە ئەگەر تۆ ئەوانە قەبوول بكەیت كچم! صەنەم! بووكە شوشەی جوانم!...

پاشان هەردوو دەستیان كردە گریان، پەروانە وتی:

- ئەم ئامەت دەدەمێ.

Scanned by CamScanner

پاشان زەرفێکی نامەی لە جلەکانیدا دەرهێناو دایە دەستی صەنەم، بە تاسەوە دەستی گوشی و وتی:

- هەر ڕۆژێك تەواو گەیشتە گیانت و مانەوەت لێرەدا بە چاك نەزانی ئەم نامەیە بکەرەوەو ئەوەی نوسیومە جێبەجێی بکە.

- کچەکەم! مەگری، مردن حەقە، من دەچم بۆ لای باوکت، بۆ لای دایەگەورەو باوەگەورەت!

- نا!... دایکە... نا! نابێ بەجێم بێڵیت.

پەروانە فرکێسکەکانی صەنەمی سڕی، ماچی کردو بە گاڵتەوە وتی:

- ئەوە چیتە صەنەم...! هێشتا زیندووم، خەیاڵت ئاسودە بێت، دەبڕۆ بخەوە.

صەنەم لە باوەشی دایکی داو سەری لەسەر سنگی بوو دەگریا، نیوەی شەو تێپەڕیبوو کە صەنەم بە هاواری پەروانە ڕاچڵەکی.

- چی بووە دایکە؟!... دایکە!... دایکە!...

کاتێ دەستی خستە سەر تەوێڵی دایکی، خێرا دەستی لادا، وای زانی دەستی خستووەتە سەر شتێکی گەرم، کزەبایەکی سارد لە پەنجەرە شکاوەکەوە دەهاتە ژوورەوە، هەرچی گەڕا، صەنەم هیچی دەست نەکەوت، چاکەتەکەی دەرهێناو خستییە شوێنی شوشە شکاوی پەنجەرەکەوە، کڵۆ بەفرەکانی دەبینی دەهاتە سەر زەوی، ئێستا لەم بارودۆخەدا دایکی لەبەردەم دەرگای مەرگدا دەبینییەوە.

- خوای گەورە هاوار... من چیبکەم... دایکم لێمەسێنە... خوایە.

بە هەموو توانای هاواری دەکردو دەگریا، پەروانە لە سەرەمەرگا بوو، وڕێنەی دەکرد.

نیوەی شەو، تاریك‌و سارد بوو، ئەم كچە بێ باوك‌و پەنایە نەیدەزانی كێ بانگ بكاتە لای دایكی، جگە لە بەهزاد كەسی تر نەبوو تا دەست بە دامانی بێت‌و داوای یارمەتی لێبكات.

تەقەیەكی دا لە دەرگاكەیان، بەڵام وەڵامی نەبوو، دووبارە بە توندی لێی دایەوە.

- ئاغا بەهزاد دەرگاكە بكەرەوە، فریام بكەون، دایكم خەریكە دەمرێ.

ئێستا كە صەنەم گەورە بووبوو ڕقێكی زۆری لەدڵدا بوو بەرانبەر بەهزاد، ئەوی بە ((باوكە گیان)) بانگ نەدەكرد، دەرگای ژوورەكە كرایەوە، بەهزاد بە جلی نووستن‌و ناوچاوی درژەوە دەركەوت.

- بەم نیوەی شەوە هاربوویت؟ چیت دەوێ؟

صەنەم دەلەرزی‌و دەگریا.

- ئاغا بەهزاد!... دایكم تەندروستی زۆر خراپە... دەست‌و برد بكە...

پاشان دەستی بەهزادی گرت‌و ڕایكێشا بەدوای خۆیدا.

- ئا ئا!... بەرمدە شێتە... كچی كەر... ئەم تەمسیلانە دەكەیت بۆ ئەوەی بڵێیت ئەو ژوورە ساردەو بە هۆی ئەوەوە نەخۆشییەكەی پەروانە پەرەی سەندووە؟!

- نا... بەخوا... بارودۆخی نالەبارە... زۆر خراپتر لە هەمیشە، پەیوەندیشی بە ژورەكەوە نییە... ئاغا بەهزاد یارمەتیم بدە!... ئەو خێزانی تۆیە!

- صەنەم بە گریەو زارەوە كەوت بە دەست‌و پێی بەهزاددا، بەهزادیش بەبێ مەیلی چەند هەنگاوێكی هەڵنا، چووە ژورەوەو

سەیرێکی پەروانەی کرد، لەیناڵاندەو بەتاڵی و جێگاکەی دەناڵاند لە خۆی و وڕێنەی دەکرد.

- هیچ نییە... نەخۆشی شێرپەنجە هەروایە... کڵۆپەکە بکوژێنەرەوەو بخەوە... خۆی ئارام دەبێتەوە.

هەر ئەم قسانەی کردو پاشان چووە ژوورەکەی خۆی. هەندەم لەو هەڵوێستەی بەهزاد زۆر تووڕەبوو، قسەکانی ئەو وەکو ئاگرێ سەراپای بوونی سوتاند.

لەپڕدا هاواری کرد، گریاو قژی سەری خۆی دەڕنی، خۆی نوساند بە سنگی دایکییەوەو لەهۆش چوو.

نەتوت چەند کاژێری بێدەنگ بوو، بە نەوازشی دەستێك ڕاچەنی و چاوی کردەوە، سپێدەی بەیان بوو، تەماشای دەوروبەری کرد، بەڵام هیچ کەسی لێنەبوو.

بە بینینی دایکی دڵی داخورپاو چووە دواوە، گەشت گیانی دەلەرزی، بەڵام نەگریا، وەکو بتی لێهاتبوو، ساردو بێڕۆح، چەند خولەکێ سەیری پەروانەی کرد، کتوپڕ هەتا توانی قیژاندی:

- ناااا!... خودایە!... دایکە!... دایکە!... ئاخر بۆچی ڕۆشتی؟ خوای من!... وااای... دایکە!... دایکە گیان!...

پاشان خۆی دا بەسەر لاشە بێڕۆح و ساردەکەی پەروانەداو گریا، دەنگی گریان و ناڵەناڵی چووە ژوورەکەی بەهزاد، بەڵام ئەو تا کاژێر هاشتی بەیانی هەڵنەسا تا بزانێ چی بەسەر خێزانەکەیدا هاتووە. هەندەم دەگریاو دەیکێشا بەسەرو ڕوویدا، سەرتاپای دایکی ماچ کرد، کەمێ ڕجای کرد تا جارێکیتر چاوی بکاتەوە، بەڵام ئەو بۆ هەمیشە چاوی لێك نابوو.

بەهزاد هات و لەبەردەم دەرگای ژوورەکەدا وەستا، هێشتا صەنەم دەگریاو دەینالآند، دەنگی گیرابوو، دەم و چاوی سوور هەڵئاوسابوو، ئاسەواری نینۆك بەسەر دەم و چاوییەوە بوو.

پەردیس بەر لەوەی بچێتە دەرەوە بە بەهزادی وت:

- من لە مردوو دەترسم، خێرا لێرە لایبدە، من تا عەسر نەگەڕێمەوە، ئەبێ بەو جۆرە بێت کە من خوازیاریمی.

بەهزاد بێدەنگ بوو لێی دەڕوانی، پەردیس ناوچاوی درژ کردو لەماڵ چووە دەرەوە، بەهزادیش بەبێ ئەوەی لە پەروانە نزیك بێتەوە یان دڵنەوایی صەنەم باتەوە، لە قادرمەکان چووە خوارەوە بە مەبەستی چوونە دەرەوە لەماڵ.

- بۆ کوێ دەچیت؟!... من بە تەنها چی بکەم؟!

صەنەم بەهزادی بانگ کردو ئەمەی پێوت، بەهزاد ئاوڕی دایەوەو بە نەرمی وتی:

- ئەچم بە دوای ئامبولانس دا... خۆ ناتوانین لێرە حەشاری بدەین.

صەنەم هاواری کرد:

- نایەڵم دایکم ببەن... ئەبێ لەگەڵ من بێت!

بەهزاد سەری داخست و پاش کەمێ دەنگی بەیەکدا کێشانی دەرگاکە هات، صەنەم چاوەڕوانی ئەوە بوو بەو دەنگە دایکی جووڵەیەك بکات، بەڵام ئەو ئارام و بێدەنگ چوو بووە خەوێکی قوڵ و نەیەدییەوە.

* * * * *

Scanned by CamScanner

صەنەم تابوتی دایکی ئەبینی بەسەر شانی چەند پیاوێکی غەریبەوە بەرەو گۆڕەکەی بەڕێ دەکرا، قاچەکانی لەناو بەفردا ڕۆچوون، عەباکەی قوڕاوی بوو بوو، تاڵە مووەکانی لە سوچ و قوژبنی عەباو لەچکەکەیەوە هاتبوونە دەرەوە، چەند هەنگاوێکی دەناو دەکەوت و کەس نەبوو ژێر قۆڵی بگرێ و بەرزی بکاتەوە، ئەو تابلۆیەکی غەمگینی مێژوو بوو، بەو چاوە جوانانەیەوە کە لەخوێندا سور بوون، دڵی هەموو کەسێکی ئەلەرزاندو مرۆڤی دڵڕەقی دەخستە گریان.

کاتێ خۆڵیان دەکرد بەسەر گۆڕەکەی پەروانەدا صەنەم هەراو زەنای نابووەوە، چاوی کەوت بە بەهزاد دڵۆپێ فرمێسك لەچاوەکانیدا بوو.

بەفرێکی زۆر دەباری و زوو مەزارەکەی پەروانەی سپی پۆش کرد، صەنەم بە زۆری بەهزادو بە تووڕەبوونی ئەو ناچار بوو گۆڕەکەی دایکی بەجێ بێڵێ، هاوارو ناڵەی دەکرد:

- من دایکم بەجێ ناهێڵم... گوێم لە ناڵەو نرکەیەتی، ئازاری زۆرە... ئەبێ بەتانی پیابدەم، هەوا ساردەو بەم جۆرە ئازاری زۆرتر دەبێ!

بەهزاد قۆڵی صەنەمی گرت و بەدوای خۆیدا پەلکێشیکرد.

کاتێ صەنەم لەسەر کوشنی دواوەی تەکسییەکدا پاڵیداوە، دەنگی لە گەرووی دا تاساو لەهۆش چوو.

* * * * *

# ١٠

صەنەم تەماشای مستیلەی دایکی دەکرد کە لەدەستی ڕاستو لە پەنجەی دووەمیدا بوو، دڵی پڕدەبوو، ئەمە ئەڵقەی دایکی بوو، ئەو ئەڵقەیەی سەعید کردبوویە دەستیو کردبوویە هاوسەری خۆی، هەڵساو چووە ژوورەکەیتر، پەردیس نوستبوو، بەهزادیش خەریکی حساب بوو.

- سڵاو!

بەهزاد سەیرێکی کردو هیچی نەوت.

- من... ویستم بۆ ئەمشەو... کە شەوی هەینییە... حەڵوا دروست بکەم... بۆ سەر قەبری دایکم... بەڵام ئاردمان نییە.

صەنەم پڕکێشی نەدەکرد ڕێکو ڕاست قسە بکات.

- جا ئەڵێی چی!؟

صەنەم ڕاچڵەنیو دووبارە بە هەمان دەنگ وتی:

- مەبەستم ئەوەیە کە... هەندێ ئارد بکڕە...

وەك ئەوەی پەردیس گوێی لە قسەکانی ئەوان بووبێ لەژێر جێگاکەیدا جووڵەیەکی کرد، بەتانییەکەی لاداو بە بۆڵەبۆڵ کردنەوە وتی:

- ئاه... بۆ ساتێكیش نایەڵن پشوو بدەین... تۆ چیتە كچێ!
بەهزاد بەسەر كۆنەوە وتی:
- خانم دەیەوێ حەڵوا دروست بكات بۆ دایكی!
پاشان بە قۆشمەییەوە وتی:
- بڕۆ سوپاسی خودا بكە ئەم سێ چوار ڕۆژەش هێشتوومە لێرە بمێنیتەوە... ئێستا شڕو شیتاڵت كۆبكەرەوەو گوڕت ونكە!
صەنەم بەسەرسامییەوە سەیری دەكردو وتی:
- بڕۆم؟!... بۆ كوێ بڕۆم؟!... ئێرە ماڵو ژیانی منە... خۆ جێگای ترم نییە تا بۆی بچم.
- من تاقەتی قسەكردنم نییە لەگەڵ تۆی دایك مردوودا، خێرا ون ببە لەبەر چاوم!
پاشان پەردیس وتی:
- هێی بەهزاد... نابێ صەنەم بچێ بۆ هیچ شوێنێك، نەكا عەقڵت لەدەست دابێت؟ من پێویستم بەوە.
- جا ئەگەر تۆ دەتەوێ من ئەو لای خۆمان دەهێڵمەوە.
صەنەم تاقەتی نەگرتو دەستی كرد بە گریانو چووە ژوورەوەو دەرگای داخست، پاش كەمێ گوێی لە دەنگی بەهزاد بوو، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بەهزاد دەرگای ژورەكەی كردەوەو وتی:
- ئەوە كەڕی؟... هەستە بزانە پەردیس چی دەوێ.
- ئیشت بە من بوو؟
- چاك گوێ لە قسەكانم بگرە... من دڵم بۆت سووتاو نەمهێشت بەهزاد دەرت بكات، لە بری ئەوە دەمەوێت كچێكی چاك بیتو هەرچیت پێ دەڵێم دەبێ بە گوێم بكەیت، باشە؟

Scanned by CamScanner

صەنەم سەیرێکی کردو هیچی نەوت.

- ئەمەوێ هەمووماڵەکە پاك ڕاگری... خواردنی خۆشم لێت دەوێ... لام وابێ چێشت لێنان باش دەزانی.

صەنەم سفرەی ڕاخستو نانی دانا، زانی کە هیچی بۆ ناخورێ، بەڵام برسکی نەمابوو، دانیشتو ویستی بە زۆر چەند پارووپەك بخوات، دەنگی پەردیس بەرز بووەوە:

- تۆ لێرە چی دەکەیت؟ کێ وتی لەسەر سفرە دانیشە؟

صەنەم واق وڕماو سەیری دەکرد.

- ئاوا سەیرم مەکە، تۆ بۆت نییە نان لەگەڵ مندا بخۆیت، چاوەڕێ بکە منو بەهزاد نانەکەمان بخۆین دوایی سفرەکە کۆبکەرەوەو نانەکەت بخۆ.

بەهزاد قسەی نەدەکردو نانی دەخوارد، صەنەم پارووپەکی لەدەستا بوو دایناو هەستا، دەستی کرد بە گریان، پەردیس وتی:

- ئای خوایە... دیسان دەنگی گریانی ئەم کچەتیوە بەرز بووەوە.

- تۆ خۆت بێتاقەت مەکە... چیتە بەسەریەوە... دایکی لە گوڵ کاڵتری پێنەوتووە، ئێستا بە لایەوە دژوارە پێی بڵێی پشتی چاوت برۆیە!

- خێرا وەرە ئەو سفرەیە کۆبکەرەوە!

صەنەم بە گوێی پەردیسی کرد، کاتێ چووە لایانەوە، هێشتا دەمو چاوی تەڕبوو لە فرمێسکدا، سفرەکەی کۆکردەوە، بەڵام هیچ خواردنی لەسەر نەمابوو.

* * * * *

Scanned by CamScanner

ڕۆژانی بە سەختی تێدەپەڕاندو بە هاتنی تاریكی شەو ئارام نەبووەوە، چونكە دەیتوانی پشوو بدات.

پەردیس كاری زۆری ئەدا بەسەرا، هەمیشە قسەی پێدەوت و تەعلیقی لێدەدا، صەنەمیش بەرگەی هەموو شتێكی دەگرت و ناڕەزایی دەرنەدەبڕی.

ئەو خانووەی كە هی صەنەم بوو، بەهزاد خۆی كردبوو بە خاوەنی و كردبوویە شوێنی هاتوچۆی مرۆڤی سەیرو سەمەرە، پێشوازی كردن لەو میوانانە صەنەمی داغان دەكرد، بەهزاد باندێكی ڕێكخستبوو بەردەوام باریان دەهێناو دەبرد، صەنەم هەموو شتەكانی بە چاوی خۆی دەبینی، بەڵام لێوی دەنوقاندو هیچی نەدەوت، بەرگەی هەموو شتێكی دەگرت، چونكە پەروانە پێی وتبوو تا لە توانایدا مابێ نابێت لەو ماڵە بڕوات و بەجێی بهێڵێت.

- وای بۆنی سوتاوی دێت.

كاتێ پەردیس چووە چێشتخانەكەوە صەنەمی بینی بەدەم سەوزە پاككردنەوە خەوی لێكەوتووە.

- تۆ خەوتووی؟!

بە هاواری پەردیس صەنەم ڕاچەنی:

- ها... چی؟!

- میوانەكانم تا نیو كاژێری تر دێن، بۆنی سوتاوی ناو ماڵی گرتووە، ئەوسا تۆش لێی خەوتووی؟

- صەنەم ترساو وتی:

- تەنها...

- دەست داخە! بێ شعور! خێرا ئەو غازە بكوژێنەرەوە تا

خواردنەکە نەبووە بە قەرەبروت!

صەنەم چوو سەیری مەنجەڵی خواردنەکەی کرد، تۆزێك بنی گرتبوو. پەردیس پڕی کرد بە قژە پەلکەکانیداو ڕایکێشا، صەنەم قیژاندی.

- تۆ بڵێی ببێتە ئینسان! خێراکە ئەم ناوە ڕێك و پێك بکە، کاتێکیش میوانەکان هاتن تۆ ورتەت لێوە نایەت و لێرەش ناجوڵێی تێگەشتی؟

صەنەم بە دڵی پڕ لەگریانەوە بە ئاماژەی (بەڵێ باش) سەری جولاند.

لەدوای کاژێرێ صەنەم دەنگی گفتوگۆو پێکەنینەکانی پەردیس و میوانەکانی لە چێشتخانە دەبیست، صەنەم خواردنی هەمەچەشنەی لێنابوو، میوانەکان لە ژوورەکەی تردا بوون، سفرەی بە جوانی ڕازاندەوە.

- پەردیس ئەم سفرەیە کێ ڕازاندویەتییەوە؟
- خۆم!
- ئەی کەڵەکچی! خۆ تۆ لەجێی خۆت نەجولای.

پەردیس قاقا پێکەنی و وتی:

- من پەیوەندیم لەگەڵ جنۆکەکاندا هەیە، ئەوان ئەم کارەیان بۆ کردم.

قاقای پێکەنینی هەموان بەرز دەبۆوە، صەنەم بە بێحاڵی خۆیەوە پاڵی دابووەوە بە دیوارەکەوە، لە چێشتخانەکەدا دەنگی قسەو پێکەنینیانی دەبیست، برسی بوو، بەڵام مۆڵەتی نانخواردنی نەبوو تا دوای میوانەکان.

صەنەم گوێی لەوە بوو کە وتی:

- پەرديس! ئەمە كارى زڕكچەكەی بەمزانە، ئەومان پێنیشان نادەیت؟

پەرديس بێدەنگ بوو، پاشان وەك بڵێی مەيلی بەم كارە نەبێ صەنەمی بانگ كرد.

- صەنەم!

- بەڵێ.

- وەرە ئیشم پێتە.

صەنەم ماندوو كەڵەفت، هاتە ئەم دەرگای ژوورەكە، هەموو میوانەكان چاويان تێبڕی.

- سەلاموعلەيك... كارێكت بەمن بوو؟

- ئەم خانمانە ويستيان بتناسن.

پەرديس نەيدەويست میوانەكانی صەنەم ببينن، بەڵام ناچاربوو، خۆشی غیرەی دەكردو پێی ناخۆش بوو.

- كچێكی جوان و سەرنج ڕاكێشە!

يەكێك لە ئافرەتەكان ئەم قسەيەی كردو بەردەوام بوو:

- پەرديس تەمەنی چەندە؟

- بە تەواوی نازانم... لام وابێ شانزە ساڵ زياتر نەبێ.

- لەكەيەوە دايكی مردووە؟

- نزيكەی ساڵ و شتێكە.

- صەنەم برۆ، خانمەكان دەيانەوێ نانەكەيان بخۆن.

- بۆ كوێ كچم؟ بۆچی نايەيت لەگەڵ ئێمە نان بخۆيت؟

صەنەم چاوە پڕ لە دەردو ڕەنجەكانی تێبڕیو پەرديس بە دەستپاچییەوە وتی:

- ئەو فێری تەنهایی بووە... کچێکی گۆشەگیرەو هیچ کاتێک لەگەڵ ئێمە نان ناخوات، ئاوا ئاسودەترە.
- ئاوا خوی یەکترییان گرتووە!
- هەموویان پێکەنین و صەنەم لەجێی خۆی جام بوو.
- ئەی کەی شیرینییەکەی دەخۆینەوە پەردیس؟
- هەر بەم زوانە!

دووبارە دەنگی پێکەنین بەرزبووەوە، صەنەم هەستی بە بێحاڵی کرد، چیدی ئامادە نەبوو گوێ بیستی قسەکانیان بێت، هەر ئەوەندەی چووە ناو چێشتخانەکەوە سەری گێژی خواردو کەوت، سەری سوورمابوو لەو قسانە، براکەی پەردیس نزیکەی چل پەنجا ساڵ بوو، یەکێک بوو لە هەڵسوڕێنەرانی باندی قاچاخ، زۆربەی شەوان تا نیوەشەو قوماری لەگەڵ بەهزاد دەکرد، کحول و هیرۆینیان دەکێشا، هێشتا هەر هەڵنەسابووەوە.

دەمەو خۆرنشین بوو ماڵی بەهاران دەهات، میوانەکانی پەردیس ڕۆشتن کاتێ ئەو بۆ سەردان هاتە چێشتخانەوە، صەنەمی بینی بێڕۆح و ساردوسڕ کەوتبوو، بە توڕەیی و هاوارەوە وتی:

- هەستە هەی مردوو بەشی زیندووخۆر! توخوا وەرە براکەم شانسی هەیە، دەیەوێت چ گەوهەرێك ببێتە ژنی!

بە بیستنی ئەم قسەیە صەنەم پەی بە ڕاستی مەسەلەکان برد.

* * * * *

هەموو شتەکان کابووسێکی سامناك بوو، تۆقێنەرو ترسێنەر.

- نا!... ئێوە ناتوانن من ناچار بکەن بەم هاوسەرگیرییە... من ئەگەر بشمرم ڕازی نابم... ئایی!

بەهزاد لێی ئەدا، ئەویش لەتاو ئێش و ئازار لە خۆی دەئالاو گینگڵی ئەدا.

- تۆ سبەی شەو مارەت دەکەن لەو، ئەو چارەی دەردت دەکات، خۆ من ئەمتوانی بتکەم بە مرۆڤ!

- ئەو ئارەزووەتان دەبەنە ناو گۆڕ... من بە شتی وا ڕازی نابم.

-بەهزاد پڕی کرد بە قژیاو صەنەمی ڕادەکێشا بە دەوری خۆیدا، لەم کاتەدا پەردیس لە حەمام هاتەدەرو بە بێ تاقەتییەوە وتی:

- ئاه!... تاقەتێکی سەیرت هەیە بەهزاد، ئەتەوێ ڕەزامەندی ئەو وەربگری؟ ئەو هیچی بە دەست نییە! ناچارە ڕازی بێت، بۆچی خراپە، ئەبێتە ژنی یەکێك لە دەوڵەمەندەکان.

بەهزاد صەنەمی بەرداو لە ماندویەتیدا هەناسەبڕکەی بوو، بە خۆشحاڵییەوە وتی:

- باوەڕناکەم، ئەمە گەورەترین قازانجە لە ژیانمدا دەستم بکەوێ... ژیانمان دەبێتە خەیاڵی.

- پاشان پەردیس و بەهزاد قاقا پێکەنین.

* * * * *

دەنگی هاتوچۆ لە ژوورەکەوە دەهاتە بەر گوێ، صەنەم لە گۆشەیەکدا دانیشتبوو لە بیری نامەکەی دایکی بوو، ئایا ئێستا کاتی جێبەجێ کردنی وەسیەتنامەکەی دایکی هاتووە؟

خەیاڵە سەرگەردانەکانی فیکری تەنیبووەوە، بە کردنەوەی دەرگای ژوورەکە لێك ترازان، پەردیس بوو، عەلاگەیەکی فڕەدا بەرەو ڕووی سەنەمو بە پێکەنینێکی بێتامەوە وتی:

- بگرە! ئەمەش جلوبەرگی زۆر جوان! حەیفم دێ دەبەنگێکی وەکو تۆ لەبەری بکات، بەڵام چیبکەم مێردەکەت بۆ ئەمشەو بۆی کڕیویت، دەستو دەموچاوت بشۆرەو لەبەریان بکە.

سەنەم بە دوای هەڵێکدا دەگەڕا تا نامەکەی دایکی بکاتەوە، ئەو نامەیەی بە درێژایی ساڵێكو دوو مانگ پاراستبووی.

((کچەکەم! سەنەم گیان!))

ئێستا کە ئەم نامەیە دەکەیتەوە بڕوام وایە لە دژوارترین بارودۆخی ژیاندایتو چارەی ترت نییە جگە لەمە، ئەزانم کاتت کەمەو بوارت نییە، لەبەر ئەوە بە کورتی پێت دەڵێم...

کە گەیشتە ئێرە سەنەم گریا، ئەتوت دایکی ئاگای لە باردودۆخیەتیو دەزانێ چی ڕەنجێ دەکێشێ.

... کچی جوانکیلەم!

منو باوکت پورێکی میهرەبانمان هەبوو کە زۆر هۆگری ئێمە بوو خۆشی دەویستین، مێردەکەشی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو کە عاشقانە خۆشی دەویست، ژیانێکی خۆشو خەیاڵییان هەبوو، لەگەڵ کچە حەڤدە ساڵەو کوڕە چواردە ساڵەکەیاندا یەکێك بوون لە بەختەوەرترین خێزانەکانی دونیا، لە دوای ئەوەی منو سەعید بووینە هاوسەری یەکتر، حەزمان دەکرد وەکو ئەوان وابین، هێندەی ئەوان بەختەوەرو ڕازی، تا ئەوەی لە ڕوداوێکی دڵتەزێندا، ((میهریی)) کچی پورمان بۆ هەمیشەیی لە دنیا دەرچوو، پورم خۆی بە هۆکاری مەرگی کچەکەی

Scanned by CamScanner

دەزانی، لەژێر لێزمەی خەم و مەراقدا تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، ماوەیەك لە نەخۆشخانە مایەوە، بەڵام دواجار مێردی پورم ڕازی نەبوو بمێنێتەوە لە نەخۆشخانەو بردی بۆ باکوور بۆ جێگایەکی گەشتوگوزاری، لەو وەختە بە دواوە پورم پەیوەندی بچڕاندووە لەگەڵ هەموو کەسێکداو مێردەکەی جار جار ئاگاداری ئەکردینەوە لە بارودۆخی خۆی و خاوو خێزانی.

ئەزانم پورم تۆ لە خۆی دەگری، چونکە تۆ زۆر زۆر لە ((میهریی)) ئەچیت، پێیان بڵێ من بەرهەمی ژیانی کورتی ژن و مێردیی سەعیدو پەروانەم، هەر ئەو کچە چکۆلانەم کە ئێوە لە باوەشتان دەکردم و ماچتان دەکردم.

صەنەم گیان! کچی بێنازم!

ئەزانم چەرمەسەری زۆرت بینیوە لە ژیانتدا، بەڵام بە ڕۆشتنت بۆ ماڵی پورمان بەختەوەر دەبیت، ئەو وێنەیەی کە لەناو زەرفەکەدا بۆم داناویت بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ڕاست و دروستی قسەکانت، بە پوری بڵێ دایکم وتویە ئەم وێنەیە لە ساڵڕۆژی هاوسەرگیریی من و سەعید لەگەڵ پورمدا گرتوومانە.

صەنەمی جوانی من! هەمیشە هێدی بەو هەڵسوکەوت و ڕەوشتت با بەو جۆرە بێت کە پاراستوتە.

دایکت: پەروانە

صەنەم بە چاوی گریاناوییەوە ناونیشانەکەی لە کۆتایی نامەکەدا خوێندەوە، نامەکەی قەد کردو خستییەوە گیرفانی.

- ئەوە چی دەکەیت صەنەم؟ خێراکە ئیتر.

صەنەم گوێی لە دەنگی پەردیس بوو، هیچ چارەیەکی نەبوو، دەبووایە

فەرمانەكەی جێبەجێ بكردایە تا هەلێكی بۆ دەرەخسێ، بەڵام دەترسا كاتێ لە دەست بچێ‌و تا بە خۆی بزانێ بووبێتە هاوسەری خەسرەو، لەبەر ئەوە دەست‌و دەم‌و چاوی شت، پەردیس بەردەوام چاودێریی دەكرد، بە صەنەمی وت جلوبەرگی بووكێنی لەبەر بكات.

- پەردیس! دەستت خۆشبێت، ئەتەوێ بووكەكەمان نەبەیتە ئارایشتگاو جلی بووكێنی پێ لەبەر بكەیت؟

صەنەم بە بیستنی دەنگی نارەزایی خەسرەو وشك بوو، بە بینینی ئەو لەدەم دەرگای ژوورەكەدا لەرز دایگرت.

خەسرەو كابرایەكی قەڵەوو چوارشانەو گەنم رەنگ بوو، سمێڵ پڕو خەندە لەسەر لێو، بە تاسەوە تەماشای صەنەمی دەكرد، دەستێكی هێنا بەسەرە رووتاوەكەیداو بە هێواشی بە پەردیسی وت:

- پێویستە صەنەم بچێت بۆ ئارایشتگا، زۆر جوانتر دەبێت لەمەی ئێستای، ئەبێ ئەمشەو زۆر پۆز لێبدەم!

پاشان بێشەرمانە پێكەنینێكی مەستانەی لێدا.

پەردیس ناوچاوی درژ كردبوو، بە نارەزاییەوە وتی:

- تا نیو كاژێریتر میوانەكانم دێن، ئەگەر ئەتەوێت خۆت ئەو بەرە بۆ ئارایشگا.

پاشان لەو ژورە چووە دەرەوە.

خەسرەو چەند هەنگاوێك هاتە پێشەوەو بە سۆزێكی عاشقانە وتی:

- ئەزیزم! مـن شانازیت پێوە دەكەم، خێرا خۆت ئامادە بكە، دەتبەم بۆ ئارایشگا!

پاشان لە ژوورەكە چووە دەرەوە، صەنەم دەلەرزی‌و هیچ چارەیەكی نەبوو، كتوپڕ بریسكەیەك دای لە خەیاڵی‌و پاش چەند خولەكێك دوای

خەسرەو کەوت و لە ماڵ چووەدەر.

- ئەزیزم! ئەمە سێیەمین ئارایشتگایە هاتووین و تۆ ئەمیشت پەسەند نەکرد؟

سەنەم هەوڵی ئەدا غافڵی بکات، بە دەنگێکی نەرم و نیان و بە شێوەیەك ئاگری بەردایە دڵ و دەرونی خەسرەو، وتی:

- خەسرەو گیان! چەند شەقامێك سەروتر ئارایشتگایەکی زۆر چاکی لێیە، حەز دەکەم بچین بۆ ئەوێ.

خەسرەو لە چاوەکانییەوە ڕق و تووڕەیی ئەباری، بە حیرسەوە تەماشایەکی سەنەمی کردو پێکەنی و وتی:

- باشە خانمی بچکۆلانەی جوانم! ئەتبەم بۆ ئەوێ!

کاتێ چەند هەنگاوێك لە ئارایشتگاکە نزیك بوونەوە، سەنەم ڕاوەستا.

- چی بوو؟ بۆچی ڕەستاوی؟!

سەنەم بە دەنگێکی لێوان لێو لە داخ وتی:

- وای!... چەندە خەیاڵم بڵاوە... لە خۆشیدا هەر بیرم نەبوو جلەکانم بێنم.

خەسرەو سەرێکی ڕاوەشاندو وتی:

- منیش لە تاوا هەستم بەوە نەکرد تۆ جل و بەرگەکەت نەهێناوە!

سەنەم خۆی خەفەتبار کرد، خەسرەو وتی:

- ئەزیزم قەیدی نییە! تۆ بچۆ بۆ ئارایشتگا، منیش تاراو عەزیە بووکێنییەکەت بۆ دێنم.

سەنەم لەبەر ئەوەی زیاتر متمانەی خەسرەو بە دەست بهێنێت بە ئارەزاییەوە وتی:

Scanned by CamScanner

- ئا من ڕازی نابم تۆ زەحمەت بكێشیت و ئەو هەموو ڕێگەیە بگەڕێیتەوە، كە گەڕاینەوە بۆ ماڵ جلەكانم لەبەر دەكەم.
- ئەوە كەی قسەیە... لە جیاتی ئەوەی لێرەدا چاوەڕوانت بم... ئەچم جلەكانت بۆ دێنم.

صەنەم بزەیەكی كرد، هێندە جوان دەركەوت خەسرەو دڵی بە حاڵی صەنەم سووتا لەوەی كە ناچار كرابوو ببێتە هاوسەری ئەو. بەڵام زۆر خۆشحاڵ بوو لەوەی تا یەك دوو كاژێریتر صەنەم لەو مارە دەكرێت.

خەسرەو چەند هەنگاوێكی نا، صەنەم بانگی كرد:

- خەسرەو گیان! زوو بێیتەوە ها!

خەسرەو بەرەو ڕووی پێكەنی، بە ڕێكەوت و بەدەم ڕێگاوە گۆرانی دەوت.

صەنەم لە تاوا سەراپای دەلەرزی، ترسێكی سەیر سەراپای تەنیبووەوە.

كاتێ لەوبەری شەقامەكەوە خەسرەوی بینی سواری ئۆتۆمۆبیلەكەی بوو هەناسەیەكی ئاسودەیی هەڵكێشا، داوای لە خەسرەو كردبوو لەبەر ئەوەی ئارایشتگاكە بدۆزێتەوە، ئوتۆمبیلەكەی لە كەنار شەقامدا لە دوورەوە ڕاگرێت و بەپێ بڕۆن.

تەماشایەكی مستیلەكەی دایكی كردو دەستی لێدا، هەستی بە گەرمێنێك كرد هات بە بەر گیانیدا، دەمەو خۆرنشین بوو كەم كەم دنیا تاریك دادەهات، صەنەم دەستی كرد بە ڕاكردن بە كوچەو كۆڵانە تارەكاندا، كاتێ دەگەیشت بە ڕێبووارێك، هێواش دەبووەوە.

شەوێكی تاریك بوو، جارجارە صەنەم دەگەشت بە كۆڵانی بنبەستو دووبارە دەگەڕایەوە، شوێنەكان بە لایەوە نامۆ بوون و لە ترسدا

ملەرزیو قاچەکانی بێهێز بووبوون.

لە کۆتایی کۆڵانێکدا وەستابوو، دەنگی گفتوگۆی چەند کەسێك ترسی خستە ناو دڵیەوە، بڕسکی جوڵەی نەبوو، دەنگی قاچیان نزیك دەبووەوە، صەنەم لە ترسا سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد، دوو بەرمیلی قیری بینیو خۆی لە پشتیانەوە حەشاردا.

سێ پیاو لەبەردەم دەرگای ئاپارتمانێکدا وەستان، هەمووی چەند هەنگاوێك دوور نەبوون لە صەنەمەوە، دەترسا لەوەی ئەوان گوێیان لە هەناسەدانی ئەم بێت.

دە خولەکێك سەرقاڵی گفتوگۆ بوون، دوان لەوان خوداحافیزیان کردو ڕۆشتن، ئەمیتریشیان بە کلیل دەرگای ئاپارتمانەکەی کردەوەو چووە ژوورەوە.

- صەنەم هەناسەیەکی داو پاڵیدا بە دیوارەکەوە، لە تاو ماندویەتیو برسیەتیو لە ترسا لە هۆش خۆی چوو.

* * * * *

بە هەراو زەنای دوو پشیلە لە خەو ڕاپەڕی، زۆر ترسا، کەم کەم دنیا ڕووناك دەبووەوە، هەستی دەکرد لاشەی پارچە پارچە، بووە. بە چاوانی هەڵناوساو کە بە زۆرەملێ ئەیکردنەوە بە ڕێکەوت.

هەروا بەردەوام بوو لە ڕۆشتن، کتوپڕ هاتەوە بە خۆیدا، دووبارە دەستی کردەوە بە تەپین، نیوەڕۆ بوو خۆی بینیوە لە شەقامێکی چۆڵو بێدەنگدا کە تەنانەت چۆلەکەیەکیشی لێنەبوو، لەملاو لایەوە هیچ خانوو شوێنێکی نیشتەجێبوونی لێ نەبوو، تەنها زەوی کشتوکاڵی لەمبەرو ئەوبەری شەقامەکەوە هەبوون، خوازیار بوو ڕێبوارێك ببینێ

تا پرسیاری بكردایە ئێرە كوێیە.
هەر لەم كاتەدا دەنگی ئۆتۆمۆبیلێك هات، صەنەم ئاوڕی دایەوە، بەڵام لەچاو تروكانێكدا گەڵابەیەك لە بەردەمیەوە تێپەڕی.
نیو كاژێر بەبێ مەبەست هەنگاوی دەنا، بە بێ ئەوەی بزانێت بۆ كوێ دەچێت، ئەو ئێستا بیری لە هیچ شتێك نەدەكردەوەو بە تەنها گرنگ ئەوە بوو خۆی لە دەستی خەسرەوو بەهزاد دوربخاتەوە.
ژنێكی پیری بینی چارشێوێكی لە خۆی ئاڵاندبوو بووخچەیەكی لەدەستا بوو، هەستی بە خۆشیو شادییەك كرد ئەوەندەی نەخایاند پیاوێكی بە تەمەن بێڵێكی بە سەرشانییەوە بوو لەناو خەڵەكەوە هات بۆلای پیرەژنەكە.

صەنەم هەستی بە لاوازی كرد، سەری گێژی دەخواردو خۆی گەیاندە لایانو وتی:

– خانم!... ئاغا!

ئاوڕیان لێدایەوە، كچێكی شپرزو پەشۆكاویان بینی.

– من... نازانم... ئەم ڕێگەیە بۆ كوێ دەچێ؟... ئێرە كوێیە؟

بەر لەوەی وەڵامی بدەنەوە صەنەم بێهۆش بوو كەوتە سەر زەوی.

* * * * *

– چاوی كردەوە خۆی لەژێر سێبەری درەختێكی كۆندا بینییەوە.

– كچم! شوكر بۆ خوا هۆشت كردەوە؟

بە فۆنەتیكی تایبەت قسەیان دەكرد.

– داوای لێبووردن دەكەم، نەمویست ئێوە توشی زەحمەت بكەم.

– خەمت نەبێ ڕۆڵە... پیاوەكەم چووە ئاوت بۆ بێنێ.

Scanned by CamScanner

پیاوەکە ئاوەکەی هێناو چۆڕێکی کرد بە دەمی صەنەمەوە.

- بەنیازی بۆ کوێ بچی؟

پیاوە پیرەکە ئەم قسەیەی کردو لە لای خێزانەکەیدا دانیشت.

صەنەم ناونیشانەکەی دایە دەستی، پیاوە بە شەرمەزارییەوە وتی:

- من ناتوانم بیخوێنمەوە، خۆت بیڵێ... ڕەنگە بتوانین یارمەتیت بدەین.

صەنەم ناونیشانەکەی خوێندەوە، پیاوەکە وتی:

- ئەوێ سێ چوار سەعات ڕێگایە، بە تەنهاش دەچیت؟

- بەڵێ، تەنیام.

صەنەم جاڕس بوو بوو بە دەست پرسیارە یەك لەدوای یەکەکانیان بۆیە بڕیاریدا ڕاستیان پێ بڵێ.

- باوەپیارەم قوماری لەسەر من کردو دۆڕاندی‌و دوێنێ شەو ویستی بمکات بە هاوسەری پیاوێك هەر لە بینینی دەترسام!

- تۆش هەڵهاتی؟ ئەی دایکت لە کوێیە.

- ساڵێك‌و چەند مانگێکە مردووە.

دەستە با بڕۆین کچێ یەك دوو سەعاتێ پشوو بدە لە ماڵی ئێمە، ئێمە منداڵمان نییە، پاشنیوەڕۆش دەتبەم سواری پاست دەکەم، ئێستا پاس نییە تا بڕۆیت، پاشانیش وا دیارە زۆر ماندوویت‌و برسیتە، ئاوا ناتوانیت بڕۆیت.

پیرەژنەکە دووپاتی قسەی پیاوەکەی کردەوە، پاش ماوەیەك لە ڕێ بڕین گەیشتنە ماڵەوە.

صەنەم چووە ناو خانووە گڵەکەی ژن‌و پیاوە بە تەمەنەکەوە، پیرەژنەکە خێرا سفرەی داخست‌و دەستیان کرد بە نانخواردن.

لەدواى ئەوە پیرە پیاوەکە چووە ناو کێڵگەی صەنەم و پیرەژنەکە لە ماڵ مانەوە، وا بڕیار بوو تەنها کازێرێك بحەوێتەوەو پشوو بدات، بەلام صەنەم هەر ئەوەندەی ڕاکشا خەوی لێکەوت و پاش کەمێك دەیناڵاند.

- بۆچی خەبەری ناکەیتەوە ژنەکە؟!
- نا! دڵم نایەت... ناتوانێت هەڵبسێت، تایەکی توندی هەیەو بەردەوام دەناڵێنێ.
- بەڵام ئێستە مەغریبە، ڕەنگە نەیەوێت لە ماڵی ئێمەدا ئەمشەو بمێنێتەوە.

پیرەژنەکە دەستە چرچ و قڵیشاوەکانی خستە سەر تەوێڵی صەنەم و پاشان بە پەژارەوە وتی:

- ئەی کچی داماو، تاکەی زۆر بەرزە، با ئەمشەو پشوو بدات.
- خوا بکات ئەم کچە ڕاستی لەگەڵ کردبین و تووشی دەردی سەریمان نەکات.
- بەسە پیاوەکە! من سوێند دەخۆم ڕاست دەکات، نابینی ئەو لەخوا بێخەبەرانە چییان بەسەر هێناوە.

* * * * *

- کچەکە گیان ئاگات لە خۆت بێت!

صەنەم جامی پاسەکەی لاداو تەماشای ژن و پیاوە پیرەکەی دەکرد کە چەندە لەگەڵیدا بەسۆز بوون، پاسەکە بەڕێ کەوت و ئەمیش سەری لە پەنجەرەی پاسەکەوە دەرهێناو تا لەبەر چاو ون بوون دەستیان بۆ یەکتری ڕاوەشاند.

صەنەم پاڵیداوە بە کورشنەکەوەو چاوەکانی داخست.

Scanned by CamScanner

كاتێ پاسەكە ڕاوەستا نەفەرەكان یەكە یەكە دابەزین، صەنەم دواكەس بوو دابەزی، نەیدەزانی بۆ كام ئاڕاستە بچێت، هەروا وەستابوو كە شۆفێرەكە هات بۆ لای و وتی:

- ئەتوانم یارمەتیت بدەم؟

صەنەم لە هەموو پیاوەكان سڵی دەكردەوەو ئەو پیاوەی لەبەر دەمیدا وەستابوو وەكو بەهزاد قسەی دەكردو صەنەمی خستەوە بیری ئەوان.

- چی بووە كچێ، وتم دەتوانم یارمەتیت بدەم.

- بەڵێ زۆر سوپاست دەكەم ئەگەر یارمەتیم بدەیت ئەم ناونیشانە بدۆزمەوە.

پیاوەكە سوپلو ئاماژەی كرد:

- ئالێرەوە بڕۆو پرسیار بكە ئەیدۆزیتەوە.

صەنەم سوپاسی كردو كەوتەڕێ.

ئایا خاڵو خێزانی پورێ ئەو قەبوڵ دەكەن، هەڵسوكەوتیان چۆن دەبێت، ئەی بەهوای پێدەكەن؟

- دەگەیشتە هەر ڕێبوارێك پرسیاری دەكرد، تا گەیشتە باغێكی گەورە، ئێرە ماڵی پورێ گیان بوو، صەنەم كەمێك ڕاوەستا، نەیدەتوانی لە دەرگا بدات، بەڵام چارەی نەبوو لە جەرەسی دا.

* * * * *

# ١١

بەو تەقەی دای لە دەرگا سەری هەڵبڕی، لەسەر کورسی و مێزەکەی دانیشتبوو، پەنجەکانی کرد بەناو یەکدا.

- وەرە ژوورەوە!

خزمەتکارەکەی بینی هاتە ژوورەوە، سەرسام و پەشۆکاو بوو.

- ئاغا!... کچێك...

- خانمێك هاتووە، دەڵێ دەمەوێت پوریێ ببینم.

چاوەکانی ئاغای شکوهی لە سەرسامیدا کرانەوە، (ئیقبالێ) یش لە کتێبخانەدا خەریکی خوێندنەوە بوو، سەری هەڵبڕی و بە سەرسامییەوە لە خزمەتکارەکەی دەڕوانی.

- نەیوت کێیەو چی دەوێت؟

- نەخێر ئاغا... ماندوو دیارەو لە ڕێبووار دەچێت.

- باشە تۆ بڕۆ.

خزمەتکارەکە ڕۆیشت و دەرگاکەی داخست، کوڕو باوك کەمێك لە یەکتری ڕامان.

- باوکە!...

- نازانم کوڕم ئیقبالێ... نازانم... تۆ بچۆ بزانە کێیە؟

- من؟

ئاغای شکوهی پێکەنی و وتی:

Scanned by CamScanner

- خۆ ئەم وتووە بڕۆ پیاو بکوژە ئاوا سەیرم ئەکەیت.

ئیقبال بە بێ مەیلی ڕۆشت، ئاغای شکوهی تێڕاما، تۆ بڵێی کێ بێت؟ خانمێك هاتووەو ئەیەوێ پوری ببینێ، خەیاڵییە، ساڵەهای ساڵ بوو هیچ کچێك پێی نەنابووە ئەم ڤێلایەوە، کەسیش لێرە پوریی نەئەناسی، چونکە پەیوەندیی لەگەڵ کەسدا نەبووە.

ئاغای شکوهی هەوڵیدا زاڵبێت بەسەر خۆیدا، لێزمەی باران دەستی پێکرد، ئیقبال ویستی لە هەیوانەکەیان بچێتە دەرەوە، هەستی بە ڕوانینە ماناداڕەکانی خزمەتکارو پەرستیارەکەی دایکی کرد، خزمەتکارەکە هاتە پێش و وتی:

- ئاغای ئیقبال! خێراکە، ئەو کچە داماوە بوو بە مشکی ئاوەڕوتکراوە، بووراوەتەوە.

* * * * *

- کەوتووەتە سەر زەوی و تەنها کاغەزێکی قەد کراو لەناو دەستیدایە، چی لێبکەم باوکە؟

ئاغای شکوهی لەگەڵ ئیقبال چووە دەرەوە، صەنەمی بینی لەبەر دەرگادا کەوتبوو.

- وا باشتربوو بە خزمەتکارەکەت بوتایە...

قسەکەی بڕی و لە ڕوخساری صەنەم ورد بووەوە.

- باوکە دەیناسی؟

- نەخێر... بەڵام ئەو پێویستی بە یارمەتییە.

پاشان خزمەتکارەکە هات و بە فەرمانی ئاغای شکوهی بردیانە ژوورەوە، کاغەزەکەی لە دەستی صەنەم دەرهێناو دایە دەستی ئاغای شکوهی.

* * * * *

-

- بڕوا ناكەم!... نا!... شتی وا ئەستەمە! من مێشكم خەریكە ئەتەقێ باوكە! تۆ باوەڕ بەو نامە دەكەیت؟
- نازانم كوڕم... تەلەفۆن بكە پزیشك بێت چارەسەری بكات، پێویستە خۆی قسە بكات.
- بەڵێ باشە باوكە!

تەلەفۆنی كردو پاش كەمێك پزیشك هات.

- تەندروستی چۆنە دكتۆر؟
- ئاغای شكوهی! میوانەكەتان فشارێكی ڕۆحی زۆری لەسەر بووەو هێشتا نیشانەی برسێتیو ماندویەتی لە لاشەیدایە، دەرزی ئیسراحەتی بۆ دەكەم تا بەیانی لەوانەیە تاكەی دابەزێت.
- زۆر سوپاس دكتۆر، عەزیەتمان دایت.

ئاغای شكوهی دكتۆری بەڕێ كردو خۆی گەڕایەوە دیوی خزمەتكارەكان.

- ئەمشەو ئاگاتان لێی بێت، با بحەوێتەوە، ئەگەر تەندروستی خراپتر بوو ئاگادارم بكەن.
- خەمت نەبێت ئاغای شكوهی.
- ئەوەش بزانن نابێت خانم ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بێت.
- دڵنیابن.

* * * * *

خزمەتكارەكە سەراسیمە چووە ژووری نانخواردنەوە، مەهشید تەماشای دەكرد، ئیقباڵو شكوهی لە یەكتریان دەڕوانی، خزمەتكارەكە شتێكی وتو شكوهی زوو تێگەیشت.

Scanned by CamScanner

- با بچین بزانین چی بووە.

ئاغای شکوهی ئەم قسەیەی کردو وازی لە نانخواردنی ئێوارە هێنا.

- چی بووە کوبرا؟!
- ئاغا، بارودۆخی زۆر خراپە، وڕێنە دەکات.
- ئارام بە کچەکەم، چاوت بکەرەوە...

صەنەم گوێی لە دەنگەکان بوو هەستی بە قەرەباڵغی دەورووبەری دەکرد، بەڵام توانای جووڵەی نەبوو.

- نا... پەردیس با بڕۆم... من خۆشیم لە خەسرەو نایەت... نا... پێویستە بچم بۆ لای پورم... دایکە!

هەموویان بە سەرسامییەوە لە صەنەمیان دەڕوانی، ئاغای شکوهی ئاخێکی کێشاو لەژێر لێوەوە وتی: ((خوایە گیان!... ئاخر شتی وا چۆن دەبێت...)).

* * * * *

سروەیەکی ساردو فێنك لە دەریاکەوە دەهات و لە دەلاقەی پەنجەرەکانەوە دەهاتە ناو ژوورەکانەوە، قژی صەنەمی نەوازش ئەداو ئەیدا لە گۆنا گەرمەکانی، چاوەکانی کردەوە، هەستی بە لاوازی و بێحاڵی دەکرد.

- بێدار بوویتەوە خانم؟
- حاڵت باشترە؟

صەنەم ڕوخساری دوو ئافرەتی بینی، هەردووکیان لە جلوبەرگی سپی و ڕەشدا، صەنەم وەڵامی نەداوە.

یەکێکیان هاتە پێشەوە تا یارمەتی بدات و هەستێ، صەنەم داوای

ئاوی کردو خزمەتکارەکە بۆی هێنا.

خزمەتکارەکە صەنەمی لای خوشکە چێشت لێنەرەکەی بە جێ هێشت، ئەملاو لای بالاخانەکە گەڕا تا ئاغای ئیقبالی بینی لە جلوبەرگی وەرزشیدا.

– سلاو ئاغا ئیقبالْ! بەیانیت باش، باوکت نەبینیوە؟

– سلاو کوبرا خانم! وا بزانم باوکم لە باخەکەدا ماراسۆن دەکات، پاشان هەناسەیەکی داو بە نیگەرانییەوە وتی:

– شتیْ بووە؟ نەکا بارودۆخی خراپتر بووبیْ؟

خزمەتکارەکە پێکەنی و وتی:

– نا... لەخودا بە زیاد بێت تاکەی دابەزیوە... ئەڵیْ دەمەویْ پوریْ گیان ببینم.

– زۆر باشە تۆ بڕۆ من باوکم دەدۆزمەوەو پێی دەڵێم.

* * * * *

– دەمەویْ بە تەنیا بم لەگەڵی.

ئاغای شکوهی ئەمەی بە خزمەتکارەکان وت، ئیقباڵیش هەستاو چووە دەرەوە، بەلام باوکی بانگی کرد.

– ئیقبالْ! وەرە ژوورەوەو دەرگاکە دابخە.

ئاغای شکوهی بۆ ساتێك ورد بووەوە لە صەنەم، هەستی بە سەرگێژخواردن کردو سەری خستە ناو هەردوو دەستی، ئیقبالْ هەستی بە گۆڕینی ڕوخساری باوکی کردو دەیزانی پێشتر لە شوێنێك صەنەمی بینیوە.

– من هاتووم پورم ببینم، ئەو لە کویْ یە؟! ئەی ئێوە کێن؟!

ئارامبە کچم، پوریْ گیان لە بارودۆخێکی وادا نییە بتوانێت کچێکی

لاوی وەك تۆ ببینێت. من هاوسەری ئەوم و ئەمەش نیقبال تاقە ڕۆڵەی منە.

فرمێسك بە چاوەکانی صەنەمدا هاتە خوارەوە.

- کچم هەوڵبدە زاڵ ببە بەسەر خۆتداو هەموو شتێکمان پێ بڵێ، تۆ کێیت؟ لێرە چی دەکەیت؟! ڕوداوی ئەو نامەیەش چییە؟!

- من پێشتری شەو هەڵهاتم... زۆر دژوار بوو... بەڵام دواجار سەرکەوتوو بووم.

نیقبال بە نیگەرانییەوە سەیری باوکی کرد.

- باوکە... ئەو...

ئاغای شکوهی ئاماژەی بۆ کرد بێدەنگ بێت و وتی:

- پەلە مەکە کوڕم... پێویستە مۆڵەتی بدەینێ... ئەو هەموو شتێکمان پێ دەڵێت.

- دایکم وتبووی خۆڕاگربە... تا دەتوانی... منیش بە گوێم کرد... بەڵام چیدی نەدەبوو سەبرم گرتایە... ژیانم لەناو دەچوو... تێدەگەن؟

صەنەم دەستی کرد بە گریان.

- کچم هەوڵبدە هەموو شتێکمان لە سەرەتاوە بۆ باس بکە... من ئاوا لێت تێناگەم.

صەنەم تەماشای پیاوەکەی کردو وتی:

- تۆ پەروانە دەناسیت؟... ئەی سەعید؟ سەعیدو پەروانەی ئیمانی!

دەستەکانی ئاغای شکوهی کەوتنە لەرزین، وتی:

- دەیانناسم!... زۆر چاك... ئەوان برازای هاوسەرەکەمن، پاشان

ڕووی کردە ئیقبالٚو وتی:

- دایکت زۆر ئەو دوو برازایەی خۆش دەویست... ئەوان ساڵێك بەر لەمەرگی ((میهراوە)) بوونە هاوسەری یەکتر.
- من بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەم.، صەنەمم!
- خوای گەورە چەندە لە میهراوە دەچیت...
- چیت وت باوکە؟
- هیچ، لەگەڵ خۆمم بوو.

ئیقبالٚ هەستاو وتی:

- باوکە ڕەنگە لەگەڵ تۆ ئاسودەتر قسە بکات، من دەچمە دەرەوە، ونبوونی هەردوکمان دایکم نیگەران دەکات.

ئیقبالٚ ڕۆشتە دەرەوەو ئاغای شکوهی بە صەنەمی وت:

- کچم! ئێستا هەوڵبدە بە هێمنی هەموو شتێکم بۆ باس بکەیت.
- صەنەم چاوەکانی داخستو داخی دڵی خواردەوە، هەوڵی دا جڵەو لە هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانی بگرێت.

* * * * *

- باوکە ئەو هێندەی پێویست لە ژیاندا تووشی چەرمەسەری بووە، مانای نییە زیاتر لەمە توشی ئازاری بکەین، بەو هەلومەرجەی تۆ داتناوە تەنانەت ناشتوانێت لە ژوورەکەی بێتە دەرەوە، جا هەندێ بێتە ناو باخ و پیاسە بکات.

- ئیقبالٚ! کوڕم ئەوەنە عاتفی مەبە، منیش پێم ناخۆشە، بەڵام چارە چییە؟ ئەگەر صەنەم ڕووبەڕووی دایکت بێتەوەو بیناسێتەوە، بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان بەسەرهاتە دەردەناکەکانی گێڕایەوە،

Scanned by CamScanner

ئەوكات دایكت نەبێ ئاگادار بێت لە كەوتنەخوارەوەی فڕۆكەو... لە مردنی براو براژن و براكەی... لە مردنی سەعید... لە نەخۆشییە ترسناكەكەی پەروانەو مردنەكەی و... ئاخ... كوڕم! ئاگاداربوون لەم شتانە بۆ دایكت زۆر دژوارە، كەوابوو پێویستمان بە زەمەن هەیە.

- بەڵام ئێستا هەفتەیەكە صەنەم لێرەیە، ئاخر تاكەی دەبێ ئاوا پەنهانی بكەین؟

لەم كاتەدا پەرستارەكەی مەهشید هاتە خوارەوە، ئیقباڵ بە پەرستارەكەی وت:- دایكم چی دەكات؟

- دەرمانەكانی خواردووەو پشوو دەدات.

- ئاغای شكوهی چەند هەنگاوێكی بەرەو ڕووی ڕێڕەوەكە نا.

- بۆ كوێ باوكە؟

- دەمەوێت بە پیاسە صەنەم ببەم بۆ كەناری دەریا، پێویستی بە ئارامی و خۆشگوزەرانی هەیە.

- ئەو كاتێ ئارامی چنگ دەكەوێت كە یەكلایی بێتەوە لەمماڵەدا.

ئاغای شكوهی پێكەنی بە قسەكەی ئیقباڵ، ئیقباڵ تا بناگوێی سوور هەڵگەڕا، شكوهی ڕۆشت و ئەویش بە فیكرە سەر گەردانەكانییەوە مایەوە.

* * * * *

شەپۆلە یەك لەدوای یەكەكان كەف و كوڵی دەریایان لەگەڵ خۆیان دەهێنایە كەنار، لەو لاشەوە باڵندەی دەریایی دەهاتن و دەچوون، صەنەم لەسەر تاشە بەردێك دانیشت و چاوی بڕیە ڕۆژئاوای دەریا.

- بۆچی پورم خۆی بە تاوانبار دەزانێت لە مردنی كچەكەیدا؟

ئاغای شكوهی لە نزیك صەنەم دانیشت.

- حەز دەكەیت بزانیت؟
- ئەگەر گرفتی تیادا نییە بەڵێ.

ئاغای شكوهی چیلكەیەكی باریكی لەدەستدا بوو، خەت و خەتوتی تێكەڵی دەكێشا لەسەر لمی كەنار دەریاكە، وتی:

- ئەو هەمیشە شادو دڵخۆش بوو، تا هەژدە ساڵ لەمەوبەر ئەو ڕووداوە ناسۆرە ڕوویدا.

مەهشید وتی: بچین بۆ شاخ و كێو... ئێمەش چووین... تا دەمەو عەسر خۆش تێپەڕی، میهراوە لە دوای ئەوەی زۆر ئەملاولا گەڕابوو ماندوو فەلاكەت لەسەر زەوی ڕاكشا، مەهشید داوای لێكرد بە پێشبڕكێ بچن بۆ سەر لوتكەی شاخەكە، میهراوە ڕێگری كردو ماندوێتییەكەی كرد بە بیانوو، بەڵام مەهشید وادەری كرد پێكەوە بچن بۆ سەر شاخ، هەردوو ڕۆشتن و من و ئیقبال تەماشامان دەكردن، ئەو كاتە ئیقبال شەش ساڵ بوو، گەشتنە سەر لوتكەی چیاكەو من و ئیقبال بە هەزار حاڵ دەمانتوانی بیانبینین، لە كاتی هاتنە خوارەوەیاندا لەسەر چیاكە... بەردێك لەژێر پێی میهراوە ترازاو میهراوە بەسەرا كەوتە خوارەوەو بەتەپاوتل تا تەختاییەكە...

دەنگی ئاغای شكوهی دەلەرزی، سەیری صەنەمی كرد، چاوەكانی پڕبوون لە فرمێسك.

- صەنەم! تۆ زۆر زۆر لە میهراوە دەچیت.

صەنەم بێدەنگ بوو سەری داخست.

- لەو ڕۆژەوە تۆ هاتوویتە ئێرە وا دەزانم میهراوە لە سەفەر بووەو گەڕاوەتەوە، تۆ ماڵی ئێمەت هێنایە جۆش و خرۆش، دوعا بكە مەهشید بتوانێت قایل بێت.

Scanned by CamScanner

ئەو کاتێك چووە سەر لاشە پرزۆڵو خوێناوییەکەی میهراوە، هاوارێکی کرد ئەو کێوەی لەرزاند... لەو وەختە بە دواوە بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە ئەو تەنهاو گۆشەگیر بووە، بەرگەی بینینی هیچ کچێکی لاو ناگرێت... ماڵەکەشمان لەو ساتەوە هەر ئاوا ساردو سڕو بێڕۆح بووە... بەڵام بە بوونی تۆ لێرە دۆخەکە جیاوازە.

ئاغای شکوهی بە فرمێسکەکانی صەنەمی زانی کە دادەبارین، پاشان بە ئەجواوە وتی:

- نارەحەت مەبە کچم! حەز ناکەم دووبارە چاوەکانت بە فرمێسکەوە ببینم... ئەبێ بەڵێن بدەی کەم کەم یادگارییەکانی ڕابردوو لە سنگت وەدەرنێی... ئەزانم سەختە، بەڵام بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە ژیان پێویستە بە گوڕو ئومێدەوار بیت... ئەگەرنا ئەوا هەموو شتێك ئەدۆڕێنیت، لاوێتیت، بزەکانت، ئەتوانی ئەو وا لێبکەیت بە ڕاستییەکان قایل بێت!

ئاغای شکوهی هەستاو دەستی صەنەمی گرتو بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ.

- من ئەترسم!

صەنەم ڕاوەستاو ئەم وشانەی بە سۆزێکی غەمگینەوە دەربڕی.

- لە چی کچەکەم؟!

- من ژیانی ئێوەم شێواند...بوومە هۆی نیگەرانیتان.. ئەگەر پورم دووبارە بە یادگارییەکانی ڕابردوودا بچێتەوە... زۆر ئەترسم.

- نا کچم!... خەمت نەبێ... من هەوڵ ئەدەم بارودۆخێکی لەبار بڕەخسێ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مەهشید، بەچاکی بڕوات بەڕێوە!

* * * * *

بە هێواشی لە دەرگایاندا، صەنەم ئەسرینەكانی سڕی؟

- فەرموو!

دەرگا كرایەوەو ئیقبالْ دەركەوت، بالآبەرزو كەشخە، پانتۆڵێكی ڕەش‌و كراسێكی سووری لەبەردابوو، پێكەنی‌و هاتە ژوورەوە.

- ویستم بۆ سەرقالْ كردنت چەند كتێبێك بێنم، بەلآم هەڵبژاردنی بەلامەوە ئەستەم بوو.

- من بوومە ئەرك بۆ ئێوە، لەم ڕووەوە زۆر بەداخم.

- لام وابوو ئیتر هەست بە غەریبی ناكەیت... باوكم بە دوای هەلێكی لەباردا دەگەڕێت تا مەسەلەكە لای دایكم...

صەنەم قسەكەی پێبڕی‌و وتی:

- من مافی ئەوەم نەبوو ژیانی ئێوە تێك بدەم... هەموو شتێك لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆی دەگوزەرا، ئێستا من...

- دایكم لەگەڵ پەرستیارەكەیدا لەناو باخەكەدا دەگەڕێت، هەر جارێكیش دەچێتە ئەویَ بۆ جموجولْ یەك دوو كاژێر دەخایەنێت، ئێستا هەستە با هەموو بەشەكانی ئاپارتمانەكەت نیشان بدەم!

- نا من!

ئیقبالْ قسەكەی پێبڕی‌و وتی:

- من دەڕۆم، لە دەرەوەی ئاپارتمان چاوەڕوانتم.

صەنەم هەستاو چوو بەرەو ڕووی ئاپارتمان، خانوویەك لە ناوەڕاستی باخێكدا دەردەكەوت.

ئیقبالْ گوێی لە دەنگی صەنەم بوو دەهات، ئاوڕی دایەوە ئەوی بینی گوڵێكی بە دەستەوەیەو بۆنی دەكات، ئیقبالْ چوو بەرەو ڕووی صەنەم، ویستی گوڵێك لێبكاتەوە، صەنەم دەسەپاچە وتی:

- نا لێی مەكەرەوە ئاغا ئیقبالْ... ئەم گوڵە لێرەدا جوانە... ئەگەر لێی بكەیتەوە زۆر زوو وشك دەبێت.

Scanned by CamScanner

ئیقبال لە دەنگی سەنەم راچەنی و ورد بووەوە لە چاوەکانی، سەنەم هەڵسا.

- با بڕۆین؟

- باشە... فەرموو...

ئیقبال یەکە یەکەی ژوورەکانی نیشان دەدا، لە لای قادرمەکاندا سەنەم تابلۆیەکی بینی لە لای تابلۆکەدا بە خەتاتی هۆنراوەیەکی حافز نوسرابوو.

سیخناخ بووە سینەم لە ژان ئەی هاوار بۆ مەرهەمێ

دڵ لە تەنیایی وەگیان هاتووە خودایە هاودەمێ

حاڵی دونیام لە پیتۆڵێکی پرسی وای دەگووت

ئەی لە رۆژی سەخت و کاری چەوت و ژینی ئادەمی

راحەتی و خۆشی لە رێگەی عەشقبازیدا بەڵان

دڵ بەڵا بێشێ بە زامت گەر بخوازم مەرهەمێ

ئادەمی لەو عالەمی خاکی پەیدا نابێ دەبێ

عالەمێکی دی دروست بکرێ و لە نوێ ئادەمێ

ناهێنێ گریانی حافز هیچ لە لای بەحری ئەوین

چونکە حەوت دەریا لە لای ئەو نانوێنێ شەونمێ

- ئەم بەیتەی حافز بەم خەتە جوانەوە سەلیقەی کێیە؟

ئیقبال پێکەنی و وتی:

غەزەلەکە جوانە، بەڵام ئەگەر وەسفی نوسینەکە بکەیت لە خۆم بایی ئەبم.

- ئەمە دەست و خەتی تۆیە، خۆشنوس بوویت و نەشمان زانیوە.

ئیقبال زەردەخەنەیەکی کرد.

Scanned by CamScanner

ئەمەو ئێوارە بوو، ئەوان لە ڕاڕەوێکدا ئەهاتن و ئەچوون کە پەنجەرەکانی ڕووەو دەریا بوون، ئیقبالْ دەرگای ژوورێکی کردەوەو چووە ژوورەوە، صەنەم لەدەم دەرگای ژوورەکەدا ڕاوەستا، پێدەچێ شتێکی مەرموز لەو ژوورەدا بووبێ کە صەنەمی لە چوونە ژوورەوە ڕاگرتبوو.

- بۆچی وەستاوی؟ وەرە ژورەوە...

صەنەم چووە ژوورەوە، ژوورێکی گەورە بوو وەکو هۆڵ، ژوورێکی تەواو جیاواز لە ژوورەکانی دی، سادە بەڵام جوان و ئارام بەخش بوو.

- ئێرە ژووری دایکمە.

صەنەم چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا، تووشی دڵە خورپە بوو ڕەنگی لە ڕوو بڕاو تەماشای ئیقباڵی کرد.

- مەترسە!... دایکم بەم زووانە ناگەڕێتەوە... کەمێك دانیشەو پشوویەك بدە زۆر ماندوم کردی وانییە؟!

صەنەم ئاماژەی کرد کە وانییە، پاشان چوو بەرەو پەنجەرەوە، ئیقبالْ دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە.

شتێك لە دەروونییەوە هەڵدەقوڵا، بەڵام دەربڕینی ئاسان نەبوو.

صەنەم هەستی بە نیگا سەنگینەکامی ئیقبالْ کرد، گەڕایەوە دواوەو ئیقباڵی بینی چاوەکانی تێبڕیوە، صەنەم گێژو سەرسام بوو کەمێکیش دڵە خورپەی بوو، هێشتا وای ئەزانی بەهزادو خەسرەو چاودێری ئەکەن، ئیقبالْ لە نزیك صەنەمەوە ڕاوەستا، پاڵی دا بە دیوارەکەوەو وتی:

- کە بیری لێدەکەمەوە ئەبینم من مرۆڤێکی سست و بێ ئیرادەم، تەنها نەخۆشی دەرونی دایکم منی لە پەل و پۆ خستووەو لە

کۆمەڵ دایبڕیووم، زانکۆم تەواو کردووەو لە بری ئەمەی سەرقاڵی ئیش و کار بم شەوو ڕۆژم بە خوێندنەوەو خۆشنوسییەوە دەبەمە سەر.

- خۆ کارێکی هەڵە ناکەیت.

صەنەم ئەم قسەیەی کردو دەستی لەسەر قەراغی پەنجەرەکە لادا.

- تۆ تووشی چەرمەسەری زۆر بوویت، ئەگەر من لەجێی تۆ بوومایە دیقم دەکرد یان شێت دەبووم، بەڵام تۆ زۆر دەرونت بەرزەو من ئافەرینت لێدەکەم.

صەنەم پێکەنی و بە ژوورەکەدا دەگەڕا.

ئیقباڵ ئاهێکی هەڵکێشاو بە ئارامی وتی:

- صەنەم! تۆ نابێت زەینت پەرێشان کەیت بە یادگارییەکانی ڕابردوتەوە، پێویستە بۆ داهاتوت بەرنامەت هەبێت و هەوڵ بۆ ئامانجەکانت بدەیت.

- هیچ کات نەمتوانیوە ئەوەی ویستومە ئەنجامی بدەم، لە دوای هەر کارەساتێك ڕوداوێکی تر چاوەڕوانم بوو، هیچ کات هەلم بۆ نەڕەخساوە هەوڵ بۆ ئامانجەکانم بدەم، هەر ئاوا لە دایك بووم... نازانم بە چ تاوانێك، بەڵام بەردەوام لە دەردو مەینەتیدا بووم... داخێك لە دڵمابوو بۆ ساتێکیش فرمێسکی لە چاوەکانم نەدەبڕی.

دەنگی دەلەرزی و فرمێسك دەباری بەسەر گۆناکانیدا ئیقباڵ لەبەرخۆیەوە وتی:

- خوا دەزانێت تۆ لە کاتی گریاندا ئەوەندە جوانیت، ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت چارەنوسێکی غەمگینی بۆ داناوی!

صەنەم نەیزانی ئیقبالٚ چی دەڵێت، تەنها گوێی لەو قسە بوو وتی:
- داوای لێبووردن دەکەم لەوەی بێتاقەتم کردی.
پاشان صەنەم وتی:
- تۆ لێرە خەریکی چیت ئیقبال؟!
دەنگی نەرم‌و ناسکی ئافرەتێك هات‌و پاش چەند چرکەیەك صەنەم ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندی بینی، ئافرەتەکە لاوازو پێستی گەنمی‌و جوان بوو، هەر چەندە مەراقێك ڕووخساری داگرتبوو.
ئیقبالٚ‌و صەنەم شڵەژان‌و سەیریان دەکرد، ئیقبالٚ ڕووی کردە صەنەم دەستی بە پەشۆکانی ئەو کرد، بە هێواشی وتی:
- باش نەکەوتەوە، دایکمە...
هەر لەم کاتەدا ئاغای شکوهی لەدەم دەرگای ژوورەکەدا دەرکەوت، بە بینینی ئیقبالٚ‌و صەنەم لە ژوورەکەی مەهشیددا ڕاچەنی، ڕووی کردە ئیقبالٚ‌و بە تووڕەیی وتی:
- هەموو شتێکت شێواند، من دایکتم لە باخ هێنایەوە تا لە ژوورەوە قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام ئێستا...
ئیقبالٚ هاتە پێشەوەو وتی:
- باوکە تاکەی دەتانەوێت حەقیقەت بشارێتەوە، پێویستە دایکم بزانێت ئەو کچەی ئێستا لەبەر دەمیدا وەستاوە کێیە!
صەنەم سەری داخست، ئاغای شکوهی بازووی هاوسەرەکەی گرت‌و دای نیشاند لەسەر قەنەفەکە، هەموویان دانیشتن‌و بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر ئەو ناوەدا.
شکوهی دواجار هاتە گۆ.
- مەهشید خانم با ئەو کچەت پێبناسێنم کە هاتووە بۆ دیدارت.
Scanned by CamScanner

مەمشید بە غەریبی لە صەنەم ورد دەبۆوە، ئاغای شكوهی وتی:

- تۆ ئەو دەناسیت، لەبەر ئەوەی باوەگەورەو دایەگەورەی ئەناسیت، لەبەر ئەوەی باوك‌و دایكیت خۆش دەویست.

مەمشید هەر تەماشای صەنەمی دەكرد، دەمی كردەوە، بەڵام هیچی نەوت، پاشان لەبەر خۆیەوە وتی:

- میهراوە!

ئاغای شكوهی ئاهێكی كێشاو وتی:

- نا، ئەو میهراوە نییە، بەڵام دەتوانیت لەجێی ئەو بێت، ئەو كچی سەعیدو پەروانەیە!

مەمشید وەكو ئەو منالانەی كە تازە فێری قسەكردن بوون فشاری خستە سەر زاكیرەی‌و وتی:

- پەروانە؟... سەعید؟

- بەڵێ... ئەوەی براكەت، ئیمانی... ژنەكەی... دەزانی؟

صەنەم هەستاو چووە لای پورە مەمشید دانیشت.

- پورێ گیان! منم... صەنەم... دایكم ئەیوت تۆ ئەم ناوەت لە من ناوە، من هاتووم ڕۆڵی میهراوە بۆ ئێوە ببینم‌و ئێوەش ببنە سەعیدو پەروانە بۆ من!

پورە مەمشید واق وڕماو تەماشای دەكرد، هەموو شتێك بە لایەوە چاوەڕواننەكراوو جێی باوەڕنەبوو.

- لە كوێن؟

- كێ پورێ گیان؟

- دایك‌و باوكت... دایەگەورە، باوەگەورەت، ئەوان لە كوێن، ئەگەر ڕاست دەكەیت بۆچی لەگەڵت نەهاتوون...

هەموتان منتان فەرامۆشکردووە.

هەموویان بێدەنگ بوون، هەموویان سەرسام لە یەکتریان دەڕوانی.

- قسە بکە ئیتر، ئەوان لە کوێن... بۆچی لەگەڵت نەهاتوون؟

- دێن پوریێ گیان ئەوانیش دێن... کەس ئێوەی لە بیر نەکردووە!

ئاغای شکوهی هەستاو وتی:

- صەنەم!... نابێ درۆ بکەیت... ڕاستییەکەی بڵێ... بڵێ کە...

ئیقبالێ قسەکەی بە باوکی بڕیو بەڕەقی وتی:

نا باوکە! ئێستا کاتی نییە!

ئاغای شکوهی چووە پشتەسەری مەهشید وەستاو وتی:

- ئیقبالێ با دایکت ڕاستییەکان بزانێت!

مەهشید حەپەساو دەستی کەوتە لەرزینو ڕەنگی لەڕوو بڕا.

- چی بووە؟! بۆچی ڕاستیم پێناڵێن؟!

- پێت دەڵێین ئەزیزم!... هەموو شتێکت پێدەڵێین... صەنەم هاتوەتە ئێرە، چونکە ئێمە تەنها کەسێك بووین ئەو توانیویەتی پەنامان بۆ بێنێ، پەروانە بەر لە مردنی وەسیەتی نوسیوەو ئەوی سپاردووە بە ئێمە.

مەهشید بەسەر سوڕمانەوە وتی:

- چیت وت؟!

- ئەزانی چۆن... صەنەم چارەنوسێکی ناسۆری تێپەڕاندووە، ئاغای ئیمانی واتە براکەت...

- قسەبکە من بەرگەی دەگرم.

- کەوابوو گوێ بگرە، مردن هەقەو پێویستە رازی بین بە ڕاستییەکان، براژنو براکەت، سەعیدو پەروانە، هەر چواریان...

مردوون و... صەنەم تەنیا ماوەتەوە.

مەهشید بە بیستنی ئەم قسەیە سەری گێژی خواردو پاشان تا توانی هاواری کرد:

- درۆیە... لەعنەتی! تۆ درۆ دەکەیت!

گشت گیانی کەوتە لەرزە، ڕوخساری سپی بوو وەکو گەچ، دەمی بە داچەقاوی مایەوەو چاوەکانی دەرپەڕین و لە ناوەڕاست ژوورەکەدا کەوت.

- ئاغای شکوهی ئەوی ڕاوەشاندو ئیقبالّ و صەنەم بە گریانەوە بەرەوڕووی چوون، مەهشید لە هۆش خۆی چوو بوو، لاشەی وشك بوو دڵی لە ترپە کەوت.

* * * * *

- ئاغای شکوهی! من چاوەڕوانی شتی وام لێنەکردی، تۆ ئەوەندە باس لە خۆشەویستی ئەو دەکەیت و دەڵێیت هێندەی گیانی خۆم خۆشم دەوێت، کەچی زەمینەی مردنی دەڕەخسێنیت! ئەگەر ئەو بمرێت یان هۆشی لە دەست بدات تۆ تاوانباریت!

- دکتۆر من... من لەدەست ئەم هەمووە بەردبارییە ماندوو بووم، پێویستە ئەویش بە ڕاستییە تاڵەکانی ژیانی ڕازی بێت.

ئەو بۆ کارەساتێك هەموو ژیانی کردە ماتەم، وەکو شێتی لێهاتبوو، لە نەخۆشخانە دەست بەسەریان کرد... حەزم نەکرد لەوێ بمێنێت و زیاتر شێت ببێت... لە گشت کەسوکارم دابڕیوەو هێناومەتە ئێرە... پەیوەندیم لەگەڵ هەموو کەسوکاردا بڕیوە... لەبەر ئەوەی ئەو نەیدەویست کەس ببینێ تەنانەت خێزانەکەشی بێبەش کرد لە دیداری

Scanned by CamScanner

خۆی... هەر ئەو ئاغای ئیمانییە... براکەی، ئەگەر بزانیت تووشی چ نارەحەتییەك بوو، چەند هەوڵی دا مەهشید ببینێ... بەڵام تۆ وتت نابێ کەس ببینێ‌و بیرەوەرییەکانی نوێ ببنەوە، من تەنها نیگەرانی تەندروستی نەخۆشەکەمم، نامەوێ تووشی هیچ ببێت، من دەزانم دکتۆر تۆ دەروون شیکاریت‌و مالی خۆتە لە خەمی ئەودا بیت، بەڵام بە دڵنیاییەوە من...

- ئاغای شکوهی ئەو بە بینینی کچێکی لاو کە خۆتان دەڵێن زۆر هاوشێوەی کچەکەتانە غافڵگیر دەبێت‌و پاشان بەبێ ئەوەی بواری بدەیت هەواڵی مردنی چوار کەس لە کەسە خۆشەویستەکانیت پێداوە، هاوسەرەکەت بە هیچ شێوەیەك ئامادەی قەبووڵکردنی ئەو ڕوداوەی نەبووەو زەینی تەشەنوجی کردووە...

- با لەسەر چووە نەچین دکتۆر!... ئێستا چارە چییە؟

پزیشکەکە کۆکەیەکی کردو وتی:

- بە دڵنیاییەوە هاوسەرەکەت گورزێکی کوشندەی خواردووە، جارێ دەرك بە هیچ شتێك ناکات، بەو فشارەی خراوەتە سەر دەرونی تا دوو سێ ڕۆژی تر هیچ کاردانەوەیەك نیشان نادات، بەڵام لە دوای ئەوە...

- دکتۆر مەعزیبێ‌و ڕەزای خوا فریام کەوە... من نامەوێ ئەو لە دەست بەم.

ئاوازی دەنگی غەمگین‌و بەمانا بوو.

- صەنەم لێرە بەرن... کاتێکیش هاوسەرەکەت بە هۆش هاتەوە دەربارەی قسەکانی ئێوە دوا... ئەبێ نکۆڵی لە هەمووی بکەن...

پێی بڵێن هەرگیز شتی وا نەبووە... پێویستە وای تێبگەیەنن کابووس بووەو ڕاستی نییە، ڕەنگە هەموو کوڕو کەڵەبەرێکی ئەم بینایە بگەڕێت و کاتێك صەنەمی ئەدۆزییەوە باوەڕ بکات و زۆر ناخایەنێت بارودۆخ دەگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی.

- بەڵام دکتۆر صەنەم جگە لە ئێمە کەسی تری نییە... ئەو بنێرین بۆ کوێ؟

پزیشکەکە سەرێکی ڕاوەشاندو جانتاکەی هەڵگرت، بەرەو دەرگا کەوتەڕێ، وتی:

- ئەگەر سەلامەتی هاوسەرەکەت بە لاتەوە گرنگە، ئەمە تەنها ڕێگە چارەیە، هەڵبەت ئەمەش لەسەدا سەد نییە.

* * * * *

# ١٢

- چۆن دڵت دێ باوکە؟ ئەو کچە پەنای بۆ ئێوە هێناوە!
- ئیقبالْ! بەسە ئیتر!

ئاغای شکوهی بە تووڕەییەوە ئەم وەڵامەی ئیقباڵی دایەوە، پاشان هەناسەیەکی قووڵی داو وتی:

- ئەم بڕیارەی من کاتییە... تا ئەو کاتەی بارودۆخ لەبار دەبێت.

ئیقباڵ ناڵەیەکی زۆر لە دەروونیا پەنگی دەخواردەوە، سەری هەڵبڕی و وتی:

- ئەی دەزانی بەم کارەت صەنەم لەناو دەبەیت، هەتا لە ژیاندا مابێ لە ئارامیدا ناژی و بەردەوام هەست بە بوودەڵی دەکات.
- ئیقبالْ؟!
- بەڵێ باوکە!
- تەماشای من بکە!

ئیقبالْ چاوی بەملاولادا دەسوڕاند، پڕکێشی ئەوەی نەکرد سەیری باوکی بکات.

- ئیقبالْ! من... من لام وایە ئەم هەموو نیگەرانی و پەرێشانییەت لە ڕووی دڵسۆزییەوە نییە، هەستدەکەم تۆ...بەرانبەر بە صەنەم

هەستێکی جیاوازت هەیە!

ئیقبالْ بەم قسەیەی باوکی ڕەنگی پەڕی‌و بە تەتەڵەوە وتی:

- وام بیر نەدەکردەوە... لەم قسانەی من... ئاوا... تێبگەن.

- ئیقبالْ بەپەلە چووە دەرەوە لەو ژوورەو کاتێك هاتەوە سەر خۆی لە لای کەنار دەریادا دەهات‌و دەچوو، تا دەمەو ئێوارە لەوێ مایەوە، کە دنیا تاریك داهات گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

*      *      *      *      *

- کچم! هەموو ئیشێکم بۆ جێبەجێ کردوویت، تا ماوەیەك لە پەروەرگە دەمێنیتەوەو بە دەست پێکردنی ساڵی نوێی خوێندن دەتنێرمە قوتابخانەی شەوان.

- دەنگی ئاغای شکوهی غەمی دەرونی ئاشکرا دەکرد، پاشان چووە دەرەوەو صەنەم سوپاسی کردو هەستی بە گۆڕانی بارودۆخی ئیقبالْ کردو لە ڕازی دڵی بە ئاگابوو.

- ئاغا ئیقبالْ! خواردن ئامادەیەو ئاغای شکوهی چاوەڕوانت دەکات.

ئیقبالْ وەڵامی خزمەتکارەکەی دایەوە کە ئیشتیهای نییە.

ئیقبالْ نەیدەزانی چی بکات‌و چی بڵێت؟ بەڵام حەزی دەکرد صەنەم ببینێ.

کاتێ تەقەی دا لە دەرگای ئەو ژوورەی صەنەمی تیابوو، وەڵامی نەداوە، خزمەتکارەکە هات‌و وتی:

- ئاغای شکوهی لەگەڵ صەنەم نان دەخۆن.

- بەڵام دایکم نابێت صەنەم...

Scanned by CamScanner

نوستووە.
- خەمت نەبێت، لە ژوورەکەی خۆی نوستووە.
- تەندروستی چۆنە.
- جاریٚ هەوڵی ئەوە دەدات باوەڕ بکات کابووسی بینیوە، بەڵام بڕواناکەم قەناعەت بکات!
ئیقبالٚ دەستی کرد بە گیرفانی پانتۆڵەکەیداو کەوتە گەڕان تا ماندوو بوو، پاشان چووە ژوورەکەی تا ناخۆشترین شەوی تەمەنی بباتە سەر.

*   *   *   *   *

خۆزگە هەر نەهاتیتایە صەنەم!... بەم جۆرە لە بەرژەوەندی هەموومان‌دا بوو!
صەنەم بەگریانەوە وتی:
- من خەجاڵەتم و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم هەڵەیەی کە کردم جگە لە...
- بەهەڵە تێمەگە صەنەم!... من... مەبەستم ئەمە بوو کە...
نەیدەتوانی هیچ بڵێت و بێدەنگ بوو.
ئاغای شکوهی جانتاکەی صەنەم کە خۆی بۆی ئامادە کردبوو خستیە ناو سندوقی سەیارەکەیەوە، دوانیوەڕۆیەکی دڵگیر بوو هەناسەدان بۆ ئیقبالٚ زۆر تاسێنەر بوو!
کاتیٚ صەنەمی بینی ئامادەی ڕۆشتنە گیانی کەوتە لەرزین و مەراق گەرووی گرت.
ئەو ترسەی هەیمەنەی کردبوو بە سەریدا ترسی لەدەستدانی صەنەم بوو، ترسی نەبینینەوەی ئەو... ئەیزانی ئەگەر صەنەم بچێتە پەروەرگا هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە، ئەو نەیدەویست کچێك لەدەست بدات کە لە ماوەیەکی کەمدا فێری وانەی ژیانی کردووەو عەشق و ئەوینی بە

دیاری پێداوە.

هێشتا هەر لەسەر قادرمەکان ڕاوەستابوو، تا دەهات ڕوخساری دەگۆڕا.

- چی بووە ئیقبالْ؟! حالْت باش نییە؟!

ئاغای شکوهی لێی نزیك بووەوەو بە نیگەرانییەوە وتی:

- کوڕم! ئیقبالْ!...

ئیقبالْ خێرا بە هەڵەداوان لەبەر چاوی باوکی و صەنەم ون بوو چووە ڕاڕەوەکەوەو لەوێشەوە بەرەو نهۆمی سەرەوە بەڕێکەوت، ئاغای شکوهی و صەنەم بە سەرسامییەوە لە یەکیان ڕوانی و بە بیستنی دەنگی ئیقبالْ هەردووکیان بەپەلە چوونە ناو بالاخانەکەوە، بەلام صەنەم لەسەر قادرمەکان ڕاوەستاو ئاغای شکوهی خۆی گەیاندە ژوورەکەی مەهشید.

مەهشید پالْی دابووەوە بە کورسی لای پەنجەرەکەوەو تەماشای دەریای دەکرد، ئاغای شکوهی ئیقبالْی بینی لە لای ئەو وەستاوەو قسە دەکات:

- دایکە! هەموویان خەریکن ئەتخەلەتێنن، بەلام من ئەمەوێ ڕاستییەکانت پێبلێم، ڕەنگە تالْ بێت، بەلام هەرچی بێت ڕاستییەو پێویستە پێی ڕازی بیت.

مەهشید واق وڕماو سەیری ئیقبالْی دەکردو ئاغای شکوهی لەدەم دەرگاکەدا وەستابوو نەیدەزانی چی بکات.

ئیقبالْ چۆکی دادا لەبەردەم دایکیداو دەستی گوشی و بەردەوام بوو:

- ئەو کچەی ئێستا دەینێرن بۆ پەروەرگا نەوەی براکەتە، کچی

پەروانەو سەعیدە دایكە! هەمووان پێت دەڵێن ئەوەی ڕابردوو كابووس بووە، بەڵام ڕاستەقینەیە! نەیەڵیت كچێك كە پەنای بۆ ئێوە هێناوە ببێتە قوربانی هەستەكانتان، ببێتە قوربانی خۆویستی ئێمە! دایكە وەرەو ئەو ببینە، دەستی لێبدە، كاتێ بوونی ئەوت هەست پێكرد ئەزانیت هەموو ڕووداوەكان ڕاستییە!

ئیقبال سەری خستە سەر ئەژنۆكانی دایكی و بە ئارامی گریا.

ئاغای شكوهی هاتە پێشەوەو هەردوو واق وڕماو لە یەكیان دەڕوانی، صەنەم كچێكی جوان و غەمگین و تەنها لەسەر قادرمەكان دەگریا، دەستیاندا لە شانی و سەری هەڵبڕی و ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە، حەپەسا! تەماشای چاوە فرمێسكاوییەكانی مەهشیدی دەكرد.

شكوهی و ئیقبال تووشی دڵەخورپەیەكی زۆر بوو بوون و سەیری مەهشیدیان دەكرد، مەهشید دەستی برد بۆ گۆناكانی صەنەم و لەمسی كرد، پاشان لێی نزیك بووەوە، صەنەم خۆی فڕەدایە باوەشیەوەو بە دەنگی بەرز گریا، مەهشیدیش گریا و باوەشی كرد بە صەنەمداو بە خەمبارییەوە وتی:

- مەگری ئەزیزم!... مەگری، میهراوەی من!

ئاغای شكوهی هاتە پێش و وتی:

- دووبارە هەڵە مەكە مەهشید، ئەو میهراوە نییە، میهراوە لای ئێمە تەنها یادگارییەكەو بەس، بەڵام صەنەم دەتوانێ جێگای خاڵیی میهراوە پڕكاتەوە.

پاشان بە لاچاو سەیری ئیقباڵی كردو وتی:

- ئەبێت ئەو ببێتە بووكی ئەمماڵەو بە جوانییەكەی ماڵەكە

ڕووناك بکاتەوەو گڕوتین بدات پێمان.

بە بیستنی ئەم قسەیە صەنەم خۆی لە باوەشی مەهشید دەرکێشا، شەرم ڕوخساری داگرت، چاوێکی گێڕا بە ئیقبالْدا، کاتێ زەردەخەنەو تەمنای لە ڕوخساری ئیقبالْدا بینی، هەناسەیەکی داو دووبارە خۆی خستەوە باوەشی مەهشید.

## کۆتایی

Scanned by CamScanner